# با ژیانی خێزانیمان بپارێزین!

ئامادەکردنی

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٢٠٢٢ز ــ ١٤٤٤ك

**بابەت: با ژیانی خێزانیمان بپارێزین!**

**نووسەر:** یاسین ئەحمەد زەنگەنە.

**دیزاینی ناوەوە:** رزگار نایب محمد

**دیزاینی بەرگ:** رەوشت محمد.

**چاپخانە:**

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە - چاپی یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٧٣) ساڵی ٢٠٢٢ز پێدراوە.

..........................................................................

**ئەم کتێبە بەسپۆنسەری برای بەڕێز**

**کاك ساسان عوسمان مەلا قادر سەڕاف ناسراو بە ( باوکی سەروەر) چاپکراوە، خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە، هەوڵەکانی مایەی ڕێزو سوپاس و پێزانینە.**

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٩ لە شاری ئیستەنبوڵ لەگەڵ بەڕێز د. محمد سینەمۆکی بەشداری خولێکی خێزانیمان کرد کە لەچوار حەقیبەی راهێنان پێکهاتبوو سەبارەت بە پرسە خێزانییەکان بە ناونیشانی( خێزانی ئاسوودە، هونەری چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان، چاکسازی خێزانی، رابەری خێزانی)، ئەو زانیارییانەی لە میانەی خولەکەوە فێر بووین و ئەو سەرچاوانەی بەدەستمان هێنا بیرۆکەی زنجیرەیەك کاروو چالاکی لە بواری هوشیاری خێزانیدا لا درووست کردم، سەرەتا ئەو چوار حەقیبەیەی فێری بووین بەهەمووارکردن و گونجاندنی لەگەڵ ژینگەو واقعی کوردستان لە چەندو شارو شارۆچکەیەك پێشکەشم کرد.

لە شەوانی رەمەزانی ساڵی ٢٠١٩ زنجیرە باسێکی راستەوخۆم لەپەیجی دەزگای خانەی بەیان پێشکەش کرد سەبارەت بەژیانی خێزانی.

دواتر توێژینەوەیەکم ئامادە کرد بۆ کۆنفرانسی هاوبەشی نێوان زانکۆی گەرمیان و ئینیستتیوتی ژیار بۆ پەروەردەو گەشەپێدان و کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك و توێژینەوەکەم لە کۆنفرانسەکەدا لە ٢٠١٩/١٠/٣١ لە شاری کەلار پێشکەش کرد، دواتر بۆ رادیۆی روناکی لەهەولێر دوازدە ئەڵقەم تۆمار کرد سەبارەت بەچەند پرسێکی خێزانی.

زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە لە مانگی ٣ ـ ٤/ ٢٠٢٠ لەکاتی کەرەنتینەی پەتای کۆرۆنادا ئامادەکراوەو نووسراوەتەوە، چەند ئەڵقەو بەشێکی تریشی دواتر یان پێشتر نووسراوە.

هەر لەسەرهەمان ریتم کتێبێکی ترمان ئامادە کردوو لەمانگی تەمموزی ٢٠٢٢ز کەوتە بەردیدی خوێنەران بەناوی: **بۆ ئەوەی لەژیانی خێزانیدا ئاسوودەو سەرکەوتووبیت!**

لە راستیدا هەموو ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن عەوداڵی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خێزانین، کاتێك دەچنە نێو ژیانی خێزانییەوە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەی گەورەیان هەیەو، بەدووی بەختەوەری و دڵنیایی و ئارامیدا دەگەڕێن، بەڵام بەخێرایی زۆرجار خەونەکان دەبن بەکابوس و هیواکان دەبنە ئێش و ئازارو برینی بەسۆ.

ئەمڕۆ کێشەو گرفتە خێزانییەکان لەهەڵکشانێکی مەترسیداردایە، و رێژەی جیابوونەوە لەئاستێکی بەرزدایە، بۆیە بابەتی هوشیاری خێزانی بە میکانیزمی سەردەم پێویستییەکی هەنووکەییە، تا لە سۆنگەیەوە رێ لەو قەیران و کارەساتە خێزانییانە بگیرێت، کەکاریگەری نەرێنی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە درووست کردووە، و هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئایندەی وڵاتەکەمان.

لە میانەی راستییەکانی سەرەوە، ئامانجمان لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە دوای رەزامەندی پەروەردگاری کاربەجێ، بریتییە لەکارکردنمان لەسەر پرۆسەی هوشیاری خێزانی، و هەوڵدان بۆگۆڕینی کێشەو ئازارو ناڕەحەتییە خێزانییەکان بۆ هیواو ئاوات وشادومانی.

لەکتێبەکـەدا چەنـدین تـەوەری تیـۆری وکـرداری و زۆربـەی پرسە خێزانییەکانمان بەکورتی تاوتوێ کردووە، بڕگە و زانیاری و ئاراسـتە وئامۆژگارییـەکانی نێـو کتێبەکـە چڕوپـڕو فـرە رەهەنـدە، تـاخوێنەر بتوانێـت بـە سـانایی سـوودی باشـی لـێ وەربگرێـت، هـەروەها بۆبـەرچاوڕوونی وئاشـناکردنی گـەنجان و لاوانمانـە بـەوردو درشـتی پرۆسـەی هاوسـەرگیری و پاراسـتنی ئامـانج ومەبەست و پایەکانی ژیانی خێزانی، هەروەها دەکرێـت دایبابەکـان لێی بەهرەمەندبن بۆ پێگەیاندنی کوڕو کچەکانیان.
هەربۆیە ناونیشانی کتێبەکەمان کرد بە: ( با ژیانی خێزانیمـان بپارێزین!).

کتێبەکەمان دابەشکردووە بۆ ( ٢٥ ) بەش، بەشێوازێك ئامادەمان کـردووە دەکرێـت سـوود لەبەشـەکانی ببینرێـت بۆوتنـەوەی وانە پەروەردەییەکانی بواری خێزانی، یان کۆڕو سیمیناری خێزانی.

لە میـانەی باسـەکانی کتێـبەکەدا بـۆ هەر بـڕگەو بابەتێـك بەپێـی پێویسـت ئاماژەمـان بە دەقەکـانی قورئـانی پیـرۆزو فەرمـوودەی سـەروەرمان(ﷺ)و وتەی زانایـان داوە، بـۆ سـەلماندن و دەوڵەمەنـد کردنی باسەکان .

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٢٠٢٢/٩/ ٢٢

٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢

٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧

# بەشی یەکەم

## گرنگی خێزان لەئیسلامدا

خێـزان یەکـەی بنچینـەیی یـان سـەرەکییە لـەبینای کۆمەڵگـەدا، ئەڵقەیەکی گرنگە لەئەڵقەکانی ڕێکخستنی مرۆڤایەتیدا، هیچ یەکەیـەکی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایـەتی ناگاتـە ئاستی یەکـەی خێـزان، کۆمەڵگـەش لەکۆمـەڵێك خیـزان کەپابەنـدن پێکـەوە پێکـدێت، هێـزو توانـای هەرکۆمەڵگەیەك یـان لاوازی و داڕوخـانی، بـە ئەنـدازەی تۆکمـەیی و دامەزراوی خێزانەکان دەپێورێت، لەکۆمەڵگەی مسـوڵمان نشـیندا هێـزو تواناو دامەزراوی و تۆکمـەیی خێـزان بەنـدە بەئەنـدازەی پابەنـدییان بـە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

شـەریعەتی ئیسـلام لە میـانەی دەقەکـانی قورئـان و فەرمـوودەوە، بـایەخی تـایبەتی بە پرسـی خێـزان داوە و ئامـانج و مەبەسـتەکانی پێکهێنـانی ژیـانی خێزانـی ڕوونکردۆتـەوە، سـەرەڕای هێڵە گشـتییەکان بەشێك لە وردەکارییەکانیشیخستۆتە ڕوو.

هەر لەم سۆنگەوە لەمیانەی چەند خاڵێکدا ئاماژە بـەگرنگی پێگـەی خێزان دەکەین لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا:

١-بەدەمەوە چوونی پێویستییە فیتـری و مرۆییـەکان، کـە گونجـاوو شـیاوە لەگـەڵ سرووشـتی ژیـانی مـرۆڤ وەك: تێرکردنـی ئارەزووە فیترییەکان کەمەیلێکی خۆماکییە،ومرۆڤ حەز دەکـات وەچـەو نـەوەی هـەبێت، و تێرکردنـی پێوسـتییە سێکسـییەکانی هـەردوو ڕەگـەزوتێرکردنی پێداویسـتییەکانی لاشـەو خواسـتە دەروونی و ڕوحی و سۆزدارییەکان.

بـۆتێرکردنی هـەر حـەزوو ئارەزوویـەکی مرۆیـی کـەناڵێکی خـاوێن و درووست و تەندرووست هەیە بۆ تێرکردنـی، چوونکـە ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام لەگـەڵ ڕێگریکـردن و قەدەغـەکردنی حـەزوو ئـارەزووە فیترییـەکان نییـە، بـەڵکو لەگـەڵ ڕێکخسـتن و شـیاندنێتی، بـۆتێرکردنی حـەزوو ئـارەزووە سێکسـییەکان کەمـەیلێکی خواڕسـکە پرۆسـەی هاوسەرگیری کەناڵێکی خاوێن و درووستە.

هەروەها هاوسەرگیری ڕێکخستنی پەیوەندییە لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرومێ، قەدەغەکردنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی ناشەرعی و حەرام لەدەرەوەی بازنەی خێزان.ئاینی پیرۆزی ئیسلام هۆشداری داوە لەبەرەڵایی و لادان و هەموو ئەوکارو کردەوانـەی کەسـەر لەحـەرام و خراپـەوە دەردەکـەن،پاکڕاگرتنی کۆمەڵگـەو داخسـتنی هـەموو ئـەو دەروازانـەی کەسـەر لـە حـەرام و تـاوان و داوێـن پیسـی و تێکـدانی شیرازەی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەن.

٢-دابینکردنـی واتـا کۆمەڵایەتییـەکان کەتـەنها لەمیانـەی خێزانـەوە فەراهـەم دێـت، وەك پاراسـتنی نەسـەب و وەچـەو پاراسـتنی کۆمەڵگـە لـە ئافـات و تیـاچوون و نەخۆشـییە دەروونـی و لاشەییەکان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی.

بۆیـە ڕێسـا شـەرعییەکان خێـزان دەپارێزێـت لـەلادان و تێکـەڵاوی بـێ دیسپلین و تەماشاکردنی نامەحرەم.

٣- ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێساورەوشت و سیفات و ئاکاری جوان و چاك لە نێو تاك و کۆمەڵگـەدا دەڕوێنـێ تـاخێزان تۆکمـەو یـەکگرتوو دامەزراوبێت:

أ- بنچینەی درووست بوون یەکەو لەیەك سەرچاوەوە هاتووە:

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾[1]، بەواتای: ئەی خەڵکینە ! لە خوا بترسن و پابەندبن بەفەرمانەکانییەوە، کەئەو ئێوەی لەتاکە کەسێك (ئادەم ) علیه السلام درووست کردو هەر لەو تاکە کەسەش هاوسەرەکەشی (حەوا) درووستکرد، لەو دووکەسەش پیاوانێکی زۆرو ئافرەتانێکی زۆری بەدنیادا بڵاو کردەوە، لەگەڵ جیاوازی رەنگ وزمان و لێهاتوویی و لێوەشاوەییان، لەو خوایە بترسن کەبەناوی ئەو یەکتری سوێند دەدەن و لەیەکتر بەناوی ئەو داوا دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن: لەبەر خوا ئەو کارەم بۆ بکە، ئەو شتەم بدەریّ، هەروەها خۆشتان لەمافی خزمایەتی بپارێزن و پشت لەیەکتر نەکەن، وهاوکاری یەك بن و لەکاتی بوون و نەبوون بەدەم یەکەوە بن، بێگومان خوا بەوردیی و هەمیشەیی ئاگادارو چاودێرە بەسەرتانەوە، دەزانێ ئەرکی سەرشانتان ئەنجام دەدەن یان نا.

﴿ وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴾ [2] ، بەواتای: هەر ئەویشە کە هەموو ئێوەی لەتەنیا کەسێك ( ئادەم)ی بابتان درووستکرد، ئەوسا لەمناڵدانی دایکتاناو، لەپشتی بابتانا مەحکەم دایمەزراندن، بەراستی ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ خەڵکانێك کە لەراستییەکان تێبگەن روونده‌کەینەوە.

ب – خێزان خۆشەویستی کرداری و بەزەیی فەراهەم دێنیّ بۆ تاك و خێزان ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ [3] ، بەواتای: لە نیشانەکانی بوون و دەسەڵاتی خوا، ئەوەیە کە لەڕەگەزی خۆتان

[1] سورەتی النساء ١
[2] سورەتی الانعام ٩٨
[3] سورەتی الروم ٢١

ئادەمیزاد هاوسەری بۆ درووستکردن، تا لە پاڵیاندا بحەسێنەوە، و خۆشەویستیی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانتان بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە باری گرانی ژیان هەڵگرن و درێژە بەژیان بدەن، بێگومان ئا لەوەدا گەلێ بەڵگەو نیشانە هەیە بۆ کەسانێ بەوردی تێفکرێن و، بەجوانی بیری لێبکەنەوە.

بۆیە یەکێك لەمەبەستەکانی هاوسەرگیری سوکناییە، چونکە پیاو کەم و کورتی سۆزداری خۆی بەخێزانەکەی پڕ دەکاتەوە، و ژنیش کەم و کورتی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی خۆی بەمێردەکەی پڕ دەکاتەوە، هەردووك کەم و کورتی یەکتر پڕ دەکەنەوە، و بەم شێوەیە تەواوکاری درووست دەبێت، ئارامی خێزانی بەبێ سوکنایی نایەتەدی بۆ بەدیهاتنی سوکنایی خوای گەورە خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی داناوە لەنێوان هاوسەراندا.

خێزان مایەی سوکنایی و خۆشەویستی و سۆزوو بەزەییە لەنێوان هاوسەراندا، لەسایەی خێزاندا منداڵان خۆشنوودی و حەسانەوەی راستەقینە و چێژ لە سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی دەبینن، هەر لەمنداڵییانەوە لەسایەی خێزاندا پەروەردە دەبن، و کەگەورەش بوون لەگەڵ دایك وباوکیاندا چاك دەبن و رێزیان دەگرن وخزمەتیان دەکەن و بەدەمیانەوەدەبن.

ج- خێزان لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی و هاوسەنگی لەئەرك و مافەکان لەنێوان ئەندامەکانیدا دادەمەزرێت.

د- خێزان لەسەر بنەماو رێسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدان لەنێوان ئەندامەکانیدا درووست دەبێت، هەربۆیە حوکمەکانی نەفەقەو میرات و وەسیەت دارێژراون.

ئامانج و مەبەستێکی تری پێکهێنانی خێزان پاراستنی دینداری و خواپەرستییە، بۆیە کاتێك کوڕان و کچان کەسانی دیندارو بەرەوشت هەڵبژێرن دەستییان بەخێردا دەچێت، هەر بۆیە خێزانی چاك وەك گڵی چاك وایە، ئەگەر گڵ چاك بوو ئەوا ئەو رووەکەکەشی لێی سەوز دەبێت چاك دەبێت، ئەگەر گڵەکە خراپ بوو ئەوا رووەکەکەی خراپ دەبێت.

هەر لەبەر گرنگی و پایەی خێزانە قورئانی پیرۆز بەدرێژی باسی لە حوکمی هاوسەرگیری و خێزان و وابەستەکانی کردووە، لەمیانەی (١٤٦) ئایەتی قورئانی پیرۆزدا، کەکۆی پرۆسەی هاوسەرگیریلەخۆدەگرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرگرنگی ژیانی خێزانی لە دیدی ئیسلامدا، ئەمەو جگە لەدەیان و بگرە سەدان فەرموودەی سەروەرمان باسی گرنگی خێزان دەکات لە هەموو سۆنگەیەکەوە.

هەروەها پێنج یەکی بابەتە فیقهییەکان باس لە حوکمەکانی خێزان دەکات لە( خواستن، هاوسەرگیری، مافەکانی ژن و مێرد، حوکمەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان، حوکمەکانی دارایی و خەرجییەکان ...).

بەکورتی و پوختی هاوسەرگیری تەنها پەیوەندییەکی لاشەیی یان سەودایەکی بازرگانی، پێداویستییەکی کاتی نییە، بەڵکو هاوسەرگیری پەیوەندییەکی مرۆڤانەی بەردەوامە ، دوو مرۆڤ بەیەك دەگەن ولەڕووی دەروونی و لاشەیی ... هاوسەرگیری هاوبەشییەکە دەکرێت بڵێین وەك دامەزراندنی کۆمپانیایەکە لەنێوان دوو رەگەزدا، سەرمایەی ئەم کۆمپانیا هاوبەشە رێزو خۆشەویستی و وەفاداری و چاودێری و پاراستن و پاکیزەیی و راستگۆیی و متمانەیە، ئامانجی ئەم کۆمپانیایە سوکنایی دەروونی و ئارامی سۆزداری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانی و کۆمەڵایەتییە کەشەریعەت دایڕشتووە، درووشمی کۆمپانیاکە بریتییە لە یارمەتی و هاوکاری لەپێناو پەروەردەیەکی درووست و کارکردن بۆ خێرو چاکەی دنیاو رۆژی دوایی.

# بەشی دووەم

## پاداشتەکانی پێکهێنانی ژیانی خێزانی

ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاداشتی گەورەی بۆ هاوژین دارەکان داناوە، کۆڵێ کاری خێرو چاکە هەیە تەنها هاوسەردارەکان دەتوانن بەدەستی بێنن، کچان و کوڕانی عازەب و ڕەبەن لێی بێ بەشن. پێویستە گەنجان بزانن هەرچەند پێکهێنانی ژیانی خێزانی بەربەست و ناڕەحەتی زۆری تێدا بێت، بەڵام بەویستی خوا پاداشت و خێرێکی زۆریان دەست دەکەوێت.

لێرەدا ئاماژە بەچەند پاداشتێك دەدەین و بەکورتی روونی دەکەینەوە:

**یەکەم:پاداشتی بەخێوکردن وخەرجی کێشانی ماڵ و منداڵ.**

ئەم پاداشتەتەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەخاوەن ماڵ و ژنن، پێغەمبەری سەروەرمان(ﷺ)لەم بارەیەوە فەرموویەتی: (دينارٌ أنفقْتَهُ في سبيلِ اللهِ ، وديناٌر أنفقتَهُ في رقَبَةٍ ، و دينارٌ تصدقْتَ بِهِ على مسكينٍ ، ودينارٌ أنفقتَهُ على أهلِكَ ، أعظمُهما أجرًا الذي أنفقْتَهُ على أهلِكَ) [1] .
ئەوەی بۆ خێزان و منداڵەکانتی خەرج دەکەیت ئەرکو واجبی سەرشانتە، پاداشتی زیاترە لەوەی لە پێناوی خوادا خەرجی دەکەیت، لەکاتێکدا جیهاد بە ماڵ وسامان سەبارەت بەکەسەکە سوننەت بێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (إِذَا أَنْفَقَ الرَّجُلُ علَى أَهْلِهِ يَحْتَسِبُهَا فَهو له صَدَقَةٌ) [2].

---

[1] اخرجه مسلم
[2] اخرجه البخاري برقم ٥٥.

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: (إنَّ المُسْلِمَ إذا أنْفَقَ علَـى أهْلِـهِ نَفَقَـةً، وهـو يَحْتَسِبُها، كانَتْ له صَدَقَةً) [1].

بەواتای: ئەگەر مسوڵمان خەرجییەکی بۆ خانەوادەکەی کرد، و بەتەمای رەزامەندی و پاداشتی خوا بێت، بۆی دەبێتە صەدەقە.

گەر بەوردی لە مانـای ئەم دەسـتەواژانە تێفکـرین کاتێـك پێداویسـتی و خەرجی مـاڵ و منـداڵ دابـین دەکـەین، ئەوا پاداشـتمان بە ویسـتی خـوا دەست دەکەوێت، ئەوا بیـر لە بچڕانـی پەیوەنـدی خێزانـی ناکەینـەوە کە پەروەردگـاری کـاربەجێ نـاوی لێنـاوە ( میثاقـاً غليظـاً) [2]. گـوێ نـاداتە هەندێ هەڵسوکەوت ورەفتـاری خێـزانەکەی کەبەدڵـی نییەو لێـی رازی نییە.

هەروەهـا خانمـانیش پاداشـتی گەورەیـان هەیە کە منـداڵەکانیان بەخێـو دەکەن و بە جـوانی پەروەردەیـان دەکەن و ئەرکـی مـاڵەوە لە ئەسـتۆ دەگرن وخێزانەکەیان دەپارێزن.

**دووەم: پاداشـــــتی شـــــوێنکەوتن و جێبەجێکردنـــــی ســـــوننەتی پێغەمبەر(ﷺ).**

هەرکەسێك پشت لە پێکهێنانی ژیانی هاوسـەرگیری بکـاتەوە، بەبـێ هۆ ئەوە کارەکەی پێچەوانەی سوننەتە، ئەوەشـی هەوڵـی پێکهێنـانی ژیـانی خێزانــی بــدات، شــوێنکەوتەی ســونەتی پێغەمــبەرەو لەســەر رێبــازە پیرۆزەکەیەتی.

[1] اخرجه مسلم برقم ١٠٠٢
[2] سورة النساء ١٥٤

لەم سۆنگەوە ئەنەسی کوڕی مالیك خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی: (جاءَثَلاثَة رهْط إِلَى بُيُوتِ أَزْواجِ النَّبِيِّ(ﷺ)يسْأَلُونَ عنْ عِبَادَهِ النَّبِيِّ(ﷺ)، فَلَمَّا أُخبِروا كأَنَّهُمْ تَقَالُّوها وقالُوا: أَين نَحْنُ مِنْ النَّبِيِّ(ﷺ) قَدْ غُفِر لَهُ مَا تَقَدَّم مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ. قالَ أَحَدُهُمْ: أَمَّا أَنَا فأُصلِّي اللَّيلَ أَبداً، وَقالَ الآخَرُ: وَأَنا أَصُومُ الدَّهْرَ أَبَداً وَلا أُفْطرُ، وقال الآخرُ: وأَنا اعْتَزِلُ النِّساءَ فَلا أَتَزوَّجُ أَبداً، فَجاءَ رسولُ الله (ﷺ) إِلَيْهِمْ فَقَال:" أنتم الَّذي قُلْتُم كذا وكذا ؟ أمَا واللهِ إنِّي لأخشاكم للهِ وأتقاكم له لكنِّي أصومُ وأُفطِرُ وأُصلِّي وأرقُدُ وأتزوَّجُ النِّساءَ فمَن رغِب عن سنَّتي فليس منِّي). [1]

بە واتای: سێکەس هاتن بۆ ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، پرسیاری عیبادەتی پێغەمبەریان دەکرد، کاتێك هەواڵیان پێدرا دەبارەی عیبادەتی پێغەمبەری خوا، وەك ئەوەی بەکەم تەماشای بکەن، بۆیە وتیان: ئێمە لەکوێی پێغەمبەرین ؟ خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشین و پاشینی خۆش بووە، یەکێکیان وتی: من بەردەوام بەشەو نوێژ دەکەم، یەکێکی تریان وتی: من هەموو ڕۆژێ بە ڕۆژوو دەبم ونایشکێنم، ئەوەی سێیەمیان وتی: من واز لە ئافرەتان دێنم و هەرگیز هاوسەرگیری ناکەم. پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و فەرمووی: ئێوە بوون واو واتان وتووە: سوێند بەخوا من لە ئێوە زیاتر لەخوا دەترسم و خواپەرستی زیاتر دەکەم، بەڵام بەڕۆژو دەبم و دەیشکێنم و نوێژ دەکەم و ڕادەکشێم و هاوسەرگیریش دەکەم، هەرکەس پشت لە سوونەتی من بکات لەمن نییە.

## سێیەم: پاداشتی یارمەتیدانی یەکتری بۆ خواپەرستی.

لەوانەیە ئەوانەی هاوسەریان نییە یارمەتی هاوڕێ و دۆست و دراوسێ و ناسیاویان بدەن بۆ خواپەرستی بەڵام خێزانێکیان نییە یارمەتییان

[1] متفق علیه.

بدات، بەڵام کەژنیان هێنا ئەم پلەو پایە دەیانگرێتەوە، بەهەمان تەرز بۆ خانمانیش هەروایە.

پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) فەرموویەتی :(رحِمَ اللَّهُ رجلًا قامَ منَ اللَّيلِ فصلَّى وأيقظَ امرأتَهُ فصلَّت فإن أبَت نضحَ في وجهِها الماءَ رحِمَ اللَّهُ امرأةً قامَت منَ اللَّيلِ فَصلَّت وأيقَظَت زَوجَها فإن أبَى نضَحَت في وجهِهِ الماءَ)[1] هەریەك لە ئێمە دەخوازێت برایەکی یان پیاو چاکێك بە پەنهانی نزای خێری بۆ بکات، بەڵام ئەوەتا پێغەمبەری خوا دوعاو نزا بۆ ژن و مێردێك دەکات یەکتری هەستێنن لەخەو بە مەبەستی نوێژو خواپەرستی دەبا خۆمان بێ بەش نەکەین لەم نزایەی سەروەرمان.

## چوارەم: پاداشتی پەروەردەکردنی منداڵ.

ئەم خێرو پاداشتە مەزنە تەنها ئەوکەسانە دەگرێتەوە کەژیانی هاوسەری پێك دێنن و رەبەنەکان لێی بێ بەشن، چەندین فەرموودەی سەروەرمان هەیە لەم بارەیەوە لێرەدا ئاماژە بە دوو فەرموودە دەدەین:

پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: (عن جابر رضى الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (من كان له ثلاث بنات يؤويهن ويرحمهن ويكفلهن، وجبت له الجنة البتة) قيل يا رسول الله فإن كانتا اثنتين؟ قال: (وإن كانتا اثنتين) قال: فرأى بعض القوم أن لو قال: واحدة لقال واحدة) [2].

---

[1] أخرجه أبو داود (١٤٥٠) عن أبي هريرة واللفظ له، والنسائي (١٦١٠)، وابن ماجة (١٣٣٦)، وأحمد( ٧٤٠٤) وقال الألباني في صحيح أبي داود حديث حسن صحيح.

[2] أخرجه أحمد، والطبراني في الأوسط، وزاد: ويزوجهن، وصححه الألباني رحمه الله، وقال صحيح لغيره.

بەواتای: هەرکەسێك سێ کچی هەبێت و بە خێویان بکات و بەسۆزو بەزەیی بێت بۆیان، خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە، وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر دوو کچ بوو، وتی: ئەگەر دوانیش بێت، وتی: هەندێك وایان دەبینی ئەگەر بیان وتایە یەك کچ، پێغەمبەری خوا ﷺ, دەیفەرموو یەك کچیش.

هەروەها فەرموویەتی :عن عقبة بن عامر رضى الله عنه قال سمعت رسول الله (ﷺ)يقول: (.مَن كانَ لَهُ ثلاثُ بَناتٍ فصبرَ عليهنَّ، وأطعمَهُنَّ، وسقاهنَّ، وَكَساهنَّ مِن جِدَتِهِ كنَّ لَهُ حجابًا منَ النَّارِ يومَ القيامَةِ ) [1].

بەواتای: هەرکەسێك سێ کچی هەبێت، ئارامییان لەسەر بگرێت وخواردن و خواردنەوەو پۆشاکیان بۆ دابین بکات بەپێی توانای خۆی، ئەو کچانە بۆی دەبن بە قەڵغان لە ئاگری دۆزەخ.

**پێنجەم: پاداشتی مردنی منداڵ لە ژیانی دایبابدا یان لە ژیانی یەکێکیاندا.**

ژنانی شاری مەدینە بە پێغەمبەری خوایان(ﷺ) وت: رۆژێکمان بۆ دیاری بکە بۆ ئامۆژگاری پێغەمبەریش وادەی رۆژێکی پێدان وئامۆژگاریکردن و فەرمانی پێکردن و فەرمووی: عن أبي سعيدٍ الخُدريِّ - رضي الله عنه - قال: (قالتِ النِّسَاءُ للنبيِّ (ﷺ): غَلَبَنَا عَلَيْكَ الرِّجَالُ، فَاجْعَلْ لَنَا يَوْمًا مِن نَفْسِكَ، فَوَعَدَهُنَّ يَوْمًا لَقِيَهُنَّ فِيهِ، فَوَعَظَهُنَّ وأَمَرَهُنَّ، فَكانَ فِيما قَالَ لهنَّ: ما مِنْكُنَّ امْرَأَةٌ تُقَدِّمُ ثَلَاثَةً مِن ولَدِهَا، إلَّا

[1] أخرجه ابن ماجه (٣٦٦٩) عن عقبة بن عامر، واللفظ له، وأحمد (١٧٤٠٣) ، وقال الألباني في صحيح ابن ماجه حديث صحيح.

كـانَ لَهَـا حِجَابًـا مِـنَ النَّــارِ فَقالــتِ امْـرَأَةٌ: واثْنَتَـيْنِ؟ فَقَـالَ: واثْنَتَـيْنِ) [1].
بەواتای: ئافرەتان بە پێغەمبەری خـوا یـان(ﷺ) وت: پیـاوان بوارمـان نــادەن و كاتمــان بـۆ نــاهێڵنەوە تــا بێینــە خزمــەتت و فێرمــان بكەیــت، ڕۆژێكمــان بـۆ تەرخــان بـكە، پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) وادەی پێـدان و ڕۆژێكی بۆ تەرخان كردن بۆ ئامۆژگـاریكردن وفەرمـانی پێكـردن، لەو شـتانەی كەپێـی وتـن:( هەر ئافرەتێـك سـێ منـداڵی كـوڕ بێـت یـان كـچ بەگەورەیی یان بە بچووكی بمرێـت، بـۆی دەبـن بە پـارێزەر لە ئـاگری دۆزەخ) ئافرەتێك وتی: دوو منداڵیش، فەرمووی دوانیش.

**شەشەم: پاداشتی ئافرەت لە گوێڕایەڵی كردنی مێردەكەیدا.**

ژنــان پاداشــتی گەورەیــان هەیە كاتێــك گــوێڕایەڵی مێردەكەیــان دەبــن، پێغەمـبەری سـەروەرمان لەم بـارەوە فەرمـوویەتی: ( إذا صـلَّتِ المـرأةُ خَمْسَها ، و صامَت شهرَها ، و حصَّنَتْ فرجَها ، وأطاعَت زوجَها ، قيلَ لها : ادخُلي الجنَّةَ مِن أيِّ أبوابِ الجنَّةِ شِئتِ) [2].

---

[1] صحيح البخاري الصفحة أو الرقم ١٠١.

[2] أخرجه ابن حبان عن أبي هريرة (٤١٦٣)، والطبراني في (المعجم الأوسط) (٤٧١٥) واللفظ له، وقال الألباني في صحيح الجامع (٦٦٠) حديث صحيح.

# بەشی سێیەم

## حوكمی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا

حوكمی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت بە پێی تایبەتمەندی كەسەكە، حوكمەكە چوار حاڵەت لەخۆ دەگرێت:

### یەكەم: واجب

هاوسەرگیری واجبە لەسەر كەسێك بتوانێت و حەزی لێ بكات و بترسێت لەوەی ئەگەر هاوسەرگیری نەكات ڕەنگە تووشی زیناو لادان ببێت، مەبەستیش لە توانا بریتییە لە تواناى لاشەیی و دارایی و دەروونی.

عەبدوڵای كوڕی مەسعود وتوویەتی ئێمە لە دەوری پێغەمبەردا بووین و هیچمان نەبوو پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ( يا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ منكُم البَاءَة فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغضُّ لِلبصَر، وَأَحْصَنُ لِلفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يسْتَطِعْ فَعَلْيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)[١] .

بەواتای : ئەی كۆمەڵی گەنجەكان هەركەس دەتوانێ بچێتە ژێرباری هاوسەرگیری و پێداویستییەكانی پێ دابین دەبێت با هاوسەرگیری بكات، ئەوە زیاتر چاوخامۆش دەكات و دەیپارێزێت، زیاتر داوێنتان پاك رادەگرێت، ئەوەی نەیتوانی هاوسەرگیری بكات با ڕۆژوو بگرێت، ڕۆژوگرتنەكەی دەبێتە پارێزەری و حەزی دەشكێنێت.

---

١ متفق عليه.

ئەم بانگەشـــەیەی ســـەروەرمان گشـــتییەو هەمـــوو ئەوانە دەگـــرێتەوە کەتوانای هاوسەرگیرییان هەیە لە هەردوو رەگەز.

واجبیش وەك زانایان فەرموویانە ئەوەی ئەنجامی بـدات پاداشـتی هەیەو ئەوەی وازی لێبهێنێت و نەیکات سـزا دەیگـرێتەوە. بـۆ نموونە رۆژووی رەمەزان واجبە یان فەرزە ئەوەی بەرۆژوو بێت پاداشـتی هەیەو ئەوەی نەیگرێـت بەبـێ عـوزرو پاسـاوی شـەرعی گوناهبـارەو سـزا دەدرێـت. هەروەهـــا نـــوێژە فەرزەکـــان و .... تـــاد. هەمـــان شـــت پرۆســـەی هاوسەرگیری بۆ کەسێك توانای هەبێت و ترسی ئەوەی هەبێت تووشـی زینـاو خـراپە دەبێـتەوە، واجـبە لەسـەری هاوسـەرگیری بکـات، خێـرو پاداشـتی دەسـت دەکەوێـت، بەڵام گەر هاوسـەرگیری نەکـات گوناهبـار دەبێت.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:( وأَنكِحُوا الأيـامَى مِـنْكُمْ والصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وإمَائِكُمْ إنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضـلِهِ واللَّهُ واسِعٌ عَلِيمٌ)[١].

بەواتای: ئەی موسڵمانان! ئافرەتەکانتان بەشـوو بـدەن، ژن بـۆ پیاوەکـان بهێـنن ، واتە: هاوکـاریی و یـارمەتی نێرینەکانتـان بـدەن بـا ژن بێـنن، ئاسانکاریی و رێگەش بۆ ژنان خۆش بـکەن بـا مێـرد بـکەن، بـۆ بەنـدە چاکـەکان ژن بهێـنن و، کەنیزەکـانیش بەشـوو بـدەن. بەکـورتی: خـوای گەورە فەرمـان بەسەرپەرشـتیکارانیان دەدا کە بەنـدەی بـێ ژن، یـان کەنیزەکـی بـێ مێـرد نەهێڵـنەوە، تـا فەسـادو خـراپە ڕوو نەدات، ئەگەرهەژارو دەستکورتیش بن، دڵ سارد مەبن لێیـان، چـونکە خـوا لە فەزڵ و میهرەبانیی و بەهرەی خـۆی بێنیـازو دەوڵەمەنـدیان دەکـات، وە خوا لەزۆری و فراوانی بەخشندەییەکەی خۆی بـێ نیـازو دەوڵەمەنـدیان

[١] سوره النور:٣٢.

دەکات، زۆر زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکانی، واتە: هەژاریی مەکەنە لەمپەر لەبەردەم خواستنی خوازراوەکەتان، چونکە خوا بەخشش و بەهرەی زۆرە.

ئەگەر گەنج لەخۆی ترساو توانای ئەنجامدانی هاوسەرگیری نەبوو، وە کەسیش نەبوو هاوکاری بێت پێویستە خۆی بپارێزێت لە حەرام و پاکیزەیی هەڵبژێرێت.

( وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لايجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضلِهِۦ )[١].

بە واتای: با ئەوانەشی دەسەڵاتی زەماوەندو ژن هێنانیان نییە، بەردەوام بەپاکیزەیی خۆیان رابگرن و، بە پاکی ڕەفتار بکەن، هەتا خوا لە فەزڵ و بەهرەی خۆی دەروویەکیان لێ دەکاتەوەو دەوڵەمەندو بێنیازیان دەکات.

پێویستە دایباب بەرپرسیارانە هەڵسووکەوت بکەن هەرکات کەسێکی باش و گونجاو، هاوشانی خۆیان داوای کچەکەیانی کرد رێگری نەکەن و بەربەست دروست نەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە کارئاسانی بکەن ویارمەتی دەربن، تا کچەکەیان پارێزراو بێت و تووشی هەڵەو لادان نەبێت.

**دووەم: هاوسەرگیری سوننەتە**

هاوسەرگیری سونەتە بۆ کەسێك توانای هەبێت و ئارەزوومەندبێت، بەڵام ترسی ئەوەی نەبێت تووشی زیناو لادان بێت.

سوننەتیش زانایان وا پێناسەیان کردووە ئەوەی ئەنجامی بدات پاداشتی هەیەو ئەوەشی نەیکات هیچ سزایەکی بۆ نییە، وەك نوێژوو رۆژووی

---

[١] سورة النور٣٣

سوننەت ئەو کەسەی ئەنجامی بدات پاداشتی هەیەو ئەوەی ئەنجامی نەدات هیچ سزایەك نایگرێتەوە.

هەروەها هاوسەرگیریش بۆ کەسێك حەزی لێبکات وتوانای هەبێت و لەخۆی نەترسێت تووشی خراپەو زینا بێت، سوننەتەو پاداشتی هەیە، ئەگەر هاوسەرگیری نەکات تووشی گوناه نابێت.

بەڵام هاوسەرگیری چاکترە لە ئەنجام نەدانی ئەگەر هۆکارەکان مەیسەر بوون، چوونکە هاوسەرگیری سوننەتی خوای گەورەیە لەسەر زەویداو سوننەتی پێغەمبەران و پێغەمبەری سەرورمانە (علیهم الصلاة والسلام).

لە باسەکانی پێشەوە باسی ئەو سێ دەستەکەمان کرد کەهاتنە لای خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ پرسیاری عیبادەت و خواپەرستی پێغەمبەریان کرد.

بۆیە پێویستە گەنجانمان شوێن کەوتەی سوننەتی سەرورمان بن و خۆیان بەبێ هۆ بە دوور نەگرن لەپرۆسەی هاوسەرگیری.

**سێیەم: هاوسەر گیری کەراهەتی هەیە.**

لەهەندێك باردا ئەنجامدانی هاوسەرگیری کەراهەتی هەیە وەك:

١- ئەنجامدانی هاوسەرگیری کەراهەتی هەیە بۆ کەسێك ترسی ئەوەی هەبێت مافی دارایی یان لاشەیی یان دەروونی هاوژینەکەی پێشێل بکات.

٢- هەروەها کەراهەتی هەیە داوای کچێك بکەیت داواکاری هەبووبێت، لەم بارەوە چەندین فەرموودەمان هەیەو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:عن أبي هُريرة - رضي الله عنه- قال: قال

رسول الله ﷺ:(..... ولا يخطبُ على خِطبهِ أخيهِ...) [1]وفي حديث عقبة بن عامر أن رسول الله ﷺ قال: ( المؤمن أخو المؤمن .... ولا يخطب على خطبة أخيه حتى يذر)[2].

فەرموودەکە ڕێگری دەکات لەوەی خوازبێنی ژنێك بکەیت پێش تۆ کەسی تر خوازبێنی کردبێت. هۆکاری ڕێگرییەکەی ئەوەیە ئەم هەڵسووکەوتە دەبێتە مایەی رق و قین ودژایەتی وستەمێکە لە برا دینییەکەتی دەکەیت کەپێش تۆ چۆتە خوازبێنی.

بەڵام لە فەرموودەکەی( ابن عمر)دا بەندی بۆ دانراوە: عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله ﷺ: ( وَلاَ يَخْطُبَ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَتْرُكَ الْخَاطِبُ قَبْلَهُ أَوْ يَأْذَنَ لَهُ الْخَاطِبُ)[3]، بەواتای خوازبێنی ژنێك مەکەن برا مسوڵمانەکەت پێش تۆخوازبێنی کردبێت، مەگەر داواکارەکە دەست بەرداری خوازبێنییەکەی بوو بێت، یان داخوازیکارەکە ڕازی بێت تۆ بچیتە خوازبێنی.

٣- هاوسەرگیرییەك فریودانی تێدابێت لەلایەن یەکێك لەهاوسەرەکانەوە.

مەبەست لەم جۆرەیان ئەوەیە پرۆسەیەکی هاوسەرگیری شەرعی ئەنجام درابێت بەهۆی فریودانی یەکێك لە هاوسەرەکانەوە وەك ئەوەی کوڕەکە بەماڵی کچەکەی وتبێت من خاوەنی موڵك وخانووم، دوای گرێبەستەکە دەرکەوتبێت ڕاست ناکات وکرێچییە، یان کچەکە باسی ئەوەی کردبێت دەرچووی زانکۆیەو دواتر زانراوە ڕاست نییە.

---

١ رواه البخاري.

٢ رواه مسلم.

٣ رواه البخاري ومسلم.

**چوارەم: لەچی بارێکدا هاوسەرگیری حەرامە.**

ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری حەرامە بۆ کەسێك بزانێت زوڵم وستەم لەهاوژینەکەی دەکات.

حەرامیش زانایان واپێناسەیان کردووە هەرکەس ئەنجامی بدات سزا دەیگرێتەوە ئەوەی نەیکات و وازی لێبێنێت پاداشتی دەست دەکەوێت.

هەرکەس دڵنیابوو لەوەی ستەم لە هاوژینەکەی دەکات، ئەگەر هاوسەرگیری بکات یان کەسێك نەتوانێت نزیکی ئافرەتان بێتەوە بەهۆی نەخۆشییەکی لاشەیی یان دەروونی، یان خانمێك بزانێت ناتوانێت هاوسەرگیری بکات بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسکران.

هەرکەسێك هاوسەرگیری بکات لە گەڵ کەسێکدا راستییەکان لە بەرامبەر بشارێتەوە ئەوە لایەنی بەرامبەر بۆی هەیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە بکات.

لەکۆتایی باسەکەدا دەڵێین: ئاینی پیرۆزی ئیسلام سزای سەختی داناوە بۆ ئەو کەسانەی لەڕێگای حەرام و لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بە دوای تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانەوەن و سزای (حد) ی بۆ داناون.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام کارئاسانی زۆری داناوە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا وەك ئاسانکاری لەمارەیی و یارمەتی دانی ئەو گەنجانەی دەخوازن ژیانی هاوسەری پێکبهێنن.

بەپێی توێژینەوەکان دەست بەرداربوونی گەنجان لەپێك هێنانی ژیانی خێزانیدا لە وڵاتانی رۆژ ئاوا، تا ئەندازەیەك لەهەندێ شوێنی جیهانی ئیسلامیدا، بۆتە مایەی بڵاو بوونەوەی داوێن پیسی و بەرز بوونەوەی

دیاردەی خۆ کوشتن و زۆربوونی نەخۆشی دەروونی وریزپەڕی، کەم بوونەوەی رێژەی لە دایك بوان.

کار گەشتۆتە ئەوەی هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکان لەڕیزی وڵاتە پیرو پەککەوتەکان دێنە ئەژمارکردن. بۆیە چەندین وڵاتی ئەوروپی بانگەشەی پێکهێنانی هاوسەرگیری دەکەن. بەپێی هەندێك ئامار هەندێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەپوکێنەوەو نامێنن ئەگەرزوو فریای خۆیان نەکەون چونکە گەلەکانیان نامێنن، تەنها زەوی و کارگەو ئۆتۆمبیل و فڕۆکەو .... تیادا دەمێنێتەوە، بەهۆی نەمانی یەکەی خێزان و دەست بەرداربوون لە پێك هێنانی خێزان، بۆ ئەم مەبەستە ئەڵمانیا وەزارەتێکی بۆ خێزان داناوە بە هۆی گرنگی خێزان لەسەر ئایندەی وڵاتەکەی.

## بەشی چوارەم

## مەبەست وپاڵنەرەكانی هاوسەرگیری

مرۆڤ هەركارو چالاكییەك ئەنجام دەدات كۆمەڵێك مەبەست و پاڵنەر هەن هانی دەدەن بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە، هەر لەم سۆنگەوە ئەوانەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن لەهەردوو رەگەز كۆمەڵێك پاڵنەر هەن لەپشتی كارەكەیانەوە، گەر ئەو پاڵنەرانە بە ئەندازەیەك نەبن كەببۆتە هۆی پێكهێنانی ژیانی خێزانی ئەوا هەردولا تووشی چەندین كێشەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازی پێگەی خێزان و مەترسی هەڵوەشانەوەی لێ دەكرێت.

مەبەستەكانی هاوسەرگیری ئەو ئامانجانەن كەبەهۆی هاوسەرگیرییەوە دێنە دی ئەو حیكمەتەیە كەخوای گەورە هاوسەرگیری لەپێناودا داناوە، وەئەو مەبەستانە بەبێ هاوسەرگیری فەراهەم نایەت، وەئەگەر ئەم مەبەستانە لەناچوون ئەوا بەخراپی بەسەر ژیانی خێزانیدا دەشكێتەوە.

دەخوازێت هەردوو هاوسەر ئەو پاڵنەرانە بزانن كەبۆتە هۆی پێكهێنانی ژیانی خێزانییان تا بتوانن ئەو پاڵنەرانە تێر بكەن، پێویستە هەردوولا هاوكاری یەكتر بن بۆ تێركردنی پاڵنەروو حەزەكانی بەرامبەر بەشێوازێكی درووست و ڕەوا.

**گرنگی ئەم باسە لە دوو خاڵدا بەدەردەكەوێت:**

١- هەر كوڕێك كاتێك داوای كچێك دەكات و دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بكات، پێویستە پاڵنەرەكانی شووكردنی ئەو كچە بزانێت

کەشـووی پـێ دەکـات، تـا بتوانێـت ئەو پـاڵنەرو خواسـت وحەزوو پێویستیانەی بۆ دابین بکات.

چـونکە ئەگەر ئەو ئـافرەتە مەبەسـت و خواسـتەکانی لە ژیـانی خێزانیـدا نەهاتە دی، ئەوا بەئاسانی کێشە درووسـت دەکـات، بە مەبەسـت یـان بە ئەنقەست، ئەو کات ئەو خێزانە تووشی کێشەو گرفت دەبێت و مەترسـی هەڵوەشانەوەی لێدەکرێت.

هەروەها پێویستە کچانیش بـزانن ئەو کـوڕەی هـاتۆتە داوایـان، بـۆ ئەم کچەیـان هەڵبـژاردووەو هۆکـاری هەڵبـژاردنەکە چییەو چـۆنە، چـونکە ئەرکـی ئەو کـچەیە ئەو پـاڵنەرانە بـۆ ئەو کـوڕە تێربکـات، گەرنـا ئەوا کێشەو گرفت دێتە ئـاراوەو مەترسـی لەسـەر ژیـانی خێزانـی درووسـت دەکات.

٢- هەنـدێ لە کـوڕان و کچـان لەکـاتی هەنگاونـان بـۆ پرۆسـەی هاوسەرگیری پاڵنەری ناڕاسـت و هەڵەیـان هەیەو پێشـبینییەکانیان زۆر گەورەو خەیاڵییە، بۆیە پێویسـتە پێشـبینییەکان راسـت و دروسـت و مـام ناوەنـدو واقعـی و قبوڵکراوبێـت، و خەیـاڵی نەبێـت. گەر نـا ئەوا دوای پێکهێنانی ژیانی خێزانی لەناکاودا روو بەڕووی واقعـی ژیـان دەبـنەوەو کێشەو گرفتیان بۆ درووست دەبێت.

**لەڕوانگەی ئەم دوو خـاڵەی خـرانە روو ئـامـاژە بەگرنگتـرین پـاڵنەرو مەبەستەکانی ژیانی خێزانی دەدەین:**

**١- پاڵنەری ئایینی:**

ئـــەوەی دڵ و دەروونـــی مـــرۆڤ ئاســـوودەو خۆشـــحاڵ دەکـــات گوێڕایـــەڵیکردنی پـــەروەردگارێتی، مـــرۆڤیش تـــەنها بەپابەنـــدبوون و

خواپەرستی بەختەوەرو ئاسوودە دەبێت هاوسەرگیریش دەچێتە خانەی بەدەمەوە چوونی فەرمانی خوای گەورە.

پاڵنەری ئایینی پیرۆزترین و گرنگترین پاڵنەرە کە هەردوو رەگەز هاندەدات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری. هەموو ئەوانەی دەخوازن بچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە با ئەم پاڵنەرەیان لا مەبەست بێت، تا بچنە نێو ریزی ئەوانەی لەنێو کۆڕی زانست و زیکردان.

هەندێك لە لاوان بە پاڵنەری ئایینی هاوسەرگیری دەکەن، ئەم ئایەتە قورئانییە سەرمەشقیانە ( وانكحوا الأيامى ....) هەروەها ئەو فەرموودە شیرینەی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) کەفەرموویەتی: ( يا معشر الشباب).

ئەوکەسانە پاڵنەری ئایینی دەیانجوڵێنێ و هاندیان دەدات، سوننەتی پێغەمبەران و سوننەتی خوای گەورە لەسەر زەویدا، ئەوانە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی جێبەجێ دەکەن.

لە راستیدا ژیان لەسەر جیاوازی دروست بووە ئەمەش سوننەتی خوای گەورەیە لە بونەوەردا، ئەستەمە ژن و مێردێك هەبن بەرێژەی ١٠٠ % لە بیرو بۆچون و حەز و ئارەزوو راوبۆچون و سۆزداری و پلانی ئایندەو ... تاد، چوونیەك بن. ئەگەر شەرعی خوای گەورە دادوەر بێت بەسەر هاوسەرەکانەوە لەکاتی تەبایی و گونجان و جیاوازیدا رەوتی خێزان پارێزراو دەبێت، بەڵام ئەگەر حەزو ئارەزوو باڵادەست بێت، ئەوا ئەوراگرەی کە خێزانی پێدەگیرێت و ئاراستە دەکرێت دەشکێت.

پاڵنەری ئایینی پیرۆزترین و باشترین پاڵنەرە کوڕان و کچان لەمیانەیەوە هاوسەرگیری بکەن، چونکە رەوتی ژیان پارێزراوو خۆش

دەبێت. بە پاڵنەری ئایینی ژنان خۆیان بۆ مێردەکانیان جوان دەکەن و دەڕازێننەوە، مەبەستییان ڕەزامەندی خوای گەورە و دڵ خۆشکردن و ڕەزامەندی مێردەکانیانە، پیاویش خەرجی و پێداویستی ماڵەکەی دابین دەکات بەنیازی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە و خۆشحاڵ کردنی خێزانەکەی، بۆیە پاڵنەری ئایینی وا دەکات هەردوو هاوسەر چاکەو خۆشی و خێری یەکترییان دەوێت و ماڵیش ئارامی و ئاسوودەیی بەسەردا زاڵدەبێت.

ئەگەریەکێك لە هاوسەرەکان ئەم پاڵنەرەی تێدا نەبوو دەخوازێت ئەوی تر بیری بخاتەوەو هانی بدات.

ئەم پاڵنەرەش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بەناوی نیەتەوە هاتووە، نییەتیش وا دەکات هەموو کارەکانت ببێت بە پەرستش وعیبادەت ئەگەر ویستت لەسەری بێت، جا با کارەکانت کاری سادەو ئاسایی بێت وەك خواردن و خواردنەوەو نوستن و ... تاد.

زانایان لەم بارەوە وتوویانە جیاوازی لە نێوان نەریت (عادات) و عیبادەت بریتیە لە نییەت.

بۆیە پێویستە ئەو گەنجانەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن نییەت و مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورەبێت، ئاساییە لەگەڵ ئەم پاڵنەرەدا پاڵنەرو مەبەستی تریش لەئارادا بن کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

## ٢- پاڵنەری کۆمەڵایەتی.

تا ئێستا کۆمەڵگای دروست وادەڕواننە ئەو گەنجانەی کە رەبەنن، کەوا پـــــێگەو پلەیەکــــــی کەمتریـــــان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی هاوسـەرگیرییان کـردووە، ئەو کـوڕانەی تەمەنیـان لە سـی سـاڵ تێـپەڕ بکـات و هاوسـەرگیریان نەکردبێـت، ئەوا جێگـای پرسـیار و تێڕامـانە، هەروەهـا ئەو کچـانەی تەمەنیـان لە( ٢٥) سـاڵ تێـپەڕی کردبێـت هاوسەرگیرییان نەکردبێت، ئەوا جێگـای پرسـیارو تێڕامـانە. هەر بـۆیە بە پاڵنەری کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی دەچنە نێو ژیـانی هاوسـەرگیرییەوە، ئەم پـاڵنەرەش دروسـتەو بەڵـگەیە لەسـەر هوشـیاری وسەلامەتی کۆمەڵگە.

پـاڵنەری کـۆمەڵایەتی دەخوازێـت پیـاوان رێگـری لە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی هاوسـەرەکانیان نەکەن بەبـێ هۆکـارێکی دروسـت ورەوا، هەندێك لە پیـاوان رێگـری لەخێزانەکانیـان دەکەن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانـدا، جـا ئەو پەیوەنـدییە بەنـد بێـت بە خـزم و کەس وکـارو دراوسـێ و ئـامۆزاو و خـاڵۆزا و پـورزا و .... تـاد، پیـاوەکە دەیەوێـت ژنەکەی هەمـوو پەیوەنـدیەك ببچڕێنێـت تەنـانەت ئەگەر لەرێگەی تەلەفونیشەوە بێت.

یان ژنەکە داوا لە مێردەکەی دەکـات کە پەیوەنـدیەکانی لەگەڵ خێـزان و کەسـوکار و دراوسـێکانی ببچڕێنێـت یـان هەوڵـی خراپکردنـی ئەو پەیوەندیانە بدات.

مرۆڤ بە فیترەتی خۆی کۆمەڵایەتییە، ناشێت پیاو رۆڵی نەرێنی ببینێت وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخێزانەکەی یاسـاغ بکـات، شـیاو نییـە بـۆ ئـافرەتیش هەوڵ بـدات مێـردەکەی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکـانی لەگەڵ

دەوروبەردا ببچڕێنێت، چونکە ئەم شێوازە لەبیرکردنەوە دەبێتە مایەی کێشەی خێزانی و مەترسی گەورەو جیابونەوەی لێ دەکرێت.

بەڵام دەبێت هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دەق و حوکمە شەرعییەکاندا بێت، هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سەنگ و ئەرزشی نییە ئەگەر پێچەوانەبێت بە دەقەکانی شەریعەت.

## ٣- پاڵنەری باوکایەتی و دایکایەتی.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: **( وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا)**[١].

بەواتای: ئەوانەی کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! لە هاوسەرانمان و نەوەکانمان، منداڵمان پێ ببەخشە، کەببێتە مایەی ڕووناکی دیدەو خۆشی وئاسوودەییمان، ئێمەش بکە بەسەر مەشق و پێشەنگ بۆ پارێزکاران ولە خوا ترسان.

هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عنْه عَمَلُهُ إِلاَّ مِن ثَلاَثَةٍ: إِلاّ مِن صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)[٢] ، واتە: کاتێ ئادەمیزاد دەمرێت ئیتر هەموو کارو کردەوەکانیشی کۆتاییان دێ، مەگەر لەڕێگەی سێ شتەوە: منداڵێکی ساڵح و چاکی ببێ دوعای خێری بۆ بکا، زانستێکی بەجێ هێشتبێ «پاش خۆی» کەڵکی لێ وەربگیردرێ، سێیەم: خێرو صەدەقەیەکی بەردەوامیی بەجێ هێشتبێ.

---

[١] الفرقان ٧٤

[٢] صحيح مسلم٣١٦٩ .

ئیمامی حەسەنی بەصری رەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: سوێند بەخوا هیچ شتێك مایەی روناکی دیدە نییە بۆ مسوڵمان، لەوەی کوڕەکەی یان کوڕەزاکەی ببینێت کەسێکی خواناس و خواپەرستە.

ئەوەی نەوەی ساڵحانی لەدوا جێما ئەوە شوێنەواری کۆتایی نایەت و نابچڕێت دوای مردنی خێرو پاداشتی پێ دەگات لەڕێی نەوەکانیەوە.

هەر لەم روانگەوە وەچە خستنەوە بەهێزترین پاڵنەرە لای مرۆڤ، بەتایبەت لای خانمان. ڕەنگە هەندێ لەکچان شووبکەن بەمەستی ئەوەی منداڵیان بێت و لەئامێزی بگرن و پێی بڵێن دایکە، ئەگەر مێردەکەی رێگری بکات و حەز نەکات منداڵی هەبێت یان دوای بخات بەهەر هۆکارێك بێت ئەوە بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر ئەو ئافرەتە. یان پیاوەکە حەز دەکات منداڵیان بێت و حەزی باوکایەتی تێیدا زاڵە، بەڵام ژنەکەی حەز لە دوگیانی و منداڵ بوون ناکات تا روخسارو شێوەی نەگۆڕێت و کاتەکانی بۆ بەخێوکردنی منداڵ تەرخان نەکات. ئەم حاڵەتانەش دەبێتە مایەی کێشەو گرفتی خێزانی زوو بێت یان درەنگ.

هەر لەم سۆنگەوە دیاری کردنی رێژەی وەچە خستنەوە لەشەریعەتی ئیسلامدا حەرامە، بەڵام رێکخستنی درووست و رێپێدراوە.

**٤- پاڵنەری سێکسی:**

واتە ئارەزووی لاشەیی پیاو بۆ ژن و ژنیش بۆ پیاو،هەردووکیان پێویستیان بەیەکترە، ئەمەش کارێکە خوای گەورە لە فیترەتی مرۆڤدا درووستی کردووە، ئەوەشی ئەم حەزوو ئارەزووەی نەبێت رەنگە کێشەیەکی هەبێت و دەخوازێت سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات.

خـوای گەورە ئەم حەزوو ئـارەزووەی رێکخسـتووە لە چوارچێـوەیەکی شـەرعیدا کەبـریتییە لەپرۆسـەی هاوسـەرگیری، لە میـانەیەوە هەردوو هاوسەر حەزوو ئارەزووەکانیان تێر دەکەن. هەریەکەیان رێگری بکـات لەبەرامـبەرەکەی ئەوە پـێچەوانەی فەرمـانی خـوای گەورە رەفتـاری کردووە. پێغەمبەری سەروەرمانﷺ فەرموویەتی: ( عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسولُ الله ﷺ: (إِذَا دعَـا الرَّجُـلُ امْرأَتَـهُ إِلـى فِرَاشِهِ فلمْ تَأْتِهِ فَبَات غَضبانَ عَلَيْهَا؛ لعَنتهَا الملائكَة حَتَّى تُصْبحَ) [1]

بەواتای: ئەگەر پیاوخێزانەکـەی بۆسـەر جێگـە بانـگ بکـات و ژنەکەی بـەگوێی نـەکات، پیـاوەکە شـەوی بەسـەر بـردوو لە ژنەکەی تـوڕەو نیگەران بوو، فریشتەکان نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن تا رۆژ دەبێتەوە.

لـە ریوایـەتێکی تـردا هـاتووە: ( إِذَا بَاتَـتِ المَـرْأَة هَـاجِرَة فِـرَاشَ زَوْجِهَـا لعنتْهَا المَلائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ).

بەواتای: ئەگەر ئافرەت نەچووە سـەر جێگـای مێـردەکەی، فریشـتەکان نەفرەتی لێ دەکەن تارۆژ دەبێتەوە.

وعن أَبي هريرة رضي الله عنه أَيضا: أَنَّ رَسُـول اللَّه ﷺ قَـالَ: لا يحـلُّ لامْرَأَة أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إلا بِإِذْنِهِ، ولا تَأْذَنْ فى بَيْتِهِ إِلَّا بِإِذنِهِ)[2].

بەواتای: درووسـت نییە ئافرەتێـك بەرۆژوو بێـت (رۆژووی سـوننەت) مێردەکەی لەماڵەوە بێت مەگـەر بەمۆڵـەتی مێـردەکەی، وە بەبـێ ئیزنـی مێردەکەی میواندای کەس ناکات.

[1] متفقٌ عَلَيهِ.

[2] متفقٌ عَلَيهِ، وهذا لفظ البخاري.

ژنـــان ئەگەر مێردەکانیـــان نەپـــارێزن و ئارەزووەکانیـــان تێـــر نەکەن، ئەگەری هەیە پیاوەکانیان تووشی هەڵەو گوناهو تـاوان بـبن و ئەو کـات ژنەکەش گوناهبار دەبێت.

دەبێـت ئەو راسـتییە بـزانین کەخێـزان و مـاڵ و منـداڵ مافیـان بەسـەر پیاوەوە هەیە، پێویستی ئافرەت بۆ پیـاو پێویسـتییەکی فیتـرییە، هەروەهـا پیاویش بۆ ئـافرەت، چـونکە هاوسـەرگیری دەیـان پارێزێـت لە شـەیتان، چاوو داوێنیان دەپارێزێت حەزوو ئارەزووەکانیان دادەمرکێنێتەوە.

ئـــەوەتا ســـەروەرمان ﷺ لـــەم بارەیـــەوە فەرموویـــەتی: (وفي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ، أَيَأتي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكونُ له فِيهَا أَجْرٌ؟ قالَ: أَرَأَيْتُمْ لـو وَضَـعَهَا فـي حَـرَامٍ، أَكـانَ عليـه فِيهَـا وِزْرٌ؟ فَكَذلكَ إذَا وَضَعَهَا في الحَلَالِ كانَ له أَجْرٌ)[١].

پاڵنەری سێکسی یەکێکە لەپاڵنەرە گرنگەکان بۆ هاوسەرگیری نەك تـاکە هۆکار وەك هەندێ فلیم و دراماو گۆڤارو کەناڵی ئاسمانی ... تاد، باسی لێوە دەکەن.

ئەگەر پیـاو تەنهـا لەڕوانـگەی سێکسـییەوە هاوسـەرگیری بکـات ئەوا هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە پـاڵنەری سێکسـی هەمـوو ژیـان نییە بەڵکو بەشێکە لەژیان.

ژیانی خێزانی لەچەندین بەش پێك دێت لەوانە لایەنی رەوشـتی، لایەنـی کـرداری، پیـاو پێویسـتی بەژنە وەك پـاڵنەری ئـایینی و کـۆمەڵایەتی، و بەچاکی مامەڵە کردن لەگەڵ رووداوەکانی ژیاندا.

---

[١] صحيح مسلم الصفحة أو الرقم ١٠٠٦.

ئەگەر ژن تەنها پاڵنەری سێکسی بۆ پیاوەکە پڕکردەوەو پاڵنەرەکانی تری فەرامۆش کرد ئەوا ئەو خێزانە تووشی کێشەو گرفت دەبنەوە.

**٥- پاڵنەری دەروونی.**

پاڵنەری دەروونی پێکدێت لە چەندین لایەنی شاراوەو پەنهان، کەپاڵ بەکوڕان و کچانەوە دەنێت هاوسەرگیری بکەن لەوانە:

مرۆڤ بەفیترەتێك کەخوای گەورە پێی بەخشیوە پێویستی بە خۆشەویستی و ڕێز هەیە، بۆیە پێغەمبەری سەروەرمان(ﷺ) لەم بارەوە فەرموویەتی:( إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أَخَاهُ فَلْيُخْبِرْهُ أَنَّهُ يُحِبُّهُ )[١].

وعَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِى كَرِبَ رضي الله عنه قال : قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ( إِذَا أَحَبَّ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُعْلِمْهُ إِيَّاهُ )[٢]

بەواتای: ئەگەر برایەکی مسوڵمانی خۆتان خۆش ویست ئاگاداری بکەنەوە کە خۆشتان دەوێت.

ئەم کارە سۆزوو خۆشەویستی و ڕێز لە نێوانتاندا زیاد دەکات:

ژن ومێرد لەپێشترن بۆ ئەوەی سۆزوخۆشەویستی بۆیەکتر دەرببڕن، پێویستە پیاو سۆزو خۆشەویستی میهرەبانی و بەزەیی بۆ خانمەکەی دەرببڕێت و ژنیش خۆشەویستی و سۆز میهرەبانی بۆ پیاوەکەی دەرببڕێت.

[١] رواه أبو داود، والشيخ الألباني في السلسلة الصحيحة.

[٢] رواه الترمذي ، وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة.

عەمری کوڕی عاس خوای لێڕازی بێت وتی پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد: (أي النَّاسِ أحَبُّ إليْكَ؟ قَال: عَائِشَة، فَقُلتُ: مِنَ الرِّجَالِ؟ فَقَال: أبُوهَا، قُلتُ: ثمَّ مَنْ؟ قَال: ثمَّ عُمَرُ بنُ الخَطابِ فَعَدَّ رِجَالًا)[١].

بۆیە پێغەمبەری خوا خۆشەویستی خۆی بۆ خاتوو عائیشەی خێزانی دەربڕی، چوونکە خانمان پێویستیان بە دەربڕینی خۆشەویستی هەیە لەلایەن مێردەکانیانەوەو ئاگاداریشی بکات کەخۆشی دەوێت ئەوکات ئەویش هەست بە بوون وپێگەی خۆی دەکات لە دڵی مێردەکەیدا .

**٦- پێویستی بەرێزگرتن هەیە:**

پیاو پێویستی بەکەسێکە رێزی بگرێت راوێژی پێ بکات، ژنیش پێویستی بە پیاوێکە رێزی لێ بگرێت و پرسیاری بکات و میهرەبانی وخۆشەویستی بۆدەرببڕێت.

دەکرێت پیاو لەکاتی کڕینی کەرەستەو پێداویستی ناوماڵ راوێژ بە خێزانی بکات و ڕەچاوی حەزوو ئارەزووەکانی بکات ئەو کات خێزانیشی هەست دەکات مێردەکەی رێزی گرتووەو حیسابی بۆ دەکات.

هەندێ جار ئافرەت دەچێتە دەرەوە بۆ کاری لاوەکی و ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت و مێردەکەشی لەکار دەگەڕێتەوە بۆ نێو ماڵێکی چۆڵ و ساردو سڕ، مێردەکەی ئێوارە پرسیاری لێدەکات دەڵێت ئێشم هەبوو، ئەو پیاوەش هەست دەکات ژنەکەی رێزی لێ ناگرێت شکۆی دەشکێنێت، ڕەنگەپیاوەکە چەند جارێك بێدەنگی هەڵبژێرێت بەڵام سەرەنجام ئەو هەڵسووکەوتانە کێشەی خێزانی لێ دەکەوێتەوە.

پیاو کاتێك دەبینێت ژنەکەی بەیانیان خواردنی ئامادەکردووە بەڕێی دەکات بۆ سەرکارەکەی پێداویستییەکانی ئامادە دەکات، ئەمە وەك ئەوەنییە ژنەکەی خەوتبێت و مێردەکەی فەرامۆش کردبێت.

---

[١] رواه البخاري.

**٧- راکردن لەتەنهایی:**

مرۆڤ بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە حەز بەهاودەمی کەسانی تر دەکات و ناتوانێت بەتەنها بژیت، راکردن لە تەنهایی یەکێکە لە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری.

بۆ نموونە کچێك لەخێزانێکدا دەژی، باوکی دەچێت بۆ سەرکارەکەی و دایکی دەچێتە دەرەوە سەردانی کەسووکاری دەکات، ئەویش بەتەنها لەماڵەوە دەمێنێتەوە بێتاقەت و وەڕس دەبێت و حەز دەکات شوو بکات و رزگاری بێت لەو تەنهاییە و لەگەڵ مێردەکەیدا دانیشێت و گفتوگۆو دەردە دڵ بکات و بچێتە دەرەوە، بەڵام کێشە ئەوەیە تووشی مێردێك بێت بەیانی زوو دەرچێتە دەرەوە بۆ کارو شەوانێکی درەنگ بگەڕێتەوە! بێگومان پاش ماوەیەك کێشەیان بۆ درووست دەبێت چونکە ئەو لەتەنهایی هەڵاتبوو تووشی تەنهاییەکی تربوو، دەرەنجام ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێت.

**٨- ژنهێنان بەمەبەستی تایبەت.**

هەندێك هاوسەرگیری دەکات بەپاڵنەری هەڵە بێ بیرکردنەوە لە پاڵنەرەکانی تر، ئەمەش کەلێن و کەموکورتییەکی هزری گەورەیە، ئەوەشی تێی کەوتووە پێویستە بە خۆدا چوونەوە بکات و نییەتەکانی راست کاتەوەو هەنگاوی راست و درووست بنێت و داوای یارمەتی و رێنوێنی لەخوای گەورەبکات.

**لەهۆکارە تایبەتەکان:**

١- **بەدەست هێنانی ماڵ و سامان:** هەندێك لەکوڕان بە مەبەستی بەدەست هێنانی پارەو ماڵ و سامان دەچنە خوازبێنی کچێك و مارەی دەکەن،یان پیاوێك کچەکەی بەشوو دەدات و دەیداتە کوڕێکی دەوڵەمەندوو سەرمایەدار بەنیازی ئەوەی سوود لەپارەو سامانی زاواکەی وەرگرێت، بێ ڕەچاوکردنی لایەنی دین و ڕەوشت و ئاکارو هەڵسووکەوتی کوڕەکە.

لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا دەخوازێت هەردوو رەگەزڕەچاوی لایەنی دینداری و ڕەوشت و ئاکار بکەن و بەمەرجی لە پێشینەی دابنێن، ئەگەر لایەنی دین و رەوشت وماڵ و سامان و دەوڵەمەندی لە کەسێکدا کۆبووەوە ئەوە نیعمەت و بەخششی خوایە و سوپاس گوزاری دەوێت .

پێویستە باوکان ڕەچاوی ئەم فەرموودە شیرینەی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) بکەن کەفەرموویەتی: ( إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فأنكحوه)[١]، هەروەها فەرموویەتی: ( تنكح المرأة لأربع: لمالها، ولحسبها، ولجمالها، ولدينها، فأظفر بذات الدين تربت يداك)[٢]، بەواتای: ئافرەت بۆچوار شت هاوسەرگیری لەگەڵ دەکرێت: بۆ ماڵ و سامانەکەی، و بۆبنەماڵەکەی، و بۆ جوانییەکەی، و بۆ دینەکەی، زەفەر ببە بەخاوەن ئایینێك، یانی ئایینداریك هەڵبژێرە، دەستت بەخێردا دەچێت. مەرجی دینداری لەپێشینەی مەرجەکانەو ناکرێت سازشی لەسەر بکرێت، زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانەی کەبەمەبەستی پارەو ماڵ و سامان ئەنجام دراوە دەرەنجامەکەی کێشەو گرفتی خێزانیی لێ کەوتۆتەوەو سەری لە جیابوونەوەوە دەرهێناوە.

٢- **بەدەست هێنانی ناوبانگ:** هەندێ لە کوڕان دەچنە خوازبێنی کچێك لەبنەماڵەیەکی ناسراوو بەناوبانگ بۆ ئەوەی ناوبانگ دەرکەن، یان کچێك شوو بەکوڕێك دەکات لەبەرئەوەی ئەو کوڕە بەناو بانگە. ئەگەر هاوسەرگیری تەنها لەبەر ئەم هۆکارە بیناکرابێت کارێکی هەڵەیەو سەرکەوتوو نابێت .

---

[١] أخرجه الترمذي.
[٢] متفق عليه

# بەشی پێنجەم

## ئامادیی و لێهاتوویی دەروونی بۆ ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن

مرۆڤ بە سرووشتی خۆی هەرکاروو چالاکییەك یان گەشت و سەیرانێك بکات خۆی سازوو ئامادە دەکات.

لەم سۆنگەوە ئەوانەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن لە هەردوو رەگەز دەخوازێت زەمینەسازی بکەن و خۆیان بۆئەم هەنگاوو کاروانە گرنگەی ژیان ئامادە بکەن.

ئامادەسازی دەروونی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری لەمیانەی سێ خاڵی سەرەکییەوە دەکرێت:

یەکەم: هاوسەرگیری بەرپرسیارێتییە.

دووەم: هاوسەرگیری قوربانی دانە.

سێیەم: هاوسەرگیری قبوڵ کردنی جیاوازییەکانە

**یەکەم: هاوسەرگیری بەرپرسیارێتییە.**

ئەوکوڕانەی دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە پێویستە بزانن کۆمەڵێك ئەرکو بەرپرسیارێتی دێتە رێیان، دەبێت لەئەستۆی بگرن وئەوکات بەرپرس دەبن لە: خێزان، منداڵ، ماڵ ... تاد.

لایەنی حەزوو سۆزداری بەس نییە لە ژن هێناندا، بەڵکو دەبێت پیاو توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەبێت و لە ئەستۆی بگرێت،

وەك پێغەمبەری سەروەرمان(ﷺ) فەرموویەتی:( ألا كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته)[١].

هەروەهـــا پێویســـتە كچـــانیش ئامادەباشـــی بـــكەن بـــۆ هەڵگرتنـــی بەرپرسیارێتی، خۆشەویستی و سۆزداری بەتەنها هیچ ئەرزشێكی نییە، چـــوونكە خۆشەویســـتی بەشـــێكە لەنێـــو چەنـــد بەشـــێكی پرۆســـەی هاوســـەرگیری، گەرخۆشەویســـتی هەبـــوو دەبێـــت بـــۆ بەشـــەكانی تـــریش بگەڕێین.

ئەو دەستەواژەی كەدەوترێت گوایە ئەگەر خۆشەویستی هەبوو شتەكانی تر ئاسان دەبێت، وتەیەكـی نـاتەواوەو ورد نییە، چوونكە خۆشەویستی شتێكە لە نێو شت گەلێكی زۆردا، لەسـەرووی هەموویـانەوە هەڵگرتنـی بەرپرسیارێتی.

ژن چـۆن لـەگەر مێـردەكەی هەڵسـووكەوت دەكـات كاتێـك مێردەكـەی تووشی هەژاری و دەست كورتی بوو؟

پیـاو چـۆن رەفتـار دەكـات ئەگەر ژنەكەی تووشـــی نەخۆشـــییەكی مەترسیداربوو؟

ئەگەر فێـری هەڵگرتنـــی بەرپرســـیارێتی بـــووبن ئەوا هەردووكیـــان رەچاوی ژیـان و بـارۆدۆخی یەكتـر دەكەن. ئەو چاودێری و بایەخدانە خۆشەویستییەك درووست دەكات كە لەژیانـدا پشـتی پـێ ببەسـتیت، نەك بەنـــاو خۆشەویســـتییەكی رووكەشـــانەی ســـەرجادەو كۆڵانەكـــان و بەكارهێنانی وشەی عیشق و دڵداری.

بەرپرسیارێتی ژن و مێرد ئەم ئـایەتە پیـرۆزە دیـاری دەكـات كە خـوای كـاربەجێ فەرمـوویەتی: (ٱلرِّجَـالُ قَوَّٰمُـونَ عَلَـى ٱلنِّسَـآءِ بِمَـا فَضَّـلَ ٱللَّهُ

---

[١] متفق عليه.

بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ )[١].

بەواتای: پیاوان مافی بەڕێوەبەرێتییان بەسەر ژنانەوە هەیە، دەتوانن چاودێرییان بکەن، ژنانیش دەبێت بەپێی پلان و نەخشەی ئەوان رەفتار بکەن.

لێرەدادەخوازێت بەکورتی ئاماژەیەك دەربارەی (قەووامە) و دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا بدەین: وا ئەزانم ئەم مافی چاودێری و کاربەدەستییەی پیاوان بەسەر ژنانەوە، سەردڵی زۆرێک لە نەیارەکانی ئیسلامی گرتووەو زۆریش پێیان قورسەو بۆیان قبوڵ ناکرێ! بەتایبەت ئەوانەیان کەدەیانەوێ خۆیان لای ژنان خۆشەویست کەن و، ڕۆژ تا ئێوارە فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەڕێژن، بۆیەش هەرئەوانە بێسنوور ژنانیان تەفرەداوەو خراونەتە سەنگەری دژایەتی مێردەکانیانەوە، و لەهەوڵی بێ وچاندان ژنان بەیەک وشەیش گوێرایەڵی مێردەکانیان نەکەن!!

(قەووامە) مانای ژن بەکۆیلەو بە بەندەکردنی نییە بۆ پیاوان، وەک ئەوانەی بەهەڵە لێی تێگەشتوون بەڵکو ئاراستەو رێنماییەکی خواییە بۆشێوەی کارو رەفتاری پیاوان لەگەڵ ژناندا، ئاراستەو رێنمایی خواییە بۆپیاوان کە دەبێ زۆر بەچاوی رێزەوە ئەو سپاردەو ئەمانەتە خواییە لەچاویان باشتر بپارێزن، مافیان دابین بکەن لەخانوو جلوبەرگ و خواردن وخۆراک و پەروەردەو هۆشیارکردنەوەی لە گیروگرفت، وە لە سەرماو گەرماو برسێتی و تینوێتی بیانپارێزن، هیچ کات بێنازیان نەکەن، کەمتر نەبن لەژنانی هاوشانی سەردەمی خۆیان، ونەهێڵن هەست بەنەبوونی وموحتاجی بکەن.

هەربۆیە لەکاتی بێ (نەفەقە) پیدا دەسەڵات بە ژن دراوە دەست لەپیاوەکەی هەڵبگرێ، وەیان بەکورتتر بڵێین: ئەو پلەو دەسەڵات و پایە کە بەپیاوان دراوە، بەرپرس بوون و ئەرک لە سەرشان نانە، نەک بە

---

[١] النساء ٣٤

زیاتر دانانی پیاوانه بەسەر ژناندا، گومانیش نییه بۆپیاوان کە هەر خێزانەی دەبێ بەڕێوەبەرو چاودێرێکی هەبێ، بۆئەوەی ئیش وکارەکانی بەرێکی جێبەجێ ببن تا نەبێتە (فەوزا)و کێبەرکێ، وایش دەزانم پاش هەموو لێکدانەوەیەک ئینجا پیاوان ئەو (تکلیف)ـە کراون.

خوشکانی بەرێز! ئەگەر ژیان هەر بریتی بێت لەوە کە لە دەزگایەکی دەوڵەتیدا ببیتە کارمەند، پاشان بە ئۆتۆمبیل بێیت و بڕۆیت و سەری هەموو مانگێک پارەیەکی باش بخەیتە گیرفانتەوە، ئەوە لەوحاڵەتەدا نەک هەرپیاوان بەڵکو تۆیش دەتوانی (قەووامە) و ئەرکەکانی ناو خێزان لە ئەستۆ بگری.. بەڵام خۆ ئاشکرایە کە نان پەیداکردن و بژێوی ژیان هەر لەفەرمانگە حکوومییەکاندا نییە، رێژەیەکی کەمی ژنانیش کارمەندو فەرمانبەرن.

چونکە بەشێکی زۆری پیاوان بە بازرگانی، پیشەسازیی، کشتوکاڵی، کرێکاری، جووتیاری، کەسابەت و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و چەندین جۆری تری کارو پیشەوە خەریکن، دڵنیام لەوکاتەدا هەرگیز تۆ بەو (قەووامە)یە رازی نابیت ئەگەرچی زۆریشت لێبکەن، بەڵکو خۆت بەناسک و نۆڵ دادەنێیت و، پیاویش بەمرۆڤێکی لاشە بەهێزو زبر، ئەوکات دەڵێیت هەقی پیاوە هەڵسێ بەو جۆرە ئیش و کارانە.

ئەم (قەووام)ـەیش بۆیە دەدرێ بەپیاوان، چونکە خوای گەورە فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکدا، وە پیاوان جەستەو لاشەیان تونددوتۆڵترو بەهێزترە لە ژنان و، لەگەڵ کارەکانیشدا شیاوو گونجاوترن، سەرەڕای ئەوەش پیاوان ئەرکی ماڵ و دارایی و بەڕێوەچوونی ماڵیان لەسەرە، دەبێ مارەیی و ئازووقە بدەن بە ژنان، جا ژنانی ژیرو چاک و پاک ئەوانەن کەملکەچی فەرمانی مێردەکانیان بن، دوور لە مێردی خۆیان شەرمی خۆیان دەپارێزن و گزییان لێ ناکەن، بەتایبەت کاتێك کە مێرد دیار نەبێت هەرگیز ناتوانن خیانەتی لێبکەن، وەک خوا فەرمانی داوە.

بەکورتی بەرپرسیارێتی پیاو( القوامة ) بەمانای بەڕێوەبردن و چاودێری و هەموو ئەوخەرجییانەی کەپێویستە دابینی بکات بۆ خێزانی لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و شوێنی نیشتە جێ بوون و ... تاد.

بەرپرسیارێتی ژنیش: گوێڕایەڵی و پاراستنی ماڵ و منداڵ بە ئامادەبوونی مێردەکەی لە ماڵدا یان کاتێك لە ماڵەوە نییە بەهەر هۆکارێك .

**دووەم: هاوسەرگیری قوربانیدانە.**

پرۆسەی هاوسەرگیری قوربانیدانی دەوێت، بەبێ قوربانیدان نەدرووست دەبێت و نە بەردەوامیش دەبێت.

با کوڕان پرسیار لە باوکیان بکەن و کچانیش لە دایکیان، دەبینین هەموویان تێکڕا کۆکن لەسەرئەوەی هیچ خێزانێك درووست نەبووەو بەردەوام نەبووە، بەبێ هەوڵ و قوربانیدان.

چەندین جار نارەحەتییەکانی ژیان یەخەی پێگرتوون و ئارامیان گرتووە، چەندین جار قوربانییان داوە بە بە نرخترین شتی ژیانیان لە پێناوی بەردەوامی ژیانی خێزانی. هیچ خێزانێك نابینی لەکاروانی ژیاندا بەردەوام بووبێت بەبێ قوربانی دانی هەردوو هاوسەر، چونکە هاوسەرگیری لەسەر بنەمای قوربانیدان درووست دەبێت و بەبێ وی هەرگیز نایەتەدی.

(أم هانئ) ئامۆزای پێغەمبەرە ( ﷺ) و خوشکی ئیمامی عەلییە خوای لێرازیبێت، کاتێك مێردەکەی کۆچی دوایی دەکات، منداڵی بێ باوکی هەبووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای کرد شووی پێ بکات، بەڵام (أم هانئ) داوای لێبوردنی کردو پۆزشی هێناوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: کەوا منداڵی بچووکی هەیە. بەواتای ئاوڕی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی داوە، ترسا لەوەی ئەگەر هاوسەرگیری بکات و مافی مێردەکەی جێبەجێ بکات، ببێتە هۆی کەمبوونەوەی مافی منداڵەکانی، پێغەمبەری خواشﷺ پۆزشەکەی قبوڵ کرد.

هەر لەم بارەوە فەرموویەتی:( نِسَاء قُرَيْشٍ خَيْرُ نِسَاءٍ رَكِبْنَ الإِبِل، أَحْنَاهُ على طفْلٍ، وأَرْعَاهُ على زَوْجٍ في ذَاتِ يدِهِ)[1].

لەفەرموودەکەدا باسی دوو سیفاتی جوانی ئافرەتانی قورەیش دەکات، یەکەمیان زۆر بەبەزەیی و میهرەبانن بۆ منداڵەکانیان و دووەم زۆر چاودێری ماڵ و سامانی مێردەکانیان دەکەن.

دەبینین ( أم هانیء ) لەپێناوی پەروەردەکردن و بەخێو کردنی منداڵە کانیدا قوربانی بە بەرزترین پلەو پایەی خێزانیدا، کە هاوسەری پێغەمبەری خوا بێت(ﷺ) و ببێتە دایکی ئیمانداران، بەزاراوەی ئەمڕۆ خانمی یەکەمی وڵات بێت.

جابری کوڕی عەبدوڵا خوای لێرازی بێت لە پێناوی بەرژەوەندی خانەوادەو دایك و خوشکەکانی وەك بەرژەوەندی گشتی ئافرەتێکی بێوەژنی مارە کرد تا چاودێری ماڵ و خانەوادەکەی بکات وە ك لە فەرموودەکەدا هاتووە: ( تزوجت امرأه فأتيت النبی -ﷺ- فقال: أتزوجت يا جابر ؟ فقلت: نعم فقال: بكرا أم ثيبا؟ قلت: لا بل ثيبا، فقال: هلا جارية تلاعبها وتلاعبك؟!، فقلت: يا رسول الله إن عبد الله مات وترك سبع بنات أو تسعا فجئت بمن يقوم عليهن. قال: فدعا لي)[2].

**سێیەم: هاوسەرگیری قبوڵکردنی جیاوازییەکانە.**

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (ولَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً واحِدَةً ولايزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ. إلا من رحم ربك ولذلك خلقهم)[3]..

بەواتای: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای هەموو خەڵکی دنیای دەکردە یەک ئوومەت و یەک کۆمەڵ و هەموو دیندارو مسوڵمان دەبوون، بەڵام لەبەر هەرحیکمەتێک کە خۆی دەیزانێ، ئەوکارەی بەوشێوە نەکرد، لەولایشەوە ئەگەر وای کردبا (جەبر)و زۆرلێکردن رویدەدا، ئیتر ئەوکاتەش پاداشت و تۆڵە نەدەبوو. بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار هەر

---

[1] متفق عليه.
[2] رواه البخاري ومسلم.
[3] سورة هود ١١٨-١١٩

ناتەباو ناکۆک و لێک ترازاو دەبن و، لەسەریەک بەرنامەو ئایین کۆ نابنەوە، مەگەر کەسێک پەروەردگارت بەزەیی پیا بێتەوەو، بیخاتە سەرڕێگەی ڕاست و، لەو ناکۆکیی و هەراو کێشەیە دووری خاتەوە، دیارە ئەوکەسانە هەرگیز کێشە دروست ناکەن و لەناویەکدا ناکۆک نابن، و لەبنەڕەتدا بۆئەوە دروستی کردون بکەونە بەر سۆزو میهرەبانی خۆی و لەو دەستەو کۆمەڵەبن کەخوا میهرەبانی لەگەڵ کردوون و ناتەباو پەرتەوازە نەبوون.

بوونی جیاوازی سوننەتێکە لە سوننەتەکانی خوای گەورە لەسەر زەویدا، ژیانیش بەبێ جیاوازی ناڕوات، ناکرێت خەڵکی لەکاروباریاندا چوون یەك بن، ئەهلی لۆجیك وتوویانە: ( ئەگەر جیاوازییەکان نەمان ئەوا دوانەیی نامێنێت).

هەر لەم ڕوانگەوە دەخوازێت هاوسەران لەڕووی دەروونییەوە خۆیان ڕابهێنن و یەکتری قبوڵ بکەن وەك خۆیان، و ڕێز لە جیاوازی یەکتری بگرن، هەوڵیش بدەن بۆ کەمکردنەوەی بازنەی جیاوازی نێوانیان.

لە ڕاستیدا دوو هاوسەر نابینیتەوە لە هەموو شتێکدا سەد دەر سەد هاوڕابن، ئەگەر لە ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ هاوڕابن ئەوا هەنگاوێکی باش و ئەرێنییە. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەردەوام بوونی ژیانی خێزانی نزیك بوونەوەو لێك گەیشتن زیاد دەکات و خاڵی جیاوازی کەمتر دەبێتەوە.

# بەشی شەشەم

## بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری

### یەکەم: هاوسەرگیری عیبادەتە

ئەوانەی نیـــازی هاوســـەرگیریان هەیە لە هەردوو رەگەز ئەوە بەرەو خواپەرستی هەنگاو دەنێن، چونکە کـاری مسـولْمان هەمـووی عیبـادەتە ئەگەر نییەتـــی خواپەرســـتی وفەرمـــانبەرداری خـــوای گەورە بێـــت ( خواردن و خواردنەوەی، خەوتن و حەسـانەوەی، هاوسـەرگیری ....) هەمووی بۆ بەپەرستش بۆ دەنووسرێت ئەگەر نییەت باشی لەگەڵ بێـت، ئەمەو داب و نەریتەکـان بەنییەتـی بـاش دەگۆڕێـت بـۆ عیبـادەت و خـوا پەرستی، هەر لەم سۆنگەوە ئەو گەنجەی واز لەهاوسەرگیری دەهێنێـت ئەوا دەستبەرداری ئەو پەرستشە بووەتەوە.

زانایان و شەرع ناسەکان تاو توێی ئەم پرسەیان کـردووە وتوویـانە ئایـا کامیـان چـاکترن؟ هاوسـەرگیری، یـان یەکلابـوونەوە بـۆ عیبـادەت و خواپەرستی.

جەماوەری زانایان وتوویانە: هاوسەرگیری چـاکترە لەیەکلابـوونەوە بـۆ خواپەرستی، چوونکە سـوودی خواپەرسـتی تەنهـا کەسـەکە دەگـرێتەوە، بەڵام سـوودی هاوسـەرگیری سـوودی بـۆ کەسـەکەو هاوسـەرەکەی و کۆمەڵگـــاش هەیە. پێغەمـــبەری ســـەرووەرمان ﷺ لەم بـــارەیەوە فەرموویەتی: (في بضع أحدكم صـدقة قـالوا: يـا رسـول الله أيـأتي أحـدنا

شهوته ويكون له فيها أجر قال: أرأيتم لو وضـعها فـى حـرام أكـان عليـه فيها وزر فكذلك إذا وضعها فى الحلال كان له أجر )[1].

گەنجان لە پێناوی هاوسەرگیریدا هەرنارەحەتی و ناخۆشی و گرفتێکیـان بێتـەڕێ تووشــی خێروچـاکە دەبـن وەك وتوویـانە: ( الأجـر علــى قـدر المشقة)، واتە پاداشت بە ئەندازەی گرانی و نارەحەتییەکانە.

**دووەم: ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن خوای گەورەیارمەتی دەریانە.**

پێغەمـبەری ئـازیز(ﷺ) فەرمـوویەتی: ( ثلاثـةٌ حـقٌّ علـى اللَّهِ عـونُهُم: المُجاهدُ فى سبيلِ اللَّهِ، والمُكاتِبُ الَّذي يريـدُ الاداءَ، والنَّـاكحُ الَّذى يريـدُ العفافَ)[2].

بەواتای: سێ چین و دەستە لەخەڵکی خوای گەورە کردوویەتی بەحەقێك بەسەر خۆیەوە یارمەتییان بدات و کارئاسانییان بۆ بکات و ڕێنموونییـان بکات، یەکەمیان کەسێك لە پێناوی خوادا بەچەکی خۆیەوە تـێ بکۆشـێت بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئیسلام، خوای گەورە کارئـاسانی بۆ دەکـات، دووەم بەندەیەك لەگەڵ خاوەنەکەیدا ڕێك بکەوێت بەپێدانی ماڵێك یـان هەرشتێکی ترتا ئازادی بکات، بەندەکەش دەیەوێت ئەوەی لەسەری ڕێك کەوتوون بیدات بەخاوەنەکەی، خوای گەورە کـاری ئەو بەنـدەیە ئاسـان دەکـات، سـێیەم ئەوەی دەیەوێـت ژن بێنێـت تـا پارێزراوبێـت لە زینـاو داوێن پیسی.

ئەم کارانەی ئاماژەیان پێ درا لە فەرموودەکەدا کاری قورس و گرانن، گەریــارمەتی و ڕێنمــوونی خــوای گەورە نەبێــت مــرۆڤ ناتوانێــت جێبەجێیان بکات. ئەم کـارانەش لەوانەن خـوای گەورە هـانی بەنـدەکانی

---

[1] رواه مسلم.
[2] صححه الألباني في صحيح الترمذي،(١٦٥٥) وقال حديث حسن.

دەدات ئەنجامی بدەن. خوای گەورەش داوای هەرکارێکت لێ بکات یارمەتیت دەدات بۆ جێبەجێ کردنی.

خوای گەورە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کەهاوسەرگیری دەکەن لە رووی مادی و مەعنەوی و دەروونی و ئیمانی و رەوشتییەوە.

یارمەتی پیاو دەدات لەکارەکەیدا کەبەیانی تا ئێوارە سەرقاڵی کارو کاسبییە لە پێناو دابین کردنی ژیان و گوزەران و خەرجی و پێداویستی خێزانەکەی، یارمەتی ئافرەت دەدات تا کۆرپەکەی نۆ مانگ بەچەرمی سك هەڵگرێ و بەرگەی ئازارو نارەحەتی دووگیانی و منداڵ بوون بگرێت، دواتر شادوو دڵخۆش بێت بە کۆرپەکەی. سوننەتی پەروەردگار لە گەردووندا وایە ( إذا كلفك أعانك) ئەگەر داوای لێکردی یارمەتیت دەدات.

لە بەرامبەردا ئەوەی دەست بەرداری پرۆسەی هاوسەرگیری بێت ئەویارمەتییانەی خوای گەورەی چنگ ناکەوێت. دەڵێن: کچە مامۆستایەکی زانکۆ لە کۆلیجی پزیشکی لەیەکێك لە زانکۆکانی ئەوروپا کەتەمەنی کردبوو بە قوتابییە کچەکانی وت: قوتابییەکانم ئامۆژگاریتان دەکەم شوو بکەن، من گران بەها ترین شتم لە ژیاندا لە دەستدا، دایکایەتی و هاوسەرگیری.

**سێیەم: بەئەندازەی دووریت لە حەرام پێش هاوسەرگیری ئاسوودە دەبیت لە گەڵ خێزانەکەتدا دوای هاوسەرگیری.**

ئەمە تەرازویەکی ووردە، وردتر لە تەرازووی زەڕەنگەر، بەڵکو وردتر لە تاڵە موو.

بەپێی توێژینەوەیەك کەشەش قوتابی کۆلیجی پزیشکی زانکۆی دیمەشق وەك پرۆژەی دەرچوون لە ساڵی ١٩٩٧ز پێشکەشیان کرد، بەناونیشانی

( پەیوەندی سێکسی شەرعی و نا شەرعی لەشاری دیمەشق و گوندەکانی دەوروبەری). لە توێژینەوەکەدا فۆڕمیان بەسەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی رەمەکی (عەشوائی) دابەشکردبوو، فۆڕمەکان دوو جۆر بوون( فۆڕمی هاوسەردار، فۆڕمی رەبەن).

فۆڕمەکە سەد پرسیاری لە خۆگرتبوو، لەنێو پرسیاری هاوسەردارەکاندا ئەمەی تێدا بوو.

ئایا پەیوەندی ناشەرعیت هەبووە پێش ئەنجامدانی هاوسەرگیری؟

ئایا تۆ ئاسوودەیت لە پەیوەندییە تایبەتەکانت لەگەڵ خێزانەکەتدا؟

دەرەنجام بەم شێوازە بووە، هەموو ئەوانەی پەیوەندی ناشەرعییان هەبووبێت پێش هاوسەرگیری، دوای هاوسەرگیری خۆشحاڵ و ئاسوودە نەبوون.

ئەم ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تەرازووەکە وردەو رەخنەگر بینایە.

هەڵەو تاوانێکی قێزەونە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن پەیوەندی ناڕەوا لەگەڵ کچاندا پێش هاوسەرگیری راهێنانە بۆ پەیوەندی دروست و ڕەوای دوای هاوسەرگیری.

راستییەکەی ئەوەیە ئەگەر خوای گەورە فەرمانی پێکردی بەهەرکارێك پابەندی فەرمانی خوای گەورەبە، ئەگەر رێگری لێکردی لە هەر شتێك وازی لێ بێنە، چوونکە فەرمانت پێ ناکات جگە لە خێرو چاکە نەبێت، رێگریت لێ ناکات جگە لە حەرام وخراپە نەبێت.

## چوارەم: خۆپاراستن لەپەیوەندی ناشەرعی

ئەو پڕو پاگەندانە راست نین چەواشە کارین کەبانگەشەی راهێنان لەسەر پەیوەندی سێکسی دەکەنەوە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری، پەیوەندی پیاو بەژنەوە پەیوەندییەکی فیترییە.

هەندێ لە گەنجان کەپابەند نین دەڵێن دەخوازێت پەیوەندیت بە کچێکەوە هەبێت و تا فێربیت دوای هاوسەرگیری چۆن لەگەڵ خێزاندا قسەو هەڵسووکەوت بکەیت وەچۆن لە پرسە تایبەتەکاندا لەگەڵیدا بیت. مایەی سەرسووڕمانە کچێك بڵێت بە هاوڕێکەی ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ کوڕێکدا هەبێت دەزانیت دوای هاوسەرگیری چی روودەدات .

ئەم دیدوو بۆچوونانە هەڵەو نارەوان گەنجان بەرەو هەڵدێرو تیاچوون و لادان دەبات وکۆمەڵگەش وێران دەکات.

پەیوەندی نێوان دوورەگەز پەیوەندییەکی فیترییە، ئەگەر گریمانەمان کرد پیاوێك و ئافرەتێك بە تەنها لەم بوونەوەرەدان  کەسی سێیەمی تێدا نەبێت، خوای گەورە فەرمانیان پێ بکات بە هاوسەرگیری ئەوا دەزانن چۆن هاوسەرگیری بکەن، بەم شێوەیە ئادەم و حەوا سەلامی خوایان لێ بێت هاوسەرگیرییان کرد.

بە هەمان تەرز کێ فێری کۆرپەیەك دەکات دوای لە دایك بوونی مەمکی دایکی بمژێت؟ کێ فێری کرد رزق و رۆزی و خۆراکی لەو شوێنەدایە؟ ئەوە فیترەتەو خوای گەورە بەندەکانی فێر کردووە تا بەردەوام بن لە ژیاندا.

هەر لەم روانگەوە پەیوەندی تایبەتی نێوان ژن ومێرد پەیوەندییەکی فیترییە پێویستی بە فەلسەفەو ئاڵۆزی نییە، هەموو پڕوپاگەندەو

چەواشەکارییەکان بۆ تێکدانی ئەم فیترەتەیە، بەمەستی بڵاو کردنەوەی لادان وخراپەکارییە لەناو ئەم نەوەیەدا.

## پێنجەم: ساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەرگیری سەخت و گرانە .

ئەمە راستییەکی زانستییە، چوونکە ژن و مێرد دوو کەسی جیاوازن، لە دوو ژینگەی ئاینی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دارایی و ... جیاوازەوە هاتوون، لە رۆژی یەکەمی هاوسەرگیرییەوە ژن و مێرد لەوردو دروشتی کاروباری ژیاندا هاوبەشن، پێشبینی دەکرێت جیاوازی زۆریان هەبێت، بێگومان گۆڕینی جیاوازییەکان بۆ تەواوکاری لەم سەرەتاوە کارێکی سانا نییە، هەربۆیە وتمان گرانترین ساڵ لەژیانی هاوسەریدا ساڵی یەکەمە، ساڵی دووەم ئاسانتر دەبێت، بەهۆی لێك گەیشتن و لێك حاڵی بوونی زیاترەوە، ساڵی سێیەم زۆر باشتر دەبێت، واتە ساڵ دوای ساڵ گونجان و لێك حاڵی بوون باشتر دەبێت وبازنەی جیاوازییەکان بەرتەسك دەبێتەوە. با هاوسەرەکان رەش بین نەبن گەرساڵی یەکەم جیاوازییان زۆر بوو، بەڵکو بە ئومێدو هێزو تواناوە روو بەڕووی ببنەوەو زاڵ بن بەسەر کۆسپ و بەربەستەکان وبەردەوام بن لە ژیاندا. هەر لەم سۆنگەوە رێژەی جیابوونەوە لەساڵی یەکەمدا زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دواتردا.

سەرەتا ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن وا دەزانن هاوسەرگیری خۆشەویستی و مانگی هەنگوینی و خۆشی و رابواردنە بەبێ گرانی و ئاڵۆزی و قوربانی، دوای هاوسەرگیری لەراستێتی ژیانی هاوسەرگیری تێدەگەن، چوونکە پێشتر خۆیان بۆ سازوئامادە نەکردووە.

هەر لەم سۆنگەوە بڕیاری جیابوونەوە لەساڵی یەکەمی هاوسەرگیری بەراوردکردنی ژیانی ئایندە لەسەری، کارێکی هەڵەیەو ژیرانە نییە، چونکە دوای ساڵی یەکەم زۆرجار پەیوەندی و لێکگەیشتن باشتر دەبێت، هەروەها با لەیادمان نەچێت پاداشتی خوای گەورە بۆ مرۆڤەکان بەئەندازەی بەرگە گرتنی ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانە.

## بەشی حەوتەم

## کوڕان چۆن هاوسەری ژیان هەڵدەبژێرن

رەنـگە گرنگتـرین و گرانتـرین بڕیارێك مـرۆڤ لە ژیانیـدا بیـدات بڕیاری هەڵبژاردنـی هاوسـەرە، هەڵبژاردنـی هاوبەشـی ژیـان و دایکـی منداڵەکان، چونکە ئایندەی ژیانی مـرۆڤ بەنـدە بەو بڕیـارە چـارەنووس سازەوە.

مـرۆڤ بەهـۆی ئەو بڕیـارەوە یـان خۆشـحاڵ وئاسـوودە دەبێـت یـان نارەحەت و داخ لە دڵ، بۆیە دەخوازێت گەنجان ئەو پرسە زۆر تاوتوێ بـکەن و راوێـژ بەکەسـانی شـارەزاو بەئەزمـوون بـکەن و ئیسـتیخارە بەخوای گەورە بکەن تا دڵیان دامەزراو بکات.

هەندێ لەدرامـاو فلیمەکـان کەپابەنـد نـین بە ئـایین و رەوشـت و ئاکـارو شەریعەتەوە پرسی هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیـان سـادەو ئاسـان دەکەن لەبڕیـاری پەلەو عاتیفـانەو دروشـمی چەواشـەکارانەو وشـەی بـاق و بریقەداری وەك ( عەشق و ئەوینداری و خۆشەویستی و دڵـداری و ...) کوڕان و کچانی پێ لەخشتە دەبەن.

ئەم بڕیارە گرنـگ و هەسـتیارە بەعـاتیفەو بەنـاو خۆشەویسـتی مەیسـەر نابێت، چوونکە ژیان تەنها بەعاتیفەو سەودا بەرێوە ناچێت.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ( ومِنْهُم مَّن يقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيا حَسَنَة وفِي الآخِرَة حَسَنَة وقِنَا عَذَابَ النَّار )[١].

بەواتای: هەیشیانە دەڵـێ: پەروەردگـاری ئێمە! داوات لێدەکەین هەم لە دونیادا خێروچاکەمان پێ ببەخشە، رۆزی زۆرو لەشیساغ و، زانسـت و

[١] البقرة ٢٠١

زانیاری هێزی خواپەرستی ... هتد، هەم لەدواڕۆژیشدا نازو نیعمەتمان بدەرێ، وە لەسزای ئاگریش بمانپارێزە .

هەڵبژاردنی درووست بۆ هاوسەری ژیان دنیات چاك و خۆش دەكات، بەڵام هەڵبژاردنی هەڵەو خراپ ژیانت سەخت و ئاڵۆز دەكات.

ژنی بۆ خوا سوڵحاو لەگەڵ مێردەكەی، منداڵی بڕوادار لەگەڵ باوكیدا پێكەوە دەچنە بەهەشتی بەرینەوە، خوای گەورە لەم بارەوە فەرموویەتی:( ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ)[١].

بەواتای: لە ڕۆژی دواییدا پێیان دەوترێ: دە بچنە بەهەشتەوە خۆتان و ژنەكانتان، لەو پەڕی كامەرانی و خۆشحاڵیی و دڵشادیدا.

بۆیە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان پێویستی بە بیركردنەوەو بەخەرجدانی ژیری و ڕاوێژكردن بەكەسانی دڵسۆزو شارەزاو ئیستیخارەكردن بەخوای گەورە هەیە، ناكرێت بەعاتیفەو سۆزداری بێ ڕەچاوكردنی ئەو خاڵانەی باسی لێوە دەكەین بڕیاری لەسەر بدرێت.

لە باسەكەماندا ئاماژە بە دە خاڵی گرنگ دەدەین كەپێویستە گەنجان ڕەچاوی بكەن لەكاتی هەڵبژاردنی ئەو كەسانەی دەیانەوێت بیكەنە هاوسەری ژیانیان:

**یەكەم: مسوڵمان بوون.**

لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرام و یاساغە مسوڵمان ئافرەتی بێ باوەڕ مارەبكات هەرچەندە بەلایەوە جوان و دڵگیرو سەرنجڕاكێش بێت، بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:(ولا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ ولأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ

---

[١] الزخرف: ٧٠

ولوْأَعْجَبَتْكُمْ ۗ ولا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا ولعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ ولوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ أُولَٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ واللَّهُ يَدْعُو إِلَى الجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ ۖ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لعَلَّهُم يتَذَكَّرُونَ )[١]

بەواتای: ژنانی خوانەناس و هاوبەشدانەر مارە مەکەن، تا باوەڕی دامەزراوو راستەقینە دێنن، ئیمامی (تەبەریی) دەڵێت: ژنانی خاوەن کتێب ونامە، بەر (نەهیی) ئەم ئایەتە ناکەون، واتە: ژنانی ئەهلی کتێب دەتوانرێ مارە بکرێن چونکە ئەمان بەئایەتی: (والمحصنات من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم..) لەسورەتی (النساء) مارە کردنیان بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ کراوە. پێشەوا (عومەر)یش ئەوکاتە کەڕێی لە (تەڵحەو حوزەیفە) گرت لە مارەکردنی ژنانی جوولەکەو گاور لەبەرئەوەبوو کەخەڵکێکی تر چاولەوان نەکاو، دەرەنجام دەست لەژنە موسڵمانەکان هەڵبگیردرێ، وە بەڕاستیی کەنێزەیەکی برواداربۆ هاوسەری لە ژنێکی هاوبەش دانەر هێژاترو باشترە، ئەگەرچی ئەم ژنە خوانەناسە جوانیی و ماڵ ودارایییەکەی سەرسامی کردبن و زۆریش حەزیان لێبکەن، ژنان و کچانی باوەڕدار لەخوانەناس و هاوبەشدانەران مارە مەکەن تا نەبنە خاوەن باوەڕی دامەزراو، چونکە بێگومان بەندەیەکی باوەردار لەپیاوێکی ئازادی هاوبەش دانەرو خوانەناس هێژاترو چاکترە، هەرچەند ئەو موشریکە قەدوقیافەو پایەو پلەی سەرسامتان بکات ، چونکە بەڕاستیی ئەو هاوبەش دانەرانە خەڵکی بۆ نێو ئاگر بانگ دەکەن، خوایش بەفەرمانی خۆی بەرەو بەهەشت و لێبووردن بانگ دەکات، خوا بەڵگەونیشانەکانی خۆیی وحوکمی خۆی هەمیشە بۆخەڵک روون ئەکاتەوە، بەڵکو بیر بکەنەوەو ئامۆژگاری وەرگرن. جاکەوابوو خواستن و مارەکردنی ژنانی موشریک و کافرو (مورتەددە)و لەدین وەرگەڕاوە باتڵ و قەدەغەیە،

---

[١] البقرة ٢٢١.

بەڵام ژنـــانی ئەهلـــی کیتـــاب» بـــێجگە لە موحاریب»خواســـتن و مارەکردنیـان حەڵاڵە؛ وە بەهـیچ جـۆرێکیش ژنـی موسـڵمان و خـاوەن بـاوەڕ نـابێ لەموشـریک و کـافرو لەدیـن وەرگەڕاوەو ئەهلـی کیتـاب مارەبکرێ ...

رەنگە گەنجانێك ئافرەتێکی بـێ بـاوەڕ کەبڕوای بە خـوای گەورە نییە، یان سـەفەری دەرەوەی وڵاتـی کـردووە ئـافرەتێکی هیندۆسـی سـەرنجی راکێشاوە نابێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات با بەلایەوە جوان و سـەرنج راکێش بێت.

بۆیە مسوڵمان نابێت ئەوانەی هیچ ئاینێکیان نییە یان ئەوانەی هـاوەڵ بـۆ خوای گەرە دادەنـێن مـارە بـکەن بەڵام دەتـوانن گـاورو جـوولەکە مـارە بکەن بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: (اليوم أُحِلَّ لكُمُ الطيِّبَاتُ وطعَامُ الَّـذِينَ أُوتُوا الكِتَـابَ حِـلٌّ لَّكُـمْ ۖوطعَـامُكُمْ حِـلٌّ لَّهُـمْ ۖ والمُحْصَـنَاتُ مِـنَ المُؤْمِنَـاتِ والمُحْصَنَاتُ مِـنَ الَّـذِينَ أُوتُـوا الكِتَـابَ مِـن قَـبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُـوهُنَّ أُجُـورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ولا مُتَّخِذِى أَخْدَانٍ ۗ ومَن يكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَـبِطَ عَمَلُهُ وهُـو فِـى الآخِـرَةِ مِـنَ الخَاسِـرِينَ)[١] .بەڵام ئەم بـواردان روخسـەتە شەرعییە دەبێت زەرورەتێك هەبێت بۆ ئەنجامـدانی ئەم هاوسـەرگیرییە، لەم سـەردەم و بـارودۆخەدا شیاو نییە ئـافرەتێکی جـوولەکە یـان گـاور منـداڵی مسـوڵمان پەروەردە بکـات، چـوونکە پیـاو بەزۆری لەدەرەوەی ماڵەو منداڵەکانیش لای دایکیـانن و پەروەردەو ئاکـارو نەریتـی دایکیـان وەردەگرن .

سـەرەڕای ئەوەی ئەوانەی هاوسـەرەکانیان گـاور یـان جـوولەکەن زۆرینەیـان بەخـتەوەر نـین لەژیانـدا، کەمێکیـان سـەرکەوتووبوونەو خێزانەکانیان مسوڵمان بوونە.

---

[١] المائدة ٥

**دووەم: چاکی**

ژنــی چــاك پشـــتیوانی مێردەکەیەتـــی و دەیپارێزێـــت، پێغەمـــبەری سەروەرمان(ﷺ) فەرموویەتی: (فَاظفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يدَاكَ )[١] .
هەروەهـا فەرمـوویەتی: ( الـدنيا كلهـا متـاع، وخيـر متاعهـا المـرأة الصالحة)[٢].

بەواتای: دنیا چێژوو خۆشییە، باشترین خۆشی دنیا ئافرەتێکی چاکە.

بزانە باشترین چێژو خۆشـی دنیـا خێزانێکـی باشـە، ژنـی چـاك باشـترە لەکاروو پیشەکەت لە پلەو پایەو بڕوانامەکەت باشترە لەماڵ و سـامان و کۆمپانیاو ... تاد.

**سێیەم: هوشیاری**

دەخوازێـت گەنجـان کەسـی هوشـیار هەڵبژێـرن و بـیکەنە هاوسـەری ژیانیان، ژنی هوشیار ئەندازەیەك شارەزایی کاروباری نێو مـاڵی هەیەو هەنـــدێ لەکاروبـــاری ئـــابووری و پەروەردەی منـــداڵ وچـــاودێری هاوسەرەکەی و رۆشـنبیری گشـتی هەیە وژیـرو وریـایە، گەر هوشـیار نەبێـت وسـاویلکە بێـت خـۆی و مێردەکەشـی توشـی کێشـەو سەرئێشـە دەکات بەخۆی بزانێت یان نا.

پێویستە کوڕ راستەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ ئاسـتی هوشـیاری ئەو کەسـە بزانێت کە دەیەوێت بیکـاتە هـاوژینی خـۆی لەمیـانەی گفتوگـۆ لەبـارەی پرسێکی دیاری کـراوەوە یـان چەنـد پرسـیارێکی گشـتی وکـراوە تادیـدو تێڕوانینی بۆ ژیان بزانێت، لەمیانەی وەڵامی پرسیارەکانەوە دەتوانرێت ئاستی هۆشیاری و ژیری بەرامبەر بزانیت.

---

[١] متفق عليه
[٢] اخرجه مسلم والترمذي

ئافرەتی هوشیار دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ مێردەکەی و خۆشحاڵی بکات، بەڵام ئافرەتی گەمژەو ساویلکە پیاو شەکەت و بێزار دەکات، پێشینان وتوویانە هاورێتی کەسی ساویلکە مەکە کاتێك دەیەوێت سوودت پێ بگەیەنێت نازانێت زیانت پێ دەگەیەنێت، راستییان وتووە هەموو دەردێك دەرمان و چارەی هەیە جگە لە گەمژەیی کەس نییە تیماری بکات.

## چوارەم: شەرموو حەیا.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ لِكُلِّ دِينٍ خُلُقًا، وَخُلُقُ الْإِسْلَامِ الْحَيَاءُ)[١]. هەروەها فەرموویەتی: ( إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الاولى: إذا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ)[٢] .

شەرم و حەیا پرسێکی گرنگ و خوازراوە بۆ خانمان، گەر شەرم وحەیا بۆ پیاوان ئاکارێکی جوان بێت ئەوا بۆ ژنان جوانترە، گەر بۆ پیاوان زینەت و رازانەوە بێت ئەوا بۆ خانمان زیاتر مایەی شکۆو رازانەوەیە.

جوانی ئافرەت لە شەرم و حەیایدایە، نەنگییە ئەو ژنانەی وەك پیاوان هەڵسووکەوت دەکەن لەهەڵسان و دانیشتن و پۆشین و پێکەنین و گەڕان و چوونە دەرەوەیاندا.

جیاوازی هەیە لە نێوان حەیاو خەجاڵەتیدا حەیا بارێکی دەروونییە رێگری لەخاوەنەکەی دەکات کاری حەرام و نەهی لێکراو بکات بەڵام خەجەل بارێکی دەروونییە لاوازی کەسایەتییە سەرچاوەکەی ترسانە،

---

[١] رواه ابن ماجة ومالك.
[٢] رَواهُ الْبُخَارِي.

وا لەکەسەکە دەکات نەتوانێت داوای مافی خۆی بکات یان راو بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

شەرم و حەیا ستایش کراوەو بەڵگەی هێزوتوانایە، بەڵام خەجەل زەمکراوەو بەڵگەی لاوازییە.

## چۆن بزانیت ئەو کچە خاوەنی شەرم و حەیایە؟

شەرم و حەیای ئەو کچەت بۆ دەردەکەوێت لەمیانەی مامەڵەو هەڵسووکەوتی لە ژیاندا، پەیوەندی لە گەڵ دەوروو بەریدا، هەروەها لە میانەی ئاخاوتنن لە گەڵیدا، هەروەها لە میانەی رەفتارو گفتوگۆی لەگەڵ دایك و باوك و خانەوادەکەیدا، هەروەها ئەو جل و بەرگەی کەپۆشیویەتی ...تاد.

بەکورتی پرسی شەرم و حەیا بابەتێکی گرنگ و خوازراوە لە خانماندا، خێرو خۆشی لە ئافرەتێکدا نییە خاوەنی شەرم و حەیا نەبێت.

## پێنجەم: گوێڕایەڵی

ژنی چاك گوێڕایەڵی مێردەکەیەتی لە سنورو بازنەی شەرعدا، گوێڕایەڵی دەکات چوونکە پیاو بەڕێوەبەری ماڵە، بەڕێوەبەریش گوێڕایەڵی دەکرێت، کاروباری هیچ کۆمەڵێکیش بەبێ بوونی گوێڕایەڵی راست و مەحکەم نابێت.

مایەی سەرسوڕمانە خەڵکانێك باسی گوێڕایەڵی قوتابی بۆ مامۆستا، فەرمانبەر بۆ بەڕێوەبەرەکەی، مامۆستای زانکۆ بۆڕاگری کۆلیجەکەی، پزیشك بۆ بەڕێوەبەری نەخۆشخانە ... دەکەن. ئەگەر ئافرەت لەم بوارانەی ئاماژەمان پێدا گوێڕایەڵ و پابەندبوو مایەی نەنگی و کەمی نییە بەڵکو ئەرکی سەرشانیەتی و نیشانەی تێگەیشتوویی و داناییە.

بەڵام کەباس هاتە سەر گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ مێردەکەی هەڵوێستیان دەگۆڕی و دنیایان لێ دێتەیەك، گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی لێیان دەبێتە خەوش و شوورەیی و نەنگی و دواکەوتوویی.

لەراستیدا گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی نیشانەی ژیری و زیرەکی و لێهاتوویيە، ئاماژەو نیشانەی سەلامەتی کەشتی خێزانییە.

چۆن پێش پرۆسەی هاوسەرگیری بزانین ئەو کچە گوێڕایەڵی مێردەکەی دەبێت؟

دەتوانین زانیاریمان دەست بکەوێ لەمیانەی گوێڕایەڵی دایکی کچەکە بۆ باوکی یان گوێڕایەڵی خوشکەکەی بۆ مێردەکەی، چوونکە زۆر جار کچ کیژی دایکێتی و قوتابی خوشکەکەیەتی. ئەگەر زانرا دایکی کچەکە گوێڕایەڵی مێردەکەی ناکات و سەرکەشە، ئەستەمە بتوانی کچەکەی بکەیتە هاوسەرت مەترسی هەیە کچەکەی هەمان خوو رەفتاری دایکی هەڵگرتبێت.

## شەشەم: جوانی

ئاینی پیرۆزی ئیسلام جوانی بەیەکێك لە هاندەروحەزەکانی هاوسەرگیری دادەنێت، ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز لەم سۆنگەوە فەرموویەتی: ( تُنْكَحُ المَرْأَة لِأَرْبَعٍ : لِمَالِهَا ، ولِحَسَبِهَا ، ولِجَمَالِهَا ، ولِدِينِهَا ، فَاظفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَت يدَاكَ ) [١] .

جوانی مرۆڤیش رێژەییە و پێوەری جیگیری نییە، ئەوەی کەسێك بەجوان و شۆخی دەزانێت لای کەسێکی تر وانییە رەنگە ناشیرینیش بێت بەلایەوە، یان ئەو جوانییەی پیاو دەیبینێت لە ژنەکەی کەسانی تر وا نایبینن.

---

[١] متفق عليه

زۆرجار لە کۆمەڵگای خۆماندا جیاوازی روو دەدات لە نێوان دایك و کوڕدا سەبارەت بە جوانی، دایك کچێکی بەلاوە جوان و شۆخو شەنگەو حەز دەکات بیکاتە بووکی خۆی، بەڵام کاتێك کوڕەکە دەیبینێ بەلایەوە جوان نییەو ناچێتە دڵیەوە، دەشێت پێچەوانەکەشی رووبدات کچێك بەدڵی کوڕەکە بێت بەڵام بەلای دایکییەوە جوان نەبێت.

بۆ ئەم بابەتە دەخوازێت رای کوڕەکە بەهەند وەرگیرێت و لەکۆتادا خێزانی ئەوەو ئەو لەگەڵی دەژیت، پێویستە دایکانیش فشار نەخەنە سەر کوڕەکانیان بۆ رازی بوون بە کەسێکی دیاری کراو چوونکە دەرەنجامی باشی نابێت.

ئەو گەنجەی عەودالی جوانییەو بەهەندی وەردەگرێت، گرنگە لەگەڵ جوانە دڵخوازەکەیدا رەچاوی ئەم سێ خاڵە گرنگە بکات:

١- دەخوازێت جوانییەکەی بۆ ماڵ و مێردەکەی بێت، نەك بۆ خۆنمایشکردن بێت لەبازاڕو شەقام و مەراسیمەکان ... تاد، ئەگەر وابوو جوانی ئەو ئافرەتە نابێتە مایەی چێژو خۆشی بۆ مێردەکەی بەڵکو نیگەران ودەردەداری دەکات.

٢- شانازی نەکات بە جوانییەکەی و لووت بەرزو خۆ بەگەورەزان نەبێت، خۆی لەسەرووی خەڵکەوە ببینێت و خۆی بەچاکترین کچ بزانێت، ئەگەر وابوو ئەوا بەسەر مێردەکەیدا زاڵ دەبێت و حیسابی بۆ ناکات، ناخۆشترین شت بەلای پیاوەوە فیزولووتبەرزی ژنانە.

دەڵێن: پیاوێکی نابینا هاوسەرگیری کردوو ژنێکی هێنا، ژنەکەش نابینایی مێردەکەی قۆستبۆوە بەردەوام بەلووت بەرزییەوە وەسف و سەنای خۆی دەکردوو بەمێردەکەی دەوت: ئای ئەگەر تۆ جوانی و روخسارو کوڵمە گەش وسورەکەم و جوانی و سیحری چاوو برۆکانمت دەبینی ... زۆر جار ئەم بەیت و بالۆرەی بۆ پیاوەکە دەوتەوە، مێردە

نابیناکەی نیگەران و بێزار بوو لەم قسانەو رووی تێکردوو وتی: خانم وازبێنە لەم قسانە تۆ گەر هێندە جوان و نەشمیل بویتایە هەرگیز چاو ساغەکان دەست بەردارت نەدەبوون و بۆ منی نابینا نەدەمایتەوە!

٣- جوانییەکەی پارێزراوبێت بەدینەکەیەوە، جوانی بۆ ئافرەت چاکە بەڵام چاکترین ئەوەیە ئەو جوانییە وابەستە بێت بە دینەوە، رازاوەبێت بە پاکیزەیی وپۆشتەییەوە.

دەڵێن: کۆمەڵێك ئافرەتی جوانیان نمایش کرد بۆ فەیلەسوفێك و پێیان وت: کامیان هەڵدەبژێریت؟

فەیلەسوفەکە ئاماژەی بۆ گردێکی دوور کرد ئافرەتێکی بەسەرەوە بوو!! وتی: ئەوەم دەوێت، وتیان بۆ ئەوە هەڵدەبژێریت وتی: چوونکە ئەو ژنە دوورە لەدەست و تێڕوانینی خەڵکی.

**حەوتەم: رەچەڵەك**

رەچەڵەك مایەی شکۆیی باوو باپیرانەو سەلامەتی پەیوەندی خێزانییە، ئەوەی ویستی ژن بێنێت بائافرەتێك هەڵبژێرێت لە کانزایەکی بەنرخ، و ناسراو بەئەدەب وپاکیزەیی، لەخێزانێکی باش و گونجاوو یەکگرتوو، چوونکە مرۆڤ نەوەی ژینگەکەیەتی کوڕبێت یان کچ .

لە فەرمـوودەکەی پێشـوودا ئامـاژە بە رەچەڵەك کـرا( لحسـبها)بۆیە دەخوازێت بایەخ بەم پرسە بدەین زۆر گرنگە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیمان، پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: دوو لەسەر سێی منداڵ دەچێتەوە سەرخاڵوانی.

دەخوازێت کوڕ زانیاری پێویست کۆبکاتەوە لەسەر رەچەڵەك و خانەوادەی ئەو کچەی دەیەوێت بیکاتە هاوژینی، با سیمای گشتی

خێزانەکە پابەند بوون بەدین بێت، و گیانی هەماهەنگی و هاوکاری لە خانەوادەکەدا هەبێت.

لەکاتی هەڵبژاردنی خانەوادەیەکدا دەخوازێت سیمای گشتی ئەو خێزانەی دیاری دەکەیت، چاکەو شکۆمەندی و تۆکمەیی خێزانی بێت. چوونکە هەر خانەوادەیەك بنەچەکەی باش بێت نەوەکانی لەسەرجوامێری و رەوشتی جوان و چاکخوازی و رێزی هاوسەرو ئاکاری بەرزو جوان پەروەردە دەکات، لەکاتی ئەگەری کێشەو گرفتدا دەزانی لەگەڵ کێ دەدوێیت و هەڵسووکەوت دەکەیت.

**هەشتەم: پاکوخاوێنی**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بایەخی تایبەتی بەپرسی پاکوخاوێنی داوە ئەوەتا نوێژو تەواف و هەڵگرتنی قورئان بەبێ دەست نوێژ نابێت کەپاکو خاوێنییە.

پێغەمبەر ئازیزﷺ فەرموویەتی: (الطهُورُ شَطرُ الْإيمَانِ )[١].

(طِّهـرُوا أَفْنِيـتَكُمْ ، فَـإِنَّ اليهُـودَ لا تُطـهِّـرُ أَفْنِيتَـهَ)[٢]. واتە: ماڵەکانتان بەخاوێنی راگرن، ماڵی جوولەکەکان خاوێن نین.

مرۆڤی ئاسایی بەسروشتی خۆی حەزی لەپاکو خاوێنییەو رقی لەپیس و پۆخڵییە، ئەوەی پیاو زۆر نیگەران دەکات ئەوەیە ماڵەکەی بەپیسی و شپرزەیی ببینێت، یان ئەو خواردنانەی بۆی دادەنرێت هەست بکات پاکو خاوێن نییە، خێزانەکەی پاك و تەمیز نییە، یان مندالەکانی بۆنی

---

[١] أخرجه مسلم.
[٢] أخرجه الطبراني في المعجم الأوسط ، وحسنه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة.

ناخۆشیان لێبێت، ئافرەتی پاکو خاوێن چێژو ئارامی دەروونی دەبەخشێتە مێردو منداڵەکانی .

دەکرێت پاکو خاوێنی کچ لەپاکو خاوێنی ماڵە باوکییەوە دەرکەوێت، دەکرێت کوڕ دایکی یان خوشکی بنێرێت بۆ ئەو ماڵەو لە دانیشتنێکی ژنانەدا زانیارییان لەسەر پاکو خاوێنی ئەو کچە دەست بکەوێت.

**نۆیەم: خزمی زۆر نزیك نەبێت**

لەراستیدا پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی باشدا بکرێت جا خزم بێت یان دوور، بەڵام رەنگە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی دووردا لەرووی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە باشتر بێت.

هەندێك نەخۆشی لەزانستی پزیشکیدا پێی دەوترێت نەخۆشی بۆماوەو لەباوکانەوە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە، تاپەیوەندی خزمایەتی نزیك تر بێت ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشییەکان زیاتر دەبێت.

هاوسەرگیری لەگەڵ خزمە نزیکەکان حەرام نییە بۆ نموونە کوڕێك حەز دەکات ئامۆزایەکی مارەبکات و مەرجەکانی کەبەدڵێتی تیایدا بێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی تری دەستکەوت هەمان پێوەرو مەرجی تێدابوو رەنگە باشتربێت کەسە دوورەکە بهێنێت.

لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هاوسەرگیری لەنێوان خزمە زۆر نزیکەکان لەکاتی رووداني کێشەی خێزانی یان نەگونجانی ئەو دووکەسە پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی نێوان خانەوادەکان تێك دەچێت و بەشێك لەخزمان پشتگیری کوڕەکە دەکەن و ئەوی تریان پشتگیری کچەکە دەکەن هەندێ جار دەگاتە ئەوەی سیلەی رەحم و خزمایەتی نێوانیان بپچڕێت.

یەکێك لەسوودەکانی هاوسەرگیری زیاد بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، ئەگەر هاوسەرگیری لەبازنەی خزمایەتیدا بێت ئەوا پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی دووردا بوو ئەوا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ دروست دەبێت و بازنەی پەیوەندییەکان فراوانتر دەبێت.

**دەیەم: خۆشەویستی**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (ۆمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وجَعَل بَيْنَكُمْ مَوَدَّه ورَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأياتٍ لِقَوْمٍ يتَفَكَّرُونَ )[١].

زۆرینەی دایباب و باپیرانمان لەرابردوودا لەسەر بنەمای بەناو خۆشەویستیدا هاوسەرگیرییان نەکردووە، لەژیانی خێزانیدا تا رادەیەکی باش سەرکەوتووبوونە، رێژەی جیابوونەوە زۆر کەم بووە یان دەگمەن بووە بەبەراورد بەم سەردەمە.

بەپێی توێژینەوەیەك زانکۆی قاهیرە ئەنجامی دابوو لە٨٨ %ئەوانەی پێش هاوسەرگیری دڵدارو خۆشەویستی یەك بوونە ئەنجامەکەی بەتەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی هاتووە، ئەوانەی بەبێ بەناوخۆشەویستی بەشێوە ئاساییەکە هاوسەرگیرییان کردووە لە٧٠٪ یان سەرکەوتووبوونە.

کوڕان وکچان وا دەزانن بەهۆی خۆشەویستی و سۆزدارییان بۆیەکتر دەتوانن لە ژیانی خێزانیدا سەرکەوتووبن و هەورازو نشێوەکانی ژیان بەسەرکەوتوویی بگوزەرێنن، بەڵام ئەم بۆ چوونانە راست نین و واقعی

---

[١] الروم ٢١

ژیان بە درۆی دەخاتەوە. ئەگەر پەیوەندییەکان بەپێی بنەما شەرعییەکان و پەروەردەی درووست وبۆ خوا سوڵحان نەبێت ژیانی خێزانییان بەردەوام نابێت، چوونکە لایەنی عاتیفەو سۆزداری تەمەنی کورتەو دوای چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێك دادەمرکێتەوە.

بەڵام هاوسەرگیرییەك بەپێی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێدا ئەنجام بدرێت سەرکەوتوو تردەبێت و هەردوولا پێوەی پابەند دەبن.

لەراستیدا خۆشەویستی راستەقینە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری دێتە دی، خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری بەزۆری فریودان وفێڵ و درۆو چاوبەستەکییەو ئامانجی نارەوای لە پشتەوەیە، خۆشەویستی گەر مەرج وسیفاتەکانی تری لەگەڵدا نەبێت ناکرێت بکرێتە پێوەر بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

خۆشەویستی راستەقینە ئەوەیە کەئایەتە پیرۆزەکە ئاماژەی پێداوە: (وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَق لكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزواجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وجَعَل بَيْنَكُمْ مَوَدَّة ورَحْمَةً ۚ إِنَّ فِيذٰلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يتَفَكَّرُونَ )[١].

## چوار سەرنجی گرنگ لە روانگەی ئایەتە پیرۆزەکەوە:

١- ریزبەندی وشەکان لەئایەتەکەدا بە شێوازێك دانراوە ، یەکەم هاوسەرگیری مایەی سوکنایی و سرەوتنی دەروونی و مادی و خۆشەویستی و بەزەییە، مەوەدەتیش دوای هاوسەرگیری دێتە ئاراوە.

٢- ( وجعل بينكم مودة ورحمة) ئاماژەیەکە کە مەوەدەت و بەزەیی و مهرەبانی خواکردەو لەدڵ ودەروونی هاوسەرەکاندا دەیچێنێت دوای پرۆسەی هاوسەرگیری.

---

[١] الروم ٢١

٣-خــوای گەورە بــاس لە( مــودة) دەكــات نەك ( حــب) خۆشـەویسـتی، جیــاوازی هەیە لەنێــوان خۆشەویســتی و مەوەدەت، خۆشـەویســتی حاڵەتێکی سۆزداری دڵ و دەروونە، مەوەدەتیش حــاڵەتێکی ئاکــاری و سلوکییە، واتە مەوەدەت خۆشەویستی کردارییە.

دەکرێت ژنێك مێردەکەی خـۆش بوێـت، بەڵام کاتێـك مێـردەکەی بەیـانی زوو دەڕوات بۆسـەرکار ژنەکە زوو هەڵناسـێت خــواردنی بـۆ ئامــادە بکات و بەڕێی بکات، یان نایەوێت پەیوەندی بە خەسوویەوە بکـات، یـان حەز ناکـات خەسـووی بێـتە مـاڵی کـوڕەکەی، دەڵـێ مێردەکەشم خـۆش دەوێت، ئەم جۆرە خۆشەویستییە هیچ بەهاو کەڵکێکی نییە.

پێویستە خۆشەویستی بگوڕێت بۆ رەفتــارو هەڵسوکەوت کە( مەوەدەتە) ، خۆشی و ئاسوودەیی خۆی لە ئاسوودەیی هاوسەرەکەیدا ببینێتەوە، ئەو کــارانە بکــات مێـردەکەی پێـی دڵخۆشــەو دوورکەوێـتەوە لەو شـتانەی مێردەکەی پێی نیگەران و ناخۆشـە، ئەمە کرۆکـی خۆشـەویسـتی و رێـز لێنــانە، بــۆیە (مەوەدەت) رەفتــارێکی هەڵقــوڵاوی خۆشەویســتی دڵە، تەواوترە لە خۆشەویستی رووکەشانە.

٤- (ورحمــة) قۆنــاغی بەزەیــی هەمــوو قۆناغەکــانی ژیــان دەگــرێتەوە بەتــایبەت لەکــاتی پیــری و نەخۆشــیدا، یــان دەکرێــت (مەوەدەت) بەهۆکارێـك لە نێـوان ژن و مێـردا نەمێنێـت ئەو کــات بەزەیــی ئەو بۆشــــاییە پڕدەکــــــاتەوە، پیاوئەوکــــــات هەوڵ و مانــــــدووبوون ونارەحەتییەکانی پەروەردەکردن و گەورە کردنی منداڵ و هەورازو نشێوەکانی ژیانی ژنەکەی بەرز دەنرخێنێت و رێزی لێ دەگرێت.

## بەشی هەشتەم

## بزانە کێ دەکەیتە دایکی منداڵەکانت؟

## یان پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان

لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەخوازێت بەپلەی یەکەم رەچاوی دین و رەوشتی کەسەکە بکرێت و ئینجا بڕیاری هاوسەرگیری بدرێت، چونکە کۆمەڵێك ئاکارو ەوشت و هەڵسووکەوت و سرووشتی ناپەسەند هەیە زۆر زەحمەتە مرۆڤ بەرگەی پێکەوە ژیان بگرێت لەگەڵیدا، ئەو سیفەتانە ئەگەر لەپیاودا هەبوو بۆ ژن گران وئەستەمە بەرگەی بگرێت و بەردەوام لەنێو ژیانێکی ئاڵۆزو گراندا بێت، ئەگەر لەژنیشدا بوو ئەوا بۆ پیاو ناڕەحەتە بەرگەی بگرێت و ژیانی ناخۆش و تاڵ بکات، بۆیە دەخوازێت لە لایەن رەوشتییەوە پێشتر پیاو زانیاری باشی دەست کەوێت سەبارەت بەو کچەی هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات و ئەو رەوشت و سیفاتە خراپ و ناشیرینانەی نەبێت کەببێتە مایەی کێشەو گرفت و سەرئێشەی ڕۆژانەو چارەسەری ئەستەم ومەحاڵ بێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بەچەند پێوەرێك دەکەین کەپێویستە رەچاو بکرێت لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا:

- هەڵبژاردنی هاوسەری چاك و گونجاو پرۆسەیەکی ئاسان نییە بیرکردنەوەی لەسەرخۆی دەوێت و پێوستی بەئیستیخارەکردن و راوێژکردنی زۆر هەیە بەکەسانی شارەزاو دڵسۆز.

چونکە ئەگەر لەپرۆسەی هەڵبژاردندا سەرکەوتوو نەبوویت ئەوا لەداهاتوودا تاڵاوو ناڕەحەتی زۆردەچێژیت و رەنگە ژیانی خێزانیت بەرەو قەیران و کێشەو پەرتەوازەیی و جیابوونەوە بڕوات.

- هاوسەرگیری سوننەتی خوایە لە گەردوندا لەمیانەیەوە سەرزەوی ئاوەدان دەبێتەوە وەچەو نەوەی نوێ دێتە دنیاوەو مایەی سووکنایی و دڵنیایی و حەسانەوەیە ئەگەر بێت و پرۆسەی هەڵبژاردنی ژن و مێرد بەرێگایەکی درووست و تەواوبێت.

- ژن لەماڵی مێردەکەیدا ئەمینداره بەسەر ماڵ و سامان و ئابڕوی مێردەکەیدا و منداڵەکانی پەروەردە دەکات و نهێنییەکانی دەپارێزێت هەربۆیە ئیسلام بایەخی بەچاك هەڵبژاردنی خێزان دەدات، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێوەرمان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ژنی ساڵح و چاك لەوانە:

١- کەسێکی دیندارو خواناس بێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ژنی دیندار یارمەتی مێردەکەی دەدات لەسەر خواناسی و خواپەرستی و منداڵەکانی بەجوانی پەروەردە دەکات و بەمەش کۆمەڵگا چاك و تەندرووست دەبێت، ئەوکەسەی دیاری دەکەیت با لەخێزان و بنەماڵەیەکی چاك و رەسەن بێت چونکە کاریگەری لەسەر سەرگەشەو پەروەردەی کچەکە هەیە.

کەسێکی رەوشت بەرزو جوان بێت و ئەمەش پەیوەندی بەدینداری کەسەکەوە هەیە دینداری کەسەکە رێگری لێ دەکات لە قسەی ناشیرین و سووك و زمان شڕی و قسەی بێسەرەو بەرەو نالۆجیکانە.

دەوترێت لوقمانی حەکیم ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و پێی دەڵێت: ( يا بني، اتّق المرأة السوء فإنها تشيبك قبل المشيب، يا بني استعذ بالله من شرار النساء، واسأله خيارهن، فاجهد نفسك في الحصول على الصالحة الطيبة تلق السعادة أبد الحياة).

کوڕەکەم خۆت بپارێزە لەژنی خراپ، چونکە پیرت دەکات پێش ئەوەی پیربیت ، کوڕەکەم پەنابگرە بەخوا لەژنە خراپەکان و داوا لەخوا بکە

ژنی چاکت پێ ببەخشێت، هەوڵبدە ژنـی چـاك و بـاش بهێنیت ئـەوكات بەدرێژایی ژیان ئاسوودە دەبیت.

٢- ژنێـك بێنـە منـداڵی ببێـت و تواناـای منـداڵ بـوونی هـەبێت و ئەونەخۆشـییانەی نـەبێت كـە رێگـری دەكـات لەمنـداڵ بـوون ئـەوەتا سەروەرمان فەرموویەتی: (جاءَ رجلٌ إلـى النَّبـيِّ (ﷺ) ، فقـالَ : إنِّـي أصَبتُ امرأةً ذاتَ حسبٍ وجمالٍ ، وإنَّها لا تلِدُ ، أفأتزوَّجُهـا ، قـالَ: لا ثـمَّ أتاهُ الثَّانيةَ فنَهاهُ، ثمَّ أتاهُ الثَّالثةَ، فقالَ: تزوَّجوا الوَدودَ الولـودَ فـإنِّي مُكـاثرٌ بِكُمُ الأُممَ)[١].

٣- پێوەری كەسی.

پێوەرە كەسییەكان لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تـر دەگۆڕێـت بـەپێی ئاسـتی زانستی و رۆشنبیری و پێگەی كۆمەڵایەتی و پیشەو تەمـەن و هۆكـاری تر، بۆهەڵبژاردنی هاوسەری گونجاو كەپیاو حەز دەكات بیكاتـە خـانمی ماڵەكەی و ژیانی لەگەڵدا بەسەر بەرێت، دەخوازێت هەندێك مواسەفاتی كەسی تایبەتی هـەبێت لەوانـە: جەوهـەری نـاخی كەسـەكەو كەسـایەتییە جیاوازەكەی و پەسەندێتی، چوونكە جـوانی نـاخ و كەسـایەتی جیـاوازی ژن كە بەكەسانی تر نەچێت خاڵێكی گرنگ و سەرنجڕاكێشە، وادەكـات پیاو كەمەند كێش بكات و هەڵی بژێرێـت و بیكاتـە هـاوژینی ئاینـدەیی و ژیانی لەگەڵدا تەواو بكات.

دیارە پێوەرە كەسـییەكان و پێـوەری جوانی و روكـەش لەیەكێكـەوە بـۆ یەكێكی تـر دەگۆڕێـت، گرنگترینیـان جـوانی نـاخ و گیانـە واتـە جـوانی ناوخۆیی سەرەڕای جوانی لەش و لارو روخسار.

---

[١] أخرجه أبو داود عن معقل بن يسار(٢٠٥٠) واللفظ له، والنسائي (٣٢٢٧)، وقال الألباني في صحيح أبي داود حديث حسن صحيح.

٤- پێوەری رەوشتی بۆ هەڵبژارنی هاوسەر:

ئـەم پێـوەرە خـۆی لـە لوتـف و مامەڵـەی جـوان و سـەنگین و هـێمن و لەسەرخۆو رێزدار لەگەڵ مێردو دەوروبەرەکەیدا دەبینێتـەوە، توانـای چارەسـەری کێشـەکانی هـەبێت بەنـەرم و نیـانی و لەسـەرخۆیی، و کەسێکی جێ متمانە بێت، بتوانی مـاڵ و منداڵ و نهێنـی پـێ بسپێریت، بۆیە رەوشت بـەرزی و متمانـە دوو پێـوەری گـرنگن لـەبواری ئاکـارو رەوشتدا.

کەسی تورەو هەڵەشەو زمان درێژ نـەبێت هەرچەند بەلاتـەوە جوان و شۆخ وشەنگ بێت چونکە ئافرەتی هەڵەشەو دەنگ و قیژە زل خۆی پێ کـۆنترۆڵ ناکرێـت، لەکاتـە گرانەکانـدا رەنگـە ببێتـە هۆکـاری هەڵوەشانەوەی خێزان.

٥- پێوەری کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان:

هاوئاستی و هاو ئامانجی پێوەرێکە پیاوان بایـەخی پـێ دەدەن، دەکرێت پیـاو بـەدوای ژنێکدا بگـەرێت کەئاسـتی زانسـتی و رۆشـنبیری دیـاری کراوی هـەبێت، چوونکـە ئەمـە دەبێتـە مایـەی پێکـەوە گونجـانی باشتر، ئاستی بیرکردنەوەو بەدیهێنانی ئامانجەکان و، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی باشتر یارمەتی پیاو دەدات لەکاروباری ژیاندا.

٦- ژنێك بێت توانـای پەیونـدی کردنـی بـاش بێت لەگـەڵ مێردەکـەی و دەورووبەرەکەیداو بتوانێت گفتوگۆی جوان و ئامانجدار بکات و توانـای تێگەیشـتنی بـاش بێـت لەچارەسـەری کێشـەکان و بتـوانێ بەباشـی راو بۆچـوونی خـۆی دەربرێـت و گـوێگرێکی بـاش بێـت، و بـەهێمنی و لەسەرخۆیی بدوێت و رێزوخۆشەویستی بپارێزێت.

٧- گونجانی کلتورو بەها و نەریتی خێزانی و ڕێبازە کەسییەکان. هەندێك بەهای خێزانی وئاکاری کەسی هەیە پیاو حەزی لێ دەکات و شانازی پێوە دەکات و حەز دەکات ژنێك هەڵبژێرێت هاوکارو بەشداری بێت لەم پرۆسەیەداو ئەمەش پێکەوە ژیان و پەیوەندی خێزانی باش دەکات و ژنەکە زیاتر دەگونجێت لەگەڵ کەس و کارو خانەوادەی مێردەکەیدا.

ئەوکەسەی هەڵی دەبژێرێت با لەنێو خێزانی باش و چاك و ڕەسەندا بێت، چونکە ئەو ژنە سیفات و ڕەوشتی خانەوادەو بنەماڵەکەی هەڵدەگرێت و کاریگەری لەسەر هەیە.

هەڵەیە وابزانرێت هاوسەرگیری پرۆسەسەیەکە تەنها لەنێوان دووکەسدایە و دەرهاویشتەو شوێنەواری تری نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەنێوان دوو بنەماڵەو دوو ژینگەی جیاوازدایە، بۆیە گونجان لەنێوان هەموویدا یەکێکە لەمەرجەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو.

هەڵبژاردنی خانمی گونجاو بۆ پیاو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەبەختەوەری مرۆڤ و ئارامی ژیانیدا، ڕۆڵێکی گەورەو گرنگ دەبینێت لەچاودێری پیاوو منداڵە چاوگەشەکاندا، سەرەڕای پێگە گرنگە ناوازەکەی لەپەروەردەو پێگەیاندنی نەوەیەکی چاکی ڕۆشنبیرو ڕەوشت بەرزو جوان، کە بتوانێت لە ئایندەدا کۆمەڵگە بەڕێوە ببات، هەروەها هاوبەشی پیاوە لەڕووی ڕوحی و یارمەتی دەدات و هاوکارێتی لەهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان، بەخۆشەویستی کرداری و پێکەو گونجانی باش، هەروەها بایەخ بەمێردەکەی دەدات و سۆزو خۆشەویستی جوان و گەرم و گوڕی پێ دەبەخشێت. بەدیهاتنی هەموو ئەمانە وابەستەیە بەوەی پیاو ژنەکەی بەدانایی و لەسەرخۆیی هەڵبژێرێت، بەهای هەڵبژاردنەکەی و ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەی

کەلەسەری جێبەجێ دەبێت، پەیوەستە بەئاسوودەیی خێزانی وهاوسەنگی ژیانی لە ئایندەدا.

هەڵبژاردنی هاوسەری گونجاوو چاك گرنگییەکی گەورەی هەیە لەژیاندا، هەر ئەو خانمەیە منداڵ پەروەردەدەکات و نەوەیەکی چاك و باش پێدەگەیەنێت و یارمەتی مێردەکەی دەدات لەسەر نارەحەتییەکانی ژیان و بەشداری دەکات لەهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و سۆزو خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێت و ماڵ پڕ دەکات لە ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنیایی.

**چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن.**

لێرەدا ئاماژە بەچەند ئامۆژگارییەکی گرنگ دەدەین، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن ئەم ئامۆژگارییانە دەبێتە مایەی بەهێزبوونی پەیوەندی نێوانیان و نزیك بوونەوەیان و ئاسوودەیی و دڵنیایی خێزانی:

١- هەردووهاوسەررێز لەبەهاو گرنگی ژیانی خێزانی بگرن.

٢- ڕێز لەو بەرپرسیارێتییە بگرن کەبەهۆی ژیانی خێزانییەوە دێتە دی.

٣- هەوڵدان بۆ پاراستن وئارامی بەدیهێنانی هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو.

٤- بایەخدان بەهەست و سۆزی یەکتری.

٥- هەولێ بەهێزکردنی هەستی خۆشەویستی و ئولفەت و نزیك بوونەوەی دڵ و دەروونەکان بدەن.

٦- قبوڵکردنی بوونی جیاوازییەکان و چاو نوقاندن لەئاستی هەندێك لەسیفاتی لایەنی بەرامبەر مادام ئەوسیفاتانە کارناکاتە سەر ئاسوودەیی و هەڕەشە نییە لەسەر ئارامی ژیانی خێزانی.

٧- گەڕان بەدوای خاڵ و ئامانجی هاوبەش لەنێوان ژن و مێردا و قبوڵکردنی جیاوازییەکان لەپێناو بەدیهاتنی پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیان.

٨- هەروەها بەچاکی لەیەکتری تێ بگەن.

بۆ ئەم مەبەستە لەرابردوودا بەسەرهاتی زۆرمان هەیە لەنێو گەل و نەتەوە جیاوازەکان سەبارەت بەپرسی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بۆ نموونە: ئەوەتا عەرەبێکی دەشتەکی ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات کە نیازێتی ژن بێنێت و پێی دەڵێت : (یابنی لا تنكح المنّانة ولا الأنّانة ولا الحنّانة .. ولا الحدّاقة ولا البّراقة ولا الشدّاقة ولا عشبة الدار) .

باابزانین ئەو جۆرە ئافرەتانە چۆنن کە ئەعرابییەکە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و دەڵێت کوڕەکەم ئەم جۆرە ژنانە مەهێنە:

١- المرأة المنانة: ئەو ئافرەتەی منەت دەکات بەسەر مێردەکەیدا. کاتێك یارمەتی مێردەکەی دابێت لە کاتی نەبوونی و دەست کورتیدا، یان باسی یارمەتی و هاوکاری ماڵە باوکی دەکات بۆ مێردەکەی و دەیکات بە منەت بەسەریەوە، وە بەردەوام باسی دەکات ونایبڕێتەوە .

٢- المرأة الأنانة: ئەو ئافرەتانەن بەردەوام گلەیی و گازندە دەکەن لە نەخۆشی و ئێش و ئازار، بەڵام نەخۆش نین خۆیان نەخۆش دەخەن و پیاویش ماندوو دەبێت بە دەستیانەوە بەهۆی ئەو هەموو درۆیەی دەیکەن بەناوی نەخۆشییەوە.

٣- المرأة الحنانة: ئەم ئافرەتانە نازانن هاوسەرگیری واتە ئارامی و دڵنیایی، دەبینی بەردەوام دڵی لە ماڵە باوکێتی و حەز دەکات بەردەوام بچێت بۆ ئەوێ، نازانێت ماڵی سەرەکی ئەو لەگەڵ مێردوو منداڵە کانێتی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پەیوەندی و سەردانی نەکات لەگەڵ ماڵە باوکیدا بەڵام بەپێی پێویست و گونجان،

یان بەمانای ئەوە دێت دڵی لای هاوسەری پێشوویەتی و هەر باسی دەکات و مێردەکەی ئازار دەدات .

٤- المرأة الحداقة: ئەو ئافرەتانەن کە لەڕووی خەرجی و دارایییەوە شەکەتت دەکەن، تەماشای دەستی خەڵك دەکەن و بەردەوام ناچارت دەکەن ئەو شتانەی بۆ بکڕیك ەبەدەستی خەڵکییەوە بینیویانە یان خەڵکی هەیەتی، بۆیە ئەم جۆرە ئافرەتانە چاویان تێر نابێت .

٥- المرأة البراقة: ئەو ئافرەتانەن هەر خەریکی خۆ جوانکردن و رازانەوەن و بایەخ بەڕوخساری خۆیان دەدەن، نەك بۆ ئاسوودە کردنی مێردەکەی، بەڵکو بۆ شانازی کردن بەجوانی خۆیەوە، تا خەڵکی باسی جوانی و شۆخ وشەنگی ئەوبکەن.

٦- المرأة الشداقة: ئەو ئافرەتانەن بەردەوام دەنگیان بەرزەو قسە زۆر دەکەن و زۆر بڵێن ودرۆ دەکەن و قسەکانیان پوچ و بێ کەڵکەو خەڵکی لێی بێزار دەبێت، کێشە بۆپیاو درووست دەکات و چوونکە ئەوانەی قسە زۆر بکەن هەڵە زۆر دەکەن.

٧- المرأة عشبة الدار: ئەو ئافرەتەیە لەبەر پیس و پۆخڵی ماڵەکەت دەبێتە زبڵدان و بۆگەنی و پیسی، چوونکە هیچ بایەخ بە پاك و خاوێنی خۆی و ماڵ و منداڵی نادات .

چەند سیفەتێك لەم سیفەتانە لەهەر کەسێکدا کۆببێتەوە ژیانکردن لەگەڵیدا ناخۆش وناڕەحەتە و مرۆڤ لەبازنەی کێشەی بەردەوامدا دەبێت.

## بەشی نۆیەم

## کچان چۆن هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن

کچـان لەکـاتی هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیانـدا دەخوازێـت رەچـاوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکەن تا لەژیانی خێزانیدا ئاسوودەو سەرکەوتووبن.

### یەکەم: مسوڵمان بوون

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (وَلَا تَنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُواْ ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ ۖ وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)[١] .

بەپێی ئەم ئـایەتە پیـرۆزە حەرامە و رێگـری کـراوە ئـافرەتی مسـوڵمان شووبکات بە پەیڕەوانی خاوەن کتێبەکان و بـێ بـاوەڕان و بتپەرسـتان و ئەوانەی هـیچ ئاییـنێکیـان نیـیە، لەبەشـی پێشـوودا راڤـەی ئایەتەکـەمان بەدرێژی کرد.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێگای داوە پیاوی مسوڵمان لە پەیڕەوانی خـاوەن کتێبەکان ژن بێنێت، بەڵام رێگری کردووە کە ئافرەتانی مسوڵمان شـوو بکەن بە پەیڕەوانی خاوەن کتێبەکان، چوونکە مسوڵمان رێـزی سـەرجەم ئـایینە ئاسـمانییەکان و هەمـوو پێغەمـبەران( سـەلامی خوایـان لێبێـت) دەگرێت و بڕوای بەهەموویان هەیەو ئەم بڕوایەشی یەکێکە لە پایەکـانی ئیمان.

مسوڵمان گەر کچێکی گاور یان جوولەکەی هێنا رێزی پێغەمبەرەکەیـان دەگرێـت ، زۆر لە ژنەکەی ناکـات تـا مسـوڵمان بێـت، بەڵام غەیـرە

---

[١] البقرة ٢٢١.

مسوڵمان بڕوای به پێغەمبەری ئیسلام و قورئان و دینەکەی نییه، بۆیه حەرامه ژنیان پێ بدرێت.

هەروەها خوای گەوره (قوامه) ی لەدەست پیاواندا داناوه وەك بەڕێوەبەرو مشورخۆری ماڵ گەر ئافرەتێکی مسولمان شووبکات به گاورێك ئەو کات گاورەکه سەرپەرشتی دەکات قەوامەی بەسەریەوه دەبێت. خوای گەورەش فەرموویەتی: (وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا)[1].

بەواتای: خوای گەوره هەرگیز رێ نادا بێباوەڕان دژی موسڵمانان بن و زاڵ بن بەسەریاندا، بەتایبەت لەرۆژی قیامەتدا.

هەربۆیه ناکرێت ئافرەتی مسوڵمان شووبکات بەغەیره مسوڵمان.

دووەم: چاکی و سنوور نەبەزاندنی شەریعەت.

خوای گەوره له قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا لا يسْتَوُونَ )[2].

بەواتای: ئایا ئەوکەسەی بڕوای هێناوه وەک ئەوکەسه وایه که له ئیمان دەرچووه! ، بێگومان هەرگیز ئەو دووانه چوونیەک نین .

هەروەها سەرووەرمان فەرموویەتی:(تخيَّروا لنُطفِكم ، فانكِحوا الأكفاءَ و أنكِحوا إليهم)[3] ، هەڵبژاردنی هاوسەری باش و چاك لەلایەن هەردوو رەگەزەوه له گرنگترین کارەکانی ژیانه، شیاوی و لێهاتوویی و

[1] النساء ١٤١
[2] السجده ١٨
[3] أخرجه ابن ماجة، والحاكم، والبيهقي، وصححه الألباني في صحيح الجامع.

ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی خەڵکی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا کارێکی خوازراوو پێویستە و یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئارامی ماڵ و خێزان.

فەرموودەکە پێمان دەڵێت با کوڕان ئەو ژنانە هەڵبژێرن کەخاوەن دین و چاکەن و لە خانەوادەیەکی باشن، ئاوی پیاوەتیتان مەخەنە شوێنێك پاك نەبێت، مەبەستیش ئەوەیە با پیاوان هاوشانی خۆیان هەڵبژێرن لە پێگەو کەسایەتی و دینداری و ... تاد. هەروەها کچان و خوشکانیشتان بدەن بەکەسانی شیاوو لێهاتوو هاوشانی خۆتان.

بێگومان کەسی لادەر شایستەو هاوشانی ئافرەتی مسوڵمانی چاك و خواناس نییە، منداڵیش دەچێتەوە سەرباوکی و کاریگەری باوکیان لەسەر دەبێت و بۆیە لەبەرژەوەندی ئافرەتدا نییە شووبکات بە کەسێکی خراپ و لادەروژیانی خۆی و منداڵەکانی بشێوێنێت.

سەروەرمان فەرموویەتی: (كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصّرانه أو يمجّسانه )[١].

پیاوی لادەرو خراپ ڕێزی خێزانەکەی ناگرێت ومامەڵەی خراپی لەگەڵدا دەکات، بۆیە پێویستە خانمان زانیاری باشیان هەبێت سەبارەت بەوانەی دێنە خوازبێنییان بۆ ئەوەی نەکەونە داوی کەسانی خراپ، بزانن ئەو کەسە هاوەڵی و دۆستایەتی کێ دەکات، سەروەرمان فەرموویەتی:( الرجلُ على دينِ خليلِه فلينظرْ أحدُكم من يُخالِلُ)[٢].

واتە مرۆڤ لە خوو ڕەوشت و نەریتیدا بەهاوەڵ و هاوڕێکانی دەچێت، ڕەوشت وهەڵسووکەوتی هاوڕێکانی کاری تێ دەکات، خەڵکی

---

١ متفق عليه

٢ أخرجه أبوداود والترمذي وأحمد، وصححه الألباني في صحيح أبى داود

لەروانگەی هاوەڵەکانیەوە دەیناسێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات بۆیە سەروەرمان ئامۆژگاریمان دەکات هاوڕێی باش هەڵبژێرین .

**سێیەم: پێداویستی هاوسەرگیری**

پێغەمبەری ئازیز فەرموویەتی: (یا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطاعَ مِنْكُمُ البَاءة فَلیتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَض لِلْبَصَرِ،وأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لم یسْتَطِعْ فَعَلَیْهِ بِالصَّوْمِ؛ فَإِنَّهُ لهُ وِجَاءٌ) متفق علیه..

توانای پێداویستی مادی هاوسەرگیری دووشت دەگرێتەوە، شوێنی نیشتەجێ بوون هەرچەند سادەش بێت و کاروو پیشەیەك ژیان و گوزەرانی رۆژانەی پێ بڕوات با زۆریش نەبێت.

هەروەها رەچاوی خواستی لاشەیی و پەروەردەیی و دەروونی بکرێت بەواتای هوشیاری کەسەکە لە ژیاندا بە گشتی و ژیانی خێزانی بەتایبەتی، هەروەها توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ماڵ و منداڵ و خانەوادەی هەبێت.

دەکرێت کچەکە یان خانەوادەکەی خوێندنەوە بۆ ئاست و توانای کوڕەکە بکەن لە میانەی گفتوگۆو ئەو بابەتانەی تاوتۆێ دەکرێت و ئەوقسەو باسانەی دەکرێت، زانیاری پێویستییان دەست بکەوێت.

دەکرێت چەند پرسیارێکی لێ بکرێت سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ ژیانی خێزانی و ئامانجەکانی لە ژیانداو هەڵوێستی بەرامبەر بەئافرەت ... وەك دەوترێت ناخی مرۆڤ لە ژێر زمانیدا شاراوەتەوە کە قسەی کرد دەیناسیتەوە.

سەبارەت توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کچەکە دەتوانێت بزانێت، لەمیانەی ژیان و هەڵس و کەوتی کوڕەکە و خۆپێگەیاندنی و چۆن

قۆناغەکـانی خوێنـدنی بڕیـوەو بەردەوام بـوونی لەکـارو پیشــە، پشـت بەخۆبەستنی لەژیاندا، یان هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ماڵی بـاوکی کاتێـك بۆ نموونە باوکی لە ژیاندا نەمابێت یان نەخۆش بێت یان هەژارو دەست کورت بێت.

ئەو گەنجەی پابەند بێت بە خوێندن یان پابەنـدبێت بەکاروپیشـەکەیەوە، زۆرجار دەتوانێت بەرپرسیارێتی خێزانـی لەئەسـتۆ بگرێـت، چـوونکە پابەنـد بـوون نەریـتەو هەڵاتنـیش لە بەرپرسـیارێتی هەر خـوو نەریـتە. ئەوەی لەسـەر پابەنـد بـوون راهاتبێـت وبووبێـت بەشـێك لە کلتـوری، متمانەی بەرپرسیارێتی خێزانی پێ دەکرێت. ئەوەی هاوکـارو یـارمەتی دەربێـت بۆ مـاڵە بـاوکی، راهێنراوێکـی باشـە بـۆ بەڕێـوەبردنی مـاڵ و خێزانی خۆی لە ئایندەدا.

## چوارەم: رەچەڵەك

رەچەڵەك شکۆو پێگەی کۆمەڵایەتی بـاوو بـاپیرانە نیشـانەی تـۆکمەیی و یەکریـزی خێـزانە، ئەو کـچەی ویسـتی شـووبکات بـا کـوڕێکی بـاش لەخـــانەوادەیەکی ســـەنگین و ناســـراو بەئاکـــارو رەوشـــتی جـــوان هەڵبژێرێت، چوونکە مرۆڤ نەوەی ژینگەکەیەتی جا کوڕبێت یان کچ.

## پێنجەم: رەوشتی بەرزو جوان

پێویستە کچان بایەخ بە رەوشـت و ئاکـاری ئەو کەسـە بـدەن کەدەیـکەنە باوکی منداڵە کانیـان، پرسـی رەوشـتیش پانتـاییەکی فراوانـی هەیە وەك بەخشـندەیی و راسـتگۆیی و نەرمونیـانی و سـۆزو بەزەیـی و شـەرم و حەیاو... تاد. کچان بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن پرسیار لەکەسانی دڵسۆزو هاوەڵی نزیك، هاوڕێی کارو پیشە، یان دراوسێی کـوڕەکە بـکەن تـا ئەم زانیارییانەیان چنگ کەوێت.

## شەشەم: جوانی و شۆخی

کچان پێویستە لەکاتی شووکردندا شێوەو روخساری ئەو کەسەیان بەدڵ بێت و پێی رازی بن، ئیمامی عومەر خوای لـێ رازی بێت لەم بارەوە وتوویەتی: (لا تكرهوا فتياتكم على الرجل القبيح ، فإنهن يُحبِبْنَ ما تحبون) [1] ، واتە بەزۆر کچەکانتان مەدەن بە پیاوێ ناشیرین چۆن خۆتان حەزتان بە ژنی جوان هەیە، بەهەمان شێوە کچانیش حەز دەکەن مێردەکانیان جوان بێت.

وروي أنه رضي الله عنه أُتِي بامرأة شابة زوجوها شيخاً كبيراً فقتلته، فقال:( يا أيها الناس ! اتقوا الله ولينكح الرجل لمته من النساء ، ولتنكح المرأة لمتها من الرجال ، يعني شبهها)[2] ، واتە: ئەی خەڵکینە لە خوا بترسن با پیاوان هاو شان و هاوشێوەی خۆیان مارە بکەن و کچانیش بە هاوشان و هاوشێوەی خۆیان بدەن.

ئیمامی غەزالی رەحمەتی خوای لێبێت وتوویەتی: (يجب على الولي أيضا أن يراعى خصال الزوج، ولينظر لكريمته، فلا يزوجها ممن ساء خَلقُهُ أو خُلُقه، أو ضعف دينه، أو قصر عن القيام بحقها، أو كان لا يكافئها فى نسبها)، بە واتای: پێویستە خاوەن کچ رەچاوی خواست و حەزی کچەکانیان بکەن و نەیدەن بە کەسێك روخساری ناشیرین بێت یان رەوشت و ئاکاری خراپ بێت یان دینی لاوازبێت یان کەمتەرخەم بێت بەرامبەر بە مافەکانیان هاوشان و هاوتای نەبێت لە رەچەڵەکدا، ئەمەو درووست نییە کەسووکار فشار بخەنە سەر کچەکانیان یان خوشکەکانیان تا شوو بەکەسێك بکەن بەدڵیان نەبێت.

لەبەشی رابردوودا ئاماژەمان بە بابەتی هاوسەرگیری لەگەڵ خزم و کەسە نزیکەکان و بابەتی خۆشەویستی کرد بۆیە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە، چوونکە هەردوو تەوەرەکە کوڕان و کچان تێیدا هاوبەشن و هەردوولایان دەگرێتەوە.

---

[1] رواه سعيد بن منصور فى سننه، وابن أبي شيبة في المصنف ، وابن شيبة في تاريخ المدينة، وابن أبى الدنيا فى العيال.

[2] رواه سعيد بن منصور فى سننه ٢١٠/١

# بەشی دەهەم

## پێغەمبەری خوا ﷺ مێردێکی نموونەیی بووە بۆ خێزانەکانی

لەم بەشـــەدا بـــاس لەهەڵســـووکەوت و مـــامەڵەی پێغەمـــبەری ئـازیز(ﷺ) دەکەیـن لەگەڵ مـاڵ و خێزانەکـانی تـا ئێمەی مسـوڵمانیش شـوێنکەوتەی بـین، چـوونکە ئەو باشـترین رابەرو مامۆسـتایە لێـوەی فێـربین و کـاربە ئامۆژگارییەکـانی بکەیـن. ئەو سـەروەرە لە لـوتکەو پـۆپەی رەوشـت و ژیـری و ئەدەب و بەڕێوەبردنـدایە، ئەوەتـا خـوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی:(لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا)[١].

بەواتای: بەڕاستیی پەیامبەری خوا چاکترین نموونەی ڕێـک و پێکـی و سەر مەشـقە بۆتـان، دەسـا ئێـوەش لە دڵسـۆزیی و ئـارامی و تەقـوایی و تەواوی بوارەکانی ژیاندا چاوی لێبکەن و شوێنی بکـەون، بەتـایبەتی بـۆ ئەوکەسەی کە بە تەمای خواو رۆژی دواییە، یادی خواش زۆر دەکا.

هەروەهـا فەرمـوویەتی: ( قُلْ إِنْ كُنْـتُمْ تُحِبُّـونَ اللَّهَ فَـاتَّبِعُونِي يُحْبِـبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)[٢].

بەواتای: پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر(ﷺ)ئەگەر ئێوە خواتان خـۆش ئەوێ و ئەتـــانەوێ لێـــی نزیـــک ببـــنەوە دەبـــێ پەیـــڕەوی لەشـــەریعەت وبەرنامەکەی من بکەن، ئەوسا خوایش ئێـوەی خـۆش دەوێ و لە هەڵەو گوناهەکانیشیان خـۆش دەبێـت، چـونکە ئەوخـوایە زۆر چاوپۆشـیکارو، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە.

---

١ الاحزاب ٢١
٢ آل عمران ٣١

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( كل أمتي يدخل الجنة إلا من أبى! قيل: ومن يأبى يا رسول الله؟! قال: من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى )[1].

هەر بۆیە ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەکرداری کردنی واتاو مانا قورئانییەکانە لەهەموو ڕوویەکەوەو ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا لایەنی ژیانی خێزانییە کەخۆی لە سوکنایی و خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانیدا دەبینێتەوە، بەردەوام ئامۆژگاری هاوەڵانی کردووەو ئاگاداری کردوونەتەوە کەبەجوانی و چاکی لەگەڵ خێزانەکانیاندا هەڵسووکەوت و مامەڵە بکەن.

لێرەدا ئاماژە بەچەند سیفاتێکی بەرزو جوانی سەروەرمان دەدەین سەبارەت هەڵسووکەوت و مامەڵەی لەژیانی خێزانیدا:

**یەکەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێزانی خۆشویستووەو ئاگاداری کردۆتەوە لەخۆشەویستییەکە.**

عەمری کوڕی عاس خوای لێرازیبێت پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و دەڵێت:(أيُّ النَّاسِ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قَالَ: عَائِشَةُ، فَقُلتُ: مِنَ الرِّجَالِ؟ فَقَالَ: أبُوهَا، قُلتُ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ:ثمَّ عُمَرُ بنُ الخَطابِ فَعَدَّ رِجَالًا)[2].

بەواتای: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کێ خۆشەویست ترین کەسە بەلاتەوە فەرمووی عائیشە، وتم: لەپیاوان، وتی: باوکی، وتم: کێی تر: وتی: عومەر، دواتر چەند پیاوێکی تری ژمارد.

---

[1] أخرجه البخاري.
[2] رواه البخاري.

عائیشە دایكی ئیمانداران خوای لێڕازیبێت دەڵێت: وكان رسول الله (ﷺ) إذا ذبح الشاة فيقول أرسلوا بها إلى أصدقاء خديجة قالت: فأغضبته يوما فقلت: خديجة؟ فقال رسول الله ﷺ إني قد رزقت حبها..

عائیشە دایكی ئیمانداران خوای لێڕازیبێت دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ مەڕێكی سەر ببڕیبایە دەی فەرموو: بەشی هاوڕێكانی خەدیجە ببەن، ڕۆژێكیان توڕەم كرد وتم: خەدیجە،ئەویش فەرمووی: خۆشەویستی ئەوم پێبەخشراوەو خۆشم ویستووە.

هەر لەمیانەی سۆزو خۆشەویستییەوە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ)خواردن و خواردنەوەی لەدەفرێكدا لەگەڵ دەخواردن، هەروەك عائیشە خوای لێڕازیبێت دەڵێت: ( كُنْتُ أَشْرَبُ وأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النبيَّ (ﷺ) فَيَضَعُ فَاهُ علَى مَوْضِعِ فِيَّ، فَيَشْرَبُ، وأَتَعَرَّقُ العَرْقَ وأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النبيَّ (ﷺ)فَيَضَعُ فَاهُ علَى مَوْضِعِ فِيَّ)[1]. لەم فەرموودەیەدا دایكی ئیمانداران عائیشە خوای لێڕازیبێت ئاگادارمان دەكاتەوە لەئاكارو كردارێكی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) كاتێك لەسوڕی مانگانەدا بووە، دەڵێت كاتێك لەقاپێك ئاوی بخواردایەتەوە و دەفرەكەی دەدایە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لەشوێن دەمی عائیشەوە ئاوەكەی دەخواردەوە، ئەگەر ئێسقانێك كەگۆشتی پێوەبایە بكڕانایەتەوە دەیدایە پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش لەشوێن دەمی عائیشەوە ئێسقانەكەی دەكڕانەوە، ئەمەش بۆ دڵنەوایی و دڵخۆشكردن و سۆزو خۆشەویستی و لابردنی خەم و ناڕەحەتی كە ژن لەكاتی سوڕی مانگانەدا تووشی دەبێت،

[1] صحيح مسلم الصفحة أو الرقم ٣٠٠.

ژنانیش لەم کاتەدا زیاتر پێویستییان بەنەرم و نیـانی و بەدەمـەوە چـوون هەیە.

**دووەم: پێغەمبەری خـوا (ﷺ)روخـۆش و دەم بەخەنـدە بـووە لەگەڵ خێزانەکانیدا.**

عەبدوڵای کوڕی حاریس خوای لێڕازیبێت دەڵێت: ( ما رأيت أحدا أكثر تبسّما من رسول الله ﷺ)[1].

بەواتای کەسم نەبینیوە هێندەی پێغەمبەری خوا ﷺدەم بەخەندە بێت.

بزەو خەندە هۆکارێکە بۆچاندنی تووی رێزو خۆشەویستی لەنێو خەڵکیدا وسـوننەت و میکـانیزمێکی بـانگخوازییەو کلیلـی دڵەکـانە، دەخوازێـت روخـۆش و دەم بەخەنـدە بـین لەگەڵ کەسـوکارو دراوسـێ ودۆسـت و هاوڕێیاندا، بەتـایبەت لەگەڵ خێـزان و مـاڵ و منداڵـدا، بـزەو روخۆشـی کـارێکی خێروچـاکەیەو ناکرێـت رژدی تێـدا بکرێـت خـۆهیچ پـارەو پوولێکی تێ ناچێت. ئەوەتا پێغەمبەری ئـازیزﷺ فەرموویەتی:(تبسـمك في وجه أخيك لك صدقة )[2].

-هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ یاری و پـێش بڕکێـی لەگەڵ خێزانیـدا کردووە ئەمەش مانای لوتف و بـێ فیزی و پـێکەوە ژیـانی باشـە لەگەڵ خێزانـدا، هەروەهـا نیشـانەی رەوشـتی کامـڵ و جـوانە، ئەوەتـا عائیشـە خوای لێ رازیبێت دەڵێت:(أنَّها كانَت معَ النَّبـيِّ (ﷺ) فـي سفَرٍ قالـت:

---

[1] رواه الترمذي وصححه الألباني.
[2] رواه الترمذي

فسابقتُهُ فسبقتُهُ على رجليَّ، فلمَّا حَملتُ اللَّحمَ سابقتُهُ فسبقَني فقالَ: هذِهِ بتلكَ السَّبقهِ)[1].

بەواتای:عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوەکەوا لەیەکێك لە سەفەرەکاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووە، پێشبڕکێی راکردنیان پێکەوە کردووە، عائیشە لە پێش بڕکێیەکەدا پێشی داوەتەوە، دوای ئەوەی کێشم زیادی کردوو قەڵەو بووم، لەسەفەرێکی تردا جارێکی تر پێشبڕکێمان کرد، ئەم جارەیان پێغەمبەری خوا ﷺ پێش کەوت، ئینجا پێی وتم: ئەمەیان لەبری ئەوەی پێشوو، ئەمەش نیشانەی پێکەوەژیانی جوانی سەروەرمانە لەگەڵ خێزانەکانیدا.

پێوستە پیاوان جیاوازی بکەن لەنێوان پلەو پایەی کارو وەزیفییان لەدەرەوەی ماڵ و لەگەڵ رۆڵ و کاریان لەنێو ماڵدا، دەشێت پیاو لەدەرەوە وەزیر، پەرلەمانتار، دادوەر،پزیشك، ئەندازیار،بازرگان ... تاد بێت، بەڵام لەماڵەوە مێردی ژنەکەیەتی و باوکی منداڵەکانیەتی.

پیاو ئەگەر بیەوی بە پلەی وەزیفی دەرەوەی مامەڵە بکات لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی ئەوا ژیانی ئاسایی نێو ماڵ دەشێوێت، خێزان و منداڵەکانی پێویستیان بە خۆشی و خەندە و گفتوگۆویاری و گەمە هەیە.

**سێیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ)یارمەتی خێزانەکانی دەدات.**

یارمەتیدانی خێزانەکەت لەکاروباری ماڵداو لەو کارانەی ئەنجامدانی ئەستەمە نیشانەی دڵسۆزی و پەرۆشییە بۆ خانەوادەکەت، هیچ کات مایەی شورەیی و نەنگی نییە. کاری نێو ماڵ لەپێگەو کەسایەتی پیاو کەم ناکاتەوە بەڵکو زیاتر بەرزی دەکاتەوە سۆزو خۆشەویستی لەنێوان ژن ومێردا زیاد دەکات.

---

[1] رواه ابو داود وصححه الالباني.

ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز هاوکارو یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ خێزانەکانی، بۆ سەلماندنی باسەکەمان ئاماژە بەچەند فەرموودەیەکی سەروەرمان دەدەین:( وكَانَ النَّبِيُّ ﷺ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ، وَكَانَ يخْدُمُ نَفْسَهُ، فَعَنْ عَمْرَهَ، قَالَتْ: قِيلَ لِعَائِشَةَ: مَاذَا كَانَ يعْمَلُ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي بَيْتِهِ؟! قَالَتْ:(كَانَ بَشَرًا مِنَ الْبَشَرِ، يفْلِي ثوْبَهُ، ويحْلُبُ شَاتَهُ، ويخْدُمُ نَفْسَهُ)[١].

لە ریوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (نَعَمْ، كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يخْصِفُ نَعْلَهُ، ويخِيطُ ثَوْبَهُ، ويعْمَلُ فِى بَيْتِهِ مَا يعْمَلُ أَحَدُكُمْ فِى بَيْتِه).لە ریوایەتێکی تردا لەعائیشەوە خوای لێرازیبێت دەڵێت: (كَانَ فِى مِهْنَةِ أَهْلِهِ، فَإِذا حَضرَتِ الصَّلاةُ، قَامَ إِلى الصَّلَاة)[٢]. ئەم فەرموودەیەی دایکی ئیمانداران عائیشە خوای لێرازیبێت بۆمان دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ وەك هەرپیاوێکی تر لەماڵەوە کاری کردووەویارمەتی خێزانەکانی داوە، کراسی خۆی تەکاندووە، پێڵاوەکانی چاك کردووە، مەڕی دۆشیوە، کراسی خۆی دوریوەتەوە، لەهاوکاری کەسوکاریدا بووە، ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە دەچوو بۆ نوێژ.

سوننەتە پیاو خزمەتی خۆی بکات و یارمەتی خێزانەکەی بدات وئەمەش بەمانای بێ فیزی دێت و پێچەوانەی خۆ بەزل زانین و لووت بەرزییە.

## چوارەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ)مێردێکی وەفاداربووە بۆ خێزانەکانی.

خاتوو خەدیجە خوای لێرازیبێت پشتیوانێکی باشی پێغەمبەری خوا بووە، لەساڵانی یەکەمی بانگەوازدا بەماڵ و سامانی پشتگیری لێ

[١] أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ فِى الْأَدَبِ المُفْرَدِ،وصَحَّحَهُ الْأَلْبَانِي فِي السِّلسِلة الصَّحِيحَة
[٢] أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ،والتِّرْمِذيُّ فِي جَامِعِهِ.

دەکرد. نـاوبراو بـڕوای پـێ هێنـا کاتێـك خەڵکـی بەدرۆیـان دەخسـتەوە، سەری دەخسـت کاتێـك خەڵکـی دژایەتییـان دەکـرد. کاتێـك وەفـاتی کـرد پێغەمبەری خواﷺ زۆر خەمبـارو نـیگەران بـوو ئەوسـاڵەی ئەو تیایـا وەفـاتی کـرد نـاونرا بەسـاڵی خەمبـاری، دوای وەفاتیشـی سـەرووەرمان باسی دەکرد بەچاکە، تـا ئەوەی عائیشـە خـوای لێڕازیبێـت غیـرەی لـێ بکات لەکاتێکدا نەشی بینیبوو، چونکە پێغەمبەری خواﷺ تا خەدیـجە لە ژیاندا بوو هیچ ژنێکی تری نەهێناوە.

(ما غِرْتُ علَى أحَدٍ مِن نِسَاءِ النبـيِّﷺ، مـا غِـرْتُ علـى خَدِيجَـة، ومـا رَأَيْتُهَا، ولَكِنْ كانَ النبـيُّﷺ يُكْثِرُ ذِكْرَهَـا، ورُبَّمـا ذَبَـحَ الشَّـاةَ ثُمَّ يُقَطِّعُهَـا أعْضـاءً، ثُمَّ يَبْعَثُهَا فی صَدَائِقِ خَدِيجَة، فَرُبَّما قُلتُ لَـه: كَأنَّـهُ لـم يكُـنْ فـی الدُّنْيا امْرَأَة إلَّا خَدِيجَة، فيَقولُ إنَّهَا كَانَتْ، وكَانَتْ، وكانَ لي منها ولَدٌ)[1].

بەاتای: عائیشە خوای لێڕازیبێت بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێـت: غیـرەم بـۆ هیچ یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر نەبـووە هێنـدەی غیـرەم لە خەدیـجە خـوای لێڕازیبێـت، نەشـم بینـی بـوو وە پێـی نەگەیشـتبووم، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر باسی دەکرد، ڕەنگە مەڕێکی سەر ببڕیـایە و لەت لەتـی بکـردایەو بینـاردایە بـۆ هاوڕێکـانی خەدیـجە ( واتە ڕێـزی هاوڕێکانی خەدیجەی دەگرت و دیاری بۆ دەناردن لەو دیارییانە ناردنی گۆشـت بـوو بـۆ هاوڕێکـانی خەدیـجە وەك وەفـایەك بـۆ خەدیـجەو زۆر خۆش ویستنی خەدیجە) وابـزانم پێم وت: وەك ئەوەی لەم دنیـایەدا هـیچ ژنێکی ترت نەبێ جـگە لە خەدیـجە (وەك ئەوەی خەدیـجە هەمووژنـانی تـری لەبیـر بـردوویتەوەو جـگە لەو کەسـی تـر نابینیـت لەدنیـادا) پێغەمبەری خـوا وەڵامـی داوەو فەرمـووی: ئەو وایەو وایە باسـی فەزڵ

---

[1] البخاري ومسلم.

وچاکەکانی خەدیجەی کردو فەرمووی منداڵم لێی بووە، یانی سەرەڕای چاکەکانی زۆربەی منداڵەکانم لەخەدیجە بووە.

فەرموودەکە باس لە فەزڵ و چاکەی خەدیجە دەکات کەوای کردووە زۆر خۆشەویست بێت لە دڵی پێغەمبەرداﷺ و بە ئەندازەیەك رێزی هاوڕێکانی بگرێت لەدوای وەفاتی.

هەروەها فەرموودەکە باس لە غیرە دەکات وەك غەریزەیەکی دەروونی، و خاوەنەکەی سەرزەنشت ناکرێت ئەگەر لە سنووری ئاسایی تێ نەپەڕێت و یان نەبێتە هۆی کارێکی حەرام.

وەفاداری رەوشتی پیاوە گەورەو بەڕێزەکانە، وەفاداری پیاو بۆ ژنەکەی لەژیان و لەدوای مردنیدا بەڵگەی شوێنکەوتەی سونەت و رەوشتی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

**پێنجەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ)رێزی خێزانەکانی گرتووە.**

پێغەمبەری خوا بە جوانی و شیرینی مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکانیدا کردووە، لێرەدا ئاماژە بە چەند فەرموودەو سەرگوزشتەیەك دەدەین بۆ روونکردنەوەی باسەکەمان:

سەرەتا فێرمان دەکات و ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی بەچاکی مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکەین.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّﷺ قَالَ:(اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا )[١].

هەروەها پێمان دەڵێت: عَنْ عَائِشَةَرضي الله عنها قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ: ( خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ وأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي )[١]

---

[١] رواه البخاري ومسلم

هەروەها فەرموویەتی: (اللهُمَّ إِنِّى أُحَرِّجُ حَقَّ الضعِيفَيْنِ اليتِيمِ والمَرْأة)[2].

بەواتای: باشترینتان باشترینتانە بۆ ماڵ و خێزانتان، من باشترینتانم بۆ ماڵ و خێزانم.

هەروەها دەخوازێت بەنەرموونیانی و سۆزوو خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خێزانتدا بکەیت و ئەرك و کاری گرانی وایان نەخەیتە سەرشان لە تواناياندا نەبێت، کەمتەرخەم نەبیت بەرامبەریان.

باسکردنیان بەلاواز لێرەدا بۆ هاوسۆزی و زیاتر وریابوونە لەوەی مافیان پێشێل بکرێت، مرۆڤیش هەرکات لاوازتر بێت خوای گەورە پشتیوان و یارمەتی دەری دەبێت تۆڵەی بۆ دەکاتەوە.

پێغەمبەری سەروەرمان لەسوڵحی حودەیبییە راوێژی بە (أم سلمة) ی خێزانی کردو بۆچوونەکەی بەچاك زانی و بەهەندی وەرگرت و جێبەجێی کرد.

قال رسول الله ﷺ لأصحابه ( قوموا فانحروا ثم احلقوا ) . قال فوالله ما قام منهم رجل حتى قال ذلك ثلاث مرات فلما لم يقم منهم أحد دخل على أم سلمه فذكر لها ما لقى من الناس فقالت أم سلمة يانبي الله أتحب ذلك اخرج لا تكلم أحدا منهم كلمة حتى تنحر بدنك وتدعو حالقك فيلحقك . فخرج فلم يكلم أحدا منهم حتى فعل ذلك نحر بدنه ودعا حالقه فحلقه فلما رأوا ذلك قاموا فنحروا وجعل بعضهم يحلق بعضا...)[3].

---

[1] رواه الترمذي (وصححه الالباني في السلسلة الصحيحة.)
[2] رواه أحمد وحسنه النووي في رياض الصالحين والشيخ الالباني فى السلسلة الصحيحة
[3] البخاري

پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەروبەندی سوڵحی حودەیبییەدا بەهاوەڵانی وت: قوربانییەکانتان بکەن و دواتر سەرتان بتاشن، هیچ کام لەهاوەڵان هەڵنەساو سێ جار دووبارەی کردەوە کەس هەڵنەستا ( هاوەڵان نیگەرانی بارودۆخەکە بوون و بەلاوازییان دەزانی و لە حیکمەتی سوڵحەکەیان نەدەزانی) ئینجا چوو بۆلای ( أم سلمة) ی خێزانی و باسەکەی بۆگێڕایەوە ( أم سلمة) وتی: پێغەمبەری خوا تۆ حەزدەکەیت بە گوێت بکەن، بچۆ دەرەوەو لەگەڵ کەسدا مەدوێ بە وشەیەکیش تا ئاژەڵەکەت سەردەبڕی، بانگی سەرتاشەکەت دەکەیت سەرت بتاشێت، پێغەمبەریش هاتە دەرەوە بەبێ دەنگی ئاژەڵەکەی خۆی سەربڕی و بانگی سەرتاشەکەی کرد سەری تاشی، دواتر هاوەڵان کەئەمەیان بینی هەستان وئاژەڵکانی خۆیان سەربڕی و سەری یەکترییان تاشی .

راوێژکردن بە هاوسەر و رێزگرتنی راو سەرنج و بۆچوونەکانی دەبێتە مایەی خۆشەویستی زیاترو ئەو خانمە زیاتر مێردەکەی خۆش دەوێت و رێزی لێ دەگرێت.

**شەشەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی جوان کردووە بۆ خێزانەکانی.**

پێغەمبەری خوا ﷺ بایەخی بە لایەنی جوانی و رێك پۆشی خۆی داوەو بۆنی خۆشی بەکارهێناوە، ئەوەتا ئەنەسی کوڕی مالیك خوای لێڕازی بێت دەڵێت -:(ما مسَسْتُ حريرًا قط ولا دِيباجًا ألينَ مِن كفِّ رسولِ اللهِ ﷺ ولا شمَمْتُ ريحًا قطُ ولا عَرَقًا أطيبَ مِن ريحِ عَرَقِ رسولِ اللهِ (ﷺ))[١] .

[١] أخرجه ابن حبان في صحيحه.

لەریوایەتێکی تردا هاتووە:(ما مسستُ بيدي ديباجًا ولا حريرًا ولا شيئًا كان ألْينَ مِن كفِّ رسولِ اللَّهِ (ﷺ) ، ولا شممتُ رائحةً قطُّ أطيبَ من ريحِ رسولِ اللَّهِ (ﷺ)...)[١].

بەواتای دەستم لە هیچ ئاوریشمێك نەداوە نەرم تربێت لە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ، هیچ بۆنێکم نەکردووە هێندەی بۆنی ئەو خۆش بێت وهیچ ئارەقێکم نەدیوە لەبۆنی ئارەقی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشتر بێت.

هەروەها عائیشە خوای لێرازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (كان إذا دخل بيته بدأ بالسواك ) رواه مسلم. بەواتای هەرکاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بهاتایەتەماڵەوە بەسیواك کردن دەستی پێ دەکرد.

## حەوتەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێزانەکانی فێر دەکرد.

پێغەمبەری خوا ﷺ خێزانەکانی فێری زانست و رەوشتی بەرزو بەها جوانەکان دەکرد (كُلُّكُمْ رَاعٍ ومَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ؛ فَالإمَامُ رَاعٍ وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، والرَّجُلُ في أهْلِهِ رَاعٍ وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، والمَرْأَةُ في بَيْتِ زَوْجِهَا رَاعِيَةٌ وهي مَسْؤُولَةٌ عن رَعِيَّتِهَا، والخَادِمُ في مَالِ سَيِّدِهِ رَاعٍ وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ. قالَ: فَسَمِعْتُ هَؤُلَاءِ مِن رَسولِ اللَّهِ ﷺ ، وأَحْسِبُ النبيَّ ﷺ قالَ: والرَّجُلُ في مَالِ أبِيهِ رَاعٍ وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ)[٢].

---

[١] أخرجه البخاري (١٩٧٣)، وأبو داود (٤٧٧٤) مختصراً باختلاف يسير، ومسلم (٢٣٣٠، ٢٣٠٩)، وأحمد (١٢٠٤٨، ١٣٣٧٣) مفرقاً باختلاف يسير، والترمذي (٢٠١٥) باختلاف يسير، وابن عساكر في تاريخ دمشق، (٤٦٣/١) واللفظ له.

[٢] البخاري الصفحة أو الرقم ٢٤٠٩، ومسلم ١٨٢٩ باختلاف يسير.

پیاو بەرپرسیارە بەرامبەر ئەوانەی لە ژێر فەرمانیدان، یەکێك لەبەرپرسیارێتییەکانی پیاو بەرامبەر ماڵ و خێزانی ئەوەیە، خێزانی فێری زانست و زانیاری بکات و هەلی بۆ بڕەخسێنێت تا لەکاروانی زانست ورۆشنبیری دوانەکەوێت.

-أم سلمه خوای لێڕازی بێت دەڵێت: استيقظ رسولُ اللهِ (ﷺ) ليلة فَزِعًا يقولُ: سبحانَ اللهِ ، ماذا أُنْزِل الليلهَ من الخزائنِ ؟ وماذا أُنْزِل من الفتنِ؟ من يُوقِظ صواحبَ الحجراتِ – يريدُ أزواجَهُ – لكي يُصلِّينَ ؟ رُبَّ كاسية في الدنيا عارية في الآخرة)[1].

لەریوایەتێکی تردا بەم دەقە هاتووە : ( اسْتَيْقَظ النبيُّ(ﷺ)مِنَ اللَّيْلِ وهو يقولُ: لا إلهَ إلَّا اللَّهُ، مَاذَا أُنْزِل اللَّيْلة مِنَ الفِتْنَة، مَاذَا أُنْزِل مِنَ الخَزَائِنِ، مَن يُوقظ صَوَاحِبَ الحُجُرَاتِ، كَمْ مِن كَاسِيَةٍ في الدُّنْيَا عَارِيَة يومَ القِيامَة)[2]..

بەواتای: پێغەمبەری خوا شەوێکیان لەخەو هەستاو دەیفەرموو: سبحان الله، لا إله الا الله، ئەمشەو چی فیتنەوکارەساتێك داباریوە، کێ خێزانەکانم هەڵدەستێنێت ( تا هەستن بۆ شەو نوێژ) پێغەمبەری خواﷺخێزانەکانی و هەموو ئافرەتانی ئیمانداری ئاگادارکردەوە لەڕووت و قوتی ودەرخستنی لەش و لاریان، چەندان لەوانەی لە دونیادا پۆشتەن و لەرۆژی دواییدا رووت وقووتن.

---

[1] حديث صحيح أخرجه البخاري والبغوي فى شرح السنة واللفظ له.
[2] رواه البخاري.

**هەشتەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ)بە حیلم و نەرموونیان بووە لەگەڵ خێزانەکانیدا.**

ژیانی گشتی و ژیانی خێزانی پێویستی بە ئارامی و نەرم و نیانی و لاستیکی خەت کوژێنەوە هەیە، تا هەڵەی بەرامبەرەکانمانی پێ بسڕینەوە، چوونکە نەپیاوان نەژنان هیچیان کامڵ و بێ خەوش نین. باکەسمان داوا نەکەین خێزانەکەمان ببێتە فاتیمە خوای لێڕازیبێت چونکە خۆمان ئیمامی عەلی نین خوای لێڕازی بێت.

عن أنس بن مالك : (كانَ النبيُ(ﷺ)عِنْدَ بَعْض نِسَائِهِ، فأرْسَلَتْ إحْدَى أُمَّهَاتِ المُؤْمِنِينَ بصَحْفَةٍ فِيهَا طعَامٌ، فَضرَبَتِ الَّتي النبىُّ(ﷺ)فى بَيْتِهَا يدَ الخَادِمِ، فَسَقَطتِ الصَّحْفَة فَانْفَلَقَتْ، فَجَمع النبىُّ(ﷺ)فِلَقَ الصَّحْفَة، ثُمَّ جَعَلَ يجْمَعُ فِيهَا الطعَامَ الذى كانَ فى الصَّحْفَة، ويقولُ: غَارَتْ أُمُّكُمْ ثمَّ حَبَسَ الخَادِمَ حتَّى أُتِى بصَحْفَة مِن عِندِ الَّتي هو فى بَيْتِهَا، فَدَفَعَ الصَّحْفَة الصَّحِيحَة إلى الَّتي كُسِرَتْ صَحْفَتُهَا، وأَمْسَكَ المَكْسُورَة فى بَيْتِ الَّتي كَسَرَتْ)[١].

ئەنەس خوای لێڕازی بێت دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لای یەکێك لە خێزانەکانی بووە( دەوترێت عائیشە بووە)، یەکێك لە دایکی ئیمانداران قاپێك خواردنی ناردووە بۆ پێغەمبەرﷺ بە خزمەتکارەکەدا، خێزانی کێشاویەتی بەدەستی خزمەتکارەکەدا کە قاپەخواردنەکەی بەدەستەوە بووە، قاپەکە لەدستی کەوتۆتە خوارەوە شکاوەو خواردنەکەش پەرش وبڵاو بۆتەوە، پێغەمبەریشﷺ خواردنە رژاوەکەی کۆکردۆتەوە، فەرموویەتی دایکتان غیرە گرتێتی وەك پۆزش هێنانەیەك بۆ ئەوانەی لەوێ بوونە، دواتر خزمەتکارەکەی راگرت و قاپێکی ساغی لەو ماڵەی

[١] صحيح البخاري

چێشتەکەی تیا رژابوو ناردی بۆ ئەو ماڵەیان کەخواردنەکەیان ناردبوو، قاپە شکاوەکەشی لەوماڵە دانا کەخواردنەکەی رژاندبوو. ئەم جۆرە غیرانە بارێکی دەروونییەو لە خانمان دەوەشێتەوەو ناتوانن خۆیان بگرن و کاردانەوەیان نەبێت.

ئەم فەرمووده شیرینە بەڵگەیە لەسەر رەوشتی بەرزو جوان و نەرمونیانی و دادپەروەری پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ خێزانەکانیدا.

پێویستە پیاو بە جوانی و حیکمەتەوە مامەڵە لەگەڵ خێزانیدا بکات، کاتێك کەمتەرخەمیەك یان کەموکورتییەکی هەبوو، هەروەها فەرموودەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرزەنشتی غیرەکەر ناکرێت کاتێك رەفتارێکی نەشیاو دەنوێنێت، چوونکە لەو دەمەدا ژیری لەدەستدەدات بەهۆی ئەو تورەییەی کەلە غیرەوەسەرچاوەی گرتووە، لەئەسەرێکدا هاتووە مرۆڤ بە هۆی غیرەوە لەسەری دۆڵەکەوە خوارەوەی دۆڵەکە نابینێت.

(أَن الغيـرَة لا تبصـر أَسْفَل الـوادي مـن أَعْلاهُ)هەروەها فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە غیرە لەباشترینی ئافرەتان دەوەشێتەوە ئەگەرچی هاوسەری پێغەمبەریش بن ﷺ .

ۆعَن ابْن مَسْعُود رَفعه: (إِن الله كتب الغيرَه على النِّسَاء، فَمن صَبر مِنْهُنَّ كَانَ لَهُ أجر شَهِيد)[1].

ئبین مەسعود خوای لێرازی بێت وتوویەتی: خوای گەورە غیرەی لە ئافرەتاندا داناوە، ئەوئافرەتانەیان ئارام بگرن پلەی شەهیدییان هەیە.

[1] رَواهُ الْبَزَّار بِرجَال ثِقَات.

**نۆیەم: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز لەئافرەتی نەداوە.**

دایکی ئیمانداران عائیشە خوای لێرازیبێت دەڵێت: (ما ضربَ رسـولُ اللَّهِ (ﷺ) خادمًا له ولا امرأةً ولا ضربَ بيدِهِ شيئًا)[١].

هەروەها دەڵێت: (ما ضـرَبَ رَسولُ اللهِ (ﷺ) شيئًا قَط بيدِهِ، ولا امْـرَأَةً، ولا خَادِمًا، إلَّا أَنْ يُجَاهِدَ في سَبيلِ اللهِ .....)[٢]..

بەواتای: پێغەمبەری خـوا ﷺ لەهـیچ کەسـێکی نەداوە، نە لەئـافرەت و نەلەخزمەتکـاری نەداوە، مەگەر لێـدانێکی بەکـار هێنابێـت لــەجیهادا لەپێناوی خوای گەورەدا.

لەفەرموودەکەدا بۆیە باس لەئافرەتان و خزمەتکـار کـراوە، چوونکە ئەم دوو توێژە زیاتر لەکۆمەڵگادا بەر پەلامارو لێدان دەکەون.

پێغەمبەری خوا ﷺ چاکترین مامۆستاو پەروەردشکارە بە کردەوەکانی پێش گفتارەکانی، هەروەها نموونەی لێبوردەیی و رەوشت بەرزییە .

هەروەها فەرموویەتی: (لا تضرِبوا إماءَ اللَّه فجـاءَ عمَـرُ إلـى رسـولِ اللَّهِ (ﷺ) فقال ذَئرنَ النِّساء على أزواجِهِنَّ فرخَّصَ فيضرِبِهِنَّ فأطـافَ بـآلِ رسـولِ اللَّهِ (ﷺ) نسـاءٌ كثيـر يشـكونَ أزواجَهُـنَّ فقـال النَّبـيُّ(ﷺ) لقَـد طافَ بآلِ محمَّدٍ نِساءٌ كثيرٌ يشكونَ أزواجَهُنَّ ليسَ أولئِكَ بخيارِكُم)[٣].

بەواتـای: پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـوویەتی: لە ئافرەتـان مەدەن، ئیمامی عومەر خوای لێرازی بێت هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و

---

[١] صحيح ابن ماجة.
[٢] رواه مسلم.
[٣] صححه الألباني في صحيح أبي داود.

وتـــی: ئافرەتـــان بەگــوێی مێردەكانیـــان نـــاكەن لێیـــان هەڵ دەگەڕێـنەوە شەڕیان پێ دەفرۆشن، پێغەمبەریش رێی پێدان لێیان بدەن، لێدانی تەمـێ كردنی سووك. ئافرەتـانێكی زۆر هـاتن و بـۆبەردەم مـاڵی خێزانەكـانی پێغەمبەرﷺ گلەیـی و گازنـدەیان لە مێرەكانیـان دەكـرد كەلێیـان داون، پێغەمـبەری خـواش ﷺ فەرمـووی ئەو پیـاوانەی لە ژنەكانیـان ئەدەن چاكی نێو ئێوە نین، بەڵكو باشترینتان ئەوانەن لە ژنەكانتان نادەن.

بۆیە پێغەمبەری خـوا ﷺ چـاكترین كەس بـووە لەمامەڵەیەیدا لەگەڵ خێزانەكانیداو فەرموویەتی :(خَيْرُكم خَيْرُكم لإهلِـه، وأنـا خَيْـرُكم لإهلـي) ئومەتەكەشی فێـر كـردووە چۆن هەڵسـووكەوتی بـاش لەگەڵ خێـزان و ئافرەتەكاندا بكەن.

ئەم فەرمــودانە بەڵــگەن لەســـەر ئەوەی پێویســـتە پیـــاوان گرنگـــی بە خێزانەكانیـــان بـدەن و رێنمـــایی و ئامۆژگـــاری و ئاراســـتەیان بـكەن و خۆیان بەدوور بگرن لە لێدان، لێدان دواشت بێـت بیـری لـێ بكـرێتەوە هەروەك پەروەردگـــاری كـــاربەجێ فەرمـــوویەتی:(وَاللَّاتِـــي تَخَـــافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ﴿٣٤﴾)[١]..

بـــەواتای: ئـــەو ژنانـــەش ئێـــوە لەســـەرپێچی و مـــل نـــەدانیان دەترســـن، یەكـەمجار ئامۆژگارییـان بكـەن و لـەخوا بیـان ترسـێنن بـۆ دووەم جـار ئەگەر ئامۆژگاری بێهوودە بوو جێ خەویان بۆماوەیەك لـێ جیاكەنـەوە، بۆ سێیەم جارئەگەر بەوەش راست نەبۆوە گەر لێشـیان بـدەن و تـەمێیان بكـەن دەبـێ، بـەڵام بەلێـدانێكی سـووك وبرینـداریان نەكـەن و لـەدەم و چاویان نەدرێت ئاسەواری بەجێ بمێنێ.

---

[١] النساء:٣٤.

له ئـایەتەکەدا لێدان لە دوا قۆناغدا دانـراوە، پێغەمـبەری خـواش وەك پێشتر ئاماژەمـان پێدا فەرمـوویەتی خـوای گەورە وەسـێتتان بـۆ دەکـات لەگەڵ ژناندا چاك بن.

ئەرکـی پیـاوانە تـا دەتـوانن نەرموونیـان و بەئـارام بـن لەگەڵ ژنانـدا ئەگەرکەموو کورتییەکیان هەبوو چاوپۆشییان لێ بکەن.

زانایانیش کەباسی لێدانیان کردووە هێندە مەرجـی توونـدیان بـۆ دانـاوە وەك ختووکە دانیان لێکردووە، دەبێت مەبەستیش لێی پەندو ئامۆژگاری و تەمێ کردن بێت نەك ئـازارو تۆڵەسـەندنەوە، ئەوەشـی پابەنـد بێـت بە سوننەتی کرداری پێغەمبەری خواوە با لە خێزانی نەدات.

**دەیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ)هەست وسۆزی خێزانەکانی راگرتووە.**

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەسـت وسـۆزی خێزانـەکانی راگرتـووەو دڵنـەوایی کـردوون فرمێسـکی سـڕیون و گـوێی لەگلـەیی و گازنـدەو نیگەرانییەکانیان گرتووە.

( بلغَ صفيَّةَ أنَّ حفصـةَ قالت بنتُ يهودِيٍّ فبكت فدخلَ عليها النَّبـيُّ (ﷺ) وهيَ تبكي فقالَ ما يبكيكِ قالتْ قالتْ لـي حفصـةُ إنِّـي بنـتُ يهوديٍّ فقـالَ النَّبيُّ (ﷺ) وإنَّكِ لابنةُ نَبِيٍّ وإنَّ عمَّكِ لنبيٌّ وإنَّكِ لتحتَ نبـيٍّ ففيمَ تفخرُ عليكِ ثمَّ قـالَ اتَّقـي اللَّهَ يـا حفصـةُ)[1]. پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) باشـترین کەس بۆ خێزان و خانەوادەکەی، باشترین و جوانترین نموونەی پێکـەوە ژیان و رێزو خۆشەویستی نواندن بووە.

[1] أخرجه الترمذي عن أنس بن مالـك (٣٨٩٤) واللفظ لـه، وأحمـد (١٢٤١٥)، والنسـائي فـي (السـنن الكبرى)، (٨٩١٩) باختلاف يسير، وصححه الألباني في صحيح الترمذي.

لــەم فەرموودەیــەدا ئەنەســی کــوڕی مالیــك خــوای لێڕازیبێــت بۆمــان دەگێڕێتەوە: کە (صفيَّةَ کچی حُييِّ کوڕی أخطبَ ) خوای لێڕازیبێت پێی گەیشت کە حفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب خوای گــەورە لێیــان ڕازی بێت، ســەبارەت بــە صــفية وتوویــەتی ئــەو کچــی جولەکەیــە واتــە باوکی جولەکەیە، صفية ئەم گفتەی پێنــاخۆش بــووەو گریــاوە، پێغەمبــەر (ﷺ) چــووە بــۆلای و بینیویــەتی دەگــری پێــی فــەرمووە چــی وای لێکردوویــت کــەوا بگریــت، صــفية وتــی: حفصــة پێــی وتــم تــۆ کچــی جوولەکەی بەمە سووکایەتی پێکردووم و شکاندوومی.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ستایشی دەکات و دڵی دەهێنێتــەوەو پێــی دەڵێــت: صفية تۆ کچی پێغەمبەرێکی ( هارونی کوڕی عیمران) ســەلامی خــوای لێبێت، چونکە صفية لەنەوەی ئەو بووە، هەروەها وتراوە مەبەســت لێــی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە سەلامی خوایان لێبێت، مامت پێغەمبەرە واتــە موسای کوڕی عیمــران ســەلامی خــوای لێبێــت، وتــراوە مەبەســت لێــی ئیســماعیلی کــوڕی ئیبراهیمــە ســەلامی خوایــان لێبێــت، وەتــۆ خێزانــی پێغەمبەرێکی، محمد (ﷺ)، ئەو واتــە حفصــە بــەچی شــتێك شــانازیت بەسەرەوە دەکات ئەم پێگەو شانازییانە ئــەو نییــەتی، ئینجــا پێغەمبــەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی لەخوا بترسە (حفصة) واتە واز لــەم قسە نەهی لێکراوانە بهێنە.

ژنــان بەسرووشــتی خۆیــان حــەز دەکــەن منداڵیان بێــت بــەدایکی فــڵان بناســرێنەوە ئــەوەتا دایکــی ئیمانــداران عائیشــە خــوای لێڕازیبێــت دەڵێــت بەپێغەمبەری خوام (ﷺ) وت:

(يا رَسولَ اللهِ، كُلُّ نِسائِكَ لها كُنيةٌ، غَيري. فقال لها رَسولُ اللهِ (ﷺ): اكتَني أنتِ أُمَّ عَبدِ اللهِ. فكان يُقالُ لها: أُمُّ عَبدِ اللهِ، حتى ماتَتْ، ولم تَلِدْ قَطُّ)[1]. .

عائیشه خوای لێرازیبێت دەڵێت: بە پێغەمبەری خوام (ﷺ) وت: هەموو خێزانەکانت کونیەیان هەیە جگە لەمن، پێغەمبەری خواش پێی دەوت: دایکی عبداللە بەناوی خوشکەزاکەی عائیشەوە کەعبداللە ی کوڕی زوبەیرە، ئینجا تا مردن پێی دەوترا دایکی عبداللە و منداڵیشی نەبووە.

لێرەدا سەروەرمان ڕەچاوی باری دەروونی و هەست و سۆزی عائیشەی کردووە، کونیەی بۆ داناوە بەناوی دایکی عبداللە تا دڵخۆش و ئاسوودەی بکات.

## یازدەیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دادپەروەر بووە لە نێوان خێزانەکانیدا.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( من كانت له امرأتان فمال إلى إحداهما جاء يوم القيامة وشقه مائل )[2].

زوڵم وستەم لەرۆژی قیامەتدا تاریکییە، یەکێك لەو زوڵمانە ئەوەیە یەکێك خێزانێك زیاتری هەبێت و دادپەروەر نەبێت لە نێوانیاندا لە رووی خەرجی و پێداویستی و مانەوەی شەو لایان، خوای گەورە سزای ئەو کەسە دەدات لەرۆژی قیامەتداو بە مل لاری زیندوی دەکاتەوە، چوونکە لە دونیادا داد پەروەر نەبووە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێرمان دەکات داد پەروەربین لە نێوان ژنەکاندا ئەوەندەی

---

[1] أخرجه أبو داود (٤٩٧٠)، وأحمد (٢٥١٨١) واللفظ له، وصححه شعيب الأرناؤوط في تخريج المسند
[2] أخرجه أبو داود فى سننه، وأخرج الترمذى في الجامع نحوه

لەتوانادای مرۆڤدایە. بەڵام حەزو مەیلی دەروونی لەتوانای بەندەکاندا نییە هەروەك پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:(وَلَن تَسْتَطِيعُوا أَن تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ) .[١]

بەواتای: دڵنیابن هەرگیز ناتوانن هەرچەند هەوڵیش بدەن کە بەیەکسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ ژنانی خۆتاندا رەفتار بکەن. زانایان دەڵێن: مەبەست بەم (عەدالەت)ـە لەم ئایەتەدا کە جێبەجێ نابێ لەنێوان ژن و مێردا تەنها خۆشەویستی دڵ و دەروونە، چونکە دەگونجێ پیاویەکێ لەهاوسەرەکانی لا خۆشەویست تر بێ لەدڵدا، دیارە ئەوەیش هیچ گوناهێکی تێدا نییە بەو مەرجە کاری پێنەکا، جاکەوابوو ئەوەندە دووریان مەخەنەوە لەخۆتان، هەتا بیانکەنە هەڵپەسارده و داماو بن، واتە: نە تەڵاق درابێت تا بچێت بۆخۆی شوو بکات، نەوەک مێرداریش بێت مافی خۆی وەرگرێت، ئەگەر لەگەڵیان پێک بێن و لەگوناح خۆ بپارێزن ولەخوار بوونەوە لەبڕیارەکانی خوا بەرامبەریان پارێز بکەن، ئەوا بەڕاستی خوا لێبوردەو بەڕەحمەو میهرەبانە .

ئەوەی لەتوانای مرۆڤدا نییە مەیلی دڵ و دەروونە رەنگە بۆ خێزانێکیان زیاتر بێت لەوی تر بەڵام نابێت گوزارشتی لێ بکرێت.بەئەنقەست خراپ مەبە بەڵکو دادپەروەربە لەڕووی خەرجی و مانەوە لایان، ئەمەو نەبوونی دادپەروەری رق و قینەو دژایەتی لە نێوان خێزانەکاندا درووست دەکات ئارامی خێزانی نامێنێت.

لە کۆتاییدا ئەم باسەدا دەڵێبن با پیاوان پابەندی رەوشت و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەری ئازیز بن لەمامەڵەیان لە گەڵ خێزانەکانیاندا ئەم فەرموودە شیرینە دروشم و سیفاتیان بێت.

( خَيْرُكُمْ خَيْرَكُمْ لإهلِهِ وأنا خَيْرُكُمْ لإهلِى...).[٢]

---

[١] النِّسَاء : ١٢٩

[٢] رواه الترمذی وابن حبان والدارمي.

## بەشی یازدەهەم

## ئەرکی ژنان بەرامبەر مێردەکانیان

پێویستە خانمان بزانن گەورەترین ماف لەسەریان مافی مێردەکانیانە بەسەریانەوە ، دەخوازێت بە باشترین شێوە ڕەچاو بکرێت تا ببێتە مایەی ڕەزامەندی پەروەردگارو ئاسوودەیی و سەرکەوتن لەژیانی خێزانیدا.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( أعظمُ الناسِ حقاً على المرأة زوجُها وأعظمُ الناسِ حقاً على الرجلِ أُمُّهُ)[١]. بەواتای : گەورەترین ماف کەبەسەر ئافرەتەوە بێت، مافی مێردەکەیەتی، گەورەترین مافیش کەبەسەر پیاوەوە بێت مافی دایکێتی. ئەمەش گەورەیی مافی پیاو بەسەر ئافرەت و گەورەیی مافی دایك بەسەر پیاوەوە دەردەخات، بەڵام ئەگەر ئافرەت شووی نەکردبوو ئەوا مافی دایکی لەپێش هەموو مافێکی ترە بەسەریەوە.

ئەو سیفەتە جوانانەی کە پێویستە ژنان پێوەی پابەند بن زۆرن وچوا رسیفەتیان سەرەکییە و بەکورتی باسی لێوە دەکەین:

**یەکەم: گوێڕایەڵی لەچاکەدا.**

ئەمە جوانترین سیفەتە کەخانمان خۆیانی پێ بڕازێننەوە لەگەڵ مێردەکانیاندا، بەم سیفەتە لەخوای گەورە نزیك دەبنەوە، باشترین سیفەتێکە کە پیاو بەدوویدا دەگەڕێت تا لە خێزانەکەیدا هەبێت،

---

١ حديث صحيحٌ صحَّحهُ الحاكمُ وغيرهُ.

گوێڕایەڵی مایەی شكۆیی ئافرەتانە لە دنیاو ڕۆژی دواییدا، یەكەمین مافی پیاوە بەسەرخێزانەكەیەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إذا صلَّتِ المرأةُ خَمْسَها، و صامَت شهرَها، و حصَّنَتْ فرجَها، وأطاعَت زوجَها، قيلَ لها : ادخُلي الجنَّةَ مِن أيِّ أبوابِ الجنَّةِ شِئتِ)[1].

بەواتای: ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزەی نوێژی كرد بەتەواوی و لەكاتی خۆیدا، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان گرت و ئەو ڕۆژانەشی بەهۆی عوزرێكەوە لە دەستی چوو دواتر گرتییەوە، داوێنی پاراست لەحەرام وەك زیناو هاوڕەگەزبازی نێوان ڕەگەزێ مێ، پاراستنی داوێن پاش و پێشیش دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر بۆ پێش بەكاردێت،هەروەها گوێڕایەڵی مێردەكەی كردو مافە شەرعییەكانی پاراست، بەمەرجێك گوێڕایەڵییەكەی لەتاواندا نەبێت.

بەو ئافرەتە دەوترێت بچۆرە بەهەشتەوە لەكام دەرگایانەوە دەتەوێت، بەواتای لەهەر هەشت دەرگای بەهەشتەوە بانگی لێدەكرێت وەك ڕێزو شكۆیەك. ئەم سیفاتانە پایەی كارە چاكەكانن و هۆكاری چوونە بەهەشتن، ئەگەر ئافرەت پێوەی پا بەند بێت خوای گەورە لەشەڕو خراپەی تر دەیپارێزێت.

سروشتی ژیان وایە هەموو دەزگا، كۆمپانیا، قوتابخانە .... سەرۆك یان بەڕێوەبەرێكی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی، فەرمانبەرو كارمەندو كرێكارەكانی گوێڕایەڵی بەڕێوەبەرەكە دەبن تا كارەكان بەچاكی بڕوات و سەركەوتن بەدەست بێنن. بەهەمان تەرز قوتابی گوێڕایەڵی مامۆستاو ئیدارەكەی دەبێت تا لە پرۆسەی خوێندندا سەركەوتووبێت، بۆیە

---

[1] أخرجه ابن حبان ٤١٦٣ والطبراني في المعجم الأوسط ٤٧١٥ واللفظ له، وصححه الألباني في صحيح الجامع، الصفحة أو الرقم ٦٦٠.

سەرکەوتنی سەرجەم دەزگاکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستی بە گوێڕایەڵی هەیە.

بەهەمان تەرز ئافرەت کە گوێڕایەڵی مێردەکەی دەبێت لەکاری خێرو چاکەدا بە قازانجی دەزگای خێزان و ئاسوودەیی و سەرکەوتنی خۆشی دێت.

هەر بۆیە دەخوازێت دایباب و پەروەردشکار لە پرۆسەی پەروەردەکردنی کچاندا فێری گوێڕایەڵی مێردەکانیان بکەن هەر وەك چۆن گوێڕایەڵی مامۆستای قوتابخانەو بەڕێوەبەری فەرمانگەیان دەبن.

عن الحصين بن محصن : أن عمة له أتت النبيﷺ في حاجة ففرغت من حاجتها فقال لها النبىﷺ أذات زوج أنت ؟ قالت نعم قال : كيف أنت له ؟ قالت ما آلوه ( أى لا أقصّر فى حقه ) إلا ما عجزت عنه . قال: " فانظري أين أنت منه فإنما هو جنتك ونارك[1]" .

بەواتای: حصینی کوڕی محصن دەڵێت: پورێکی هاتوتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆکارێك و دوای ئەوەی کارەکەی مەیسەر بووە، پێغەمبەری خواﷺ پێی وتووە: تۆمێردت هەیە، وتی: بەڵێ، وتی: تۆ چۆنی بۆ مێردەکەت؟ وتی: کەمترخەمی ناکەم بەرامبەری مەگەر شتێك لە توانامدا نەبێت. وتی: بڕوانە بزانە تۆ بۆ ئەو چیت، ئەو بەهەشت و دۆزەخی تۆیە. بەمانای ئەگەر گوێڕایەڵی بکەیت لەچاکەدا هۆکاری چوونە بەهەشتی تۆیەو ئەگەر کەمتەرخەمی بکەیت بەرامبەری هۆکاری چوونە دۆزەختە .

---

[1] رواه أحمد والحاكم وصححه الألباني فى صحيح الترغيب والترهيب.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (اثنانِ لا تُجَاوِزُ صلاتُهما رؤوسَهُما : عَبدٌ أبَقَ من مَواليه حتَّى يرجعَ، وامرأةٌ عصَت زوجَها حتَّى ترضع)[1].

بەواتای دوو دەستە نوێژەکانیان لەسەر سەریان بەرز نابێتەوە یەکێك لەوانە ژنێك لە مێردەکەی یاخی بێت تا دەگەڕێتەوە سەر گوێڕایەڵی.

بۆیە پێویستە دایباب کچەکانیان فێر کەن و ئامۆژگارییان بکەن تا گوێڕایەڵی مێردەکانیان بکەن، بە گوێڕایەڵیی کردنیان، کچەکانیان، زاواکانیان، نەوەکانیان، ئاسوودە دەبن و ژیانیان خۆش و بەردەوام دەبێت.

بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە ئاراستەی کچەکانیان بکەن لەسەریاخی بوون و بێ گوێیی مێردەکانیان سەرەنجام ژیانی خێزانی کچەکەیان دەسوتێنن.

ژن بە گوێڕایەڵی مێردەکەی سەرنجی مێردەکەی رادەکێشێت و هەست و سۆزو دڵ و دەروون و لاشەی بۆ خۆی کەمەند کێش دەکات. بەڵام بێ گوێیی و یاخی بوون هەموو شتێك خراپ دەکات ژیانی خێزانی وێران دەکات.

## دووەم: پاراسنی ئەمانەت.

پاراستنی ئەمانەت لەژیانی خێزانیدا بەواتای ئافرەت نهێنی مێردوو منداڵەکانی و ماڵ و سامان و شکۆی مێردەکەی بپارێزێت.

[1] أخرجه الطبراني في المعجم الأوسط، (٣٦٢٨)، والحاكم(٧٣٣٠) (، وصححه الألباني في صحيح الترغيب (١٨٨٨).

پێشتر فەرموودەی ( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته ... والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها) ی مان شیی کردەوە پێویست بە دوبارە کردنەوە ناکات

بەشێکی فەرموودەکە باس لەبەرپرسیارێتی ئافرەت دەکات لەماڵی مێردەکەیدا بەرپسیارە لە سنووری کاری خۆیدا پاراستنی ئەمانەت یەکێکە لەو بەرپرسیارێتییە

عَنْ أَبِى سَعِيدٍ الْخُدْرِى قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ( إِنَّ شَرَّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلة يوْمَ الْقِيامَة: الرَّجُلُ يُفْضي إِلى امْرَأَتِه، وتُفْضي إِلَيْه، ثم ينْشُرُ سِرَّهَا)[١]..

بەواتای خراپرین پێگەی کەسێك لای خوای گەورە لەرۆژی دواییدا: پیاوێکە لەگەڵ خێزانیدا کاری سەرجێی دەکات، یان ژنێك سەرجێیی لەگەڵ مێردەکەی دەکا ت و هەردوو پێکەوە چێژ لەیەکتر دەبینن، دواتر پیاوەکە نهێنی نێوانیان بڵاو دەکاتەوە.

بۆیە پێویستە ژن و مێرد بەهیچ شێوەیەك نهێنی نێوانیان بڵاو نەکەنەوە چوونکە لە نێوانیاندا نهێنی و قسەو باسی زۆر هەیە بڵاو کردنەوەی زیان بەخۆیان، خێزانەکەیان، کەسایەتی و پێگەیان دەگەیەنێت، پاراستنی نهێنیش لە گەورەترینی ئەمانەتەکانە .

-عن جابر رضي الله عنه عن النَّبى ﷺ، قال: (اذاحدَّث الرجل بالحديث ثم التفت فهي أمانة)[٢]. بەواتای ئەگەر کەسێك قسەی کردوو بەلای راست و چەپدا روانی و ئاوڕیداوە، مانای وایە ئەو کەسە حەز

---

[١] أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ
[٢] رواه أبو داود والترمذي وحسنه الشيخ الألباني.

ناکـات و نایەوێـت کەس گـوێی لەقسـەکەی بێـت و بیزانێـت جـگە لەو کەسـەی قسـەی لەگەڵ دەکـات، ئەو قسـەیە ئەمـانەتە لە ئەسـتۆی ئەو کەسە، نابێت بیدرکێنی، ئەگەر باسی بکات ئەوا ئەمانەتی نەپاراسـتووەو فەرمانی خوای پێشێل کردووە.

ناکرێت ژنان باسـی لایەنـی دارایـی و بـارودۆخی تـایبەتی مێردەکانیـان بکەن لەمـاڵی باوکیـان یـان لای دراوسـێ و کەسـانی تـر، چوونکە ئەمە نهێنییەو ناکرێت بیدرکێنن لای کەسانی تر .

هەروەها پێویستە ژنـان مـاڵ و سـامانی مێردەکەیـان بپـارێزن، تەنـانەت زانایان وتوویانە ئـافرەت حەرامە لەمـاڵی مێـردەکەی خێـر بکـات بەبـێ ڕەزامەندی، ئەمە ئەگەر بۆ خێرو چاکە وابێـت ئەی ئەگەر پـارەو مـاڵی مێردەکەی لەشتی پوچ و لاوەکیدا خەرج بکات چۆن دەبێت؟

هەر ئـافرەتێـك بەئەنقەسـت بـیەوێ مـاڵی مێـردەکەی بەفیـڕۆ بـدات ئەوا بەدەستی خۆی کۆڵەکەی ژیانی خێزانی خۆی دەڕوخێنێت زووبێـت یـان درەنـگ، چـونکە مێـردەکەی ئەم کـارەی لـێ قبـوڵ ناکـات و کێشـەی خێزانی درووست دەبێت.

پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێـت:( الرجـل جنًـی والمـرأة بنَـی) پیـاو کـارو کاسـبی دەکـات و پـارە پەیـدا دەکـات و ئەوەشـی ماڵـداری دەکـات ژنە، ئەگەر بینرا کارو کاسبی پیـاو باشـەو نێـو مـاڵەکەی وانییە، مانـای وایە گیرۆدەی ژنێك بووە ماڵەکەی ناپارێزێت.

### سێیەم: بەدەست خستنی ڕەزامەندی.

بەدەست هێنانی ڕەزامەندی مێرد لەلایەن خانمـانەوە کـارێکی ئەسـتەم و گـران نیـیە، چـوونکە ئەو پیـاوەی لەنێـو سـەدان کچانـدا ئەو ژنەی هەڵبژاردبێـت و ئامـادەبووە بەدرێژایـی تەمەن ژیـانی لەگەڵـدا بەسـەر

بەرێت، دەکرێت بتوانرێت رەزامەندی ئەو پیاوە بەدەست بێنێت، چی کەمییەکە بۆ ئافرەت ئەگەر هەوڵی رەزامەندی مێردەکەی بدات، بە گوفتارو بەکردار دڵخۆشی بکات. ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە فەرموویەتی: ( أَلا أُخبِرُكُم بِنِسَائِكُم فِي الجَنَّةِ ؟كُلُّ ودُودٍ ولُودٍ ، إِذا غَضبَت أَو أُسِيءَ إِليهَا أَو غَضبَ زَوجُهَا ، قَالت: هَذه يدِي فِي يدِكَ، لاْ أَكْتَحِلُ بِغُمضٍ حتَّى تَرضى) [١]، بەواتای: ئاگادارتان بکەمەوە بەئافرەتانێکتان لە بەهەشتدا، ئافرەتانێکن سۆزو خۆشەویستیان بۆ مێردەکەیان هەیەو ئەگەر مێردەکەی لێی تورە بێت یان خراپەیەکی بەرامبەر بکات دەڵێ ئەوا دەستم لەناو دەستی تۆدایە و ناخەوم تا تۆ رازی نەبیت، گەر ئافرەت بەم زمانە شیرین و ناسکە بدوێت پیاو ئەگەر لەوپەری تورەییدا بێت هێمن دەبێتەوەو ژنەکەی داوای چی لێبکات بۆی جێبەجێ دەکات.

## چوارەم: داوای مۆڵەتی لێ بکات.

پیاو حەز دەکات ژنەکەی پابەندی بریارەکانی بێت و رێزی بەرێوەبردنەکەی بگرێت، ئەگەر رێزی بریارەکانی گرت واتە رێزی خۆی دەگرێت. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ژن بۆی نییە رۆژوی سوننەت بگرێت بەبێ ئیزن و رەزامەندی مێردەکەی لەم سۆنگەوە زانایان وتوویانە مافی مێرد لەپێش جێبەجێکردنی سوننەتەوەیە، چوونکە گوێرایەڵی مێرد واجبە گرنگترە لە جێبەجێکردنی سوننەت.

هەروەها ناکرێت ژن میوانداری کەسێك بکات بەبێ رەزامەندی مێردەکەی یان لەماڵ دەرچێت ومیوانداری و سەردانی بکات بەبێ رەزامەندی مێردەکەی، پیاوانیش حەز دەکەن رەزامەندییان وەرگیرێت رێگر نابن خێزانەکانیان بۆکاری پێویست بچنە دەرەوە.

---

[١] أخرجها النسائى فى الكبرى والطبرانى فى الكبير والأوسط وأبو نعيم في الحلية وقال الشيخ الألباني : إسناد رجاله ثقات رجال مسلم ..ولكن للحديث شواهد يتقوى بها، السلسلة الصحيحة.

سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەرو دروست کردنی کاریگەری لەسەریان کارێکی گرنگ و خوازراوە لە ژیانی مرۆڤدا بە گشتی و لە ژیانی خێزانیدا بەتایبەتی، بۆ ئەوەی ئاسوودەیی خێزانی فەراهەم بێت و سۆزو خۆشەویستی و ڕێز باڵ بکێشێت بەسەر خێزاندا.

## بەشی دوازدەهەم

## چۆن کاردەکەیتە سەر دڵ و دەروونی نزیکەکانت؟

لەم بەشەدا پشتیوان بە خوا ئاماژە بەچەند خاڵێك دەدەین سـەبارەت بە شێوازی راکێشانی دڵ و دەروونی بەرامبەر.

**یەکەم: خواپەرستی**

ئەگەر نێوانی خـۆت و خـوات چـاك کـردوو ئاوەدانـت کـردەوە، خـوای گەورە نێوانی تۆو خەڵکی چاك دەکـات. لەئەسـەرێکدا هـاتووە :(إن لکـل امـرئ جوانیـاً وبرانیـاً، فمـن یصـلح جوانیـه یصـلح برانیـه، ومـن یفسـد جوانیه یفسد الله برانیه)[١].

بەواتـــای: هەمـــوو مرۆڤێـــك پەنهـــانی و ئاشـــکرای هەیە، ئەوەی پەنهانییەکـانی چـاك بکـات خـوای گەورە ئاشـکراکانی چـاك دەکـات، ئەوەشی پەنهانییەکـانی خـراپ بکـات خـوای گەورە ئاشـکراکانی خـراپ دەکات.

خـوایگەرە لە قورئـانی پیـرۆزدا فەرمـوویەتی: (إِنَّ الَّـذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُـوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا )[٢] .

بـەواتای: بەراسـتیی ئەوانەی باوەڕیـان هێنـاو کـردەوە چاکەکانیـان ئەنجامـدا، خـوای میهرەبـان دەیانکـاتە خۆشەویسـت و، خۆشەویسـتییان دەخاتە دڵی بەندەکانی خۆیەوە و هەموو خۆشیان دەوێن.

---

[١] رواه ابن المبارك فی کتاب الزهد عن سلمان موقوفاً

[٢] سوورەتی مریم ٩٦.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە فەرموویەتی:عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسـوالله (ﷺ):( إذَا أَحَـبَّ اللَّهُ العَبْدَ نَـادَى جِبْرِيـلَ: إنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلانًا فأحْبِبْهُ، فيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ، فيُنَادِي جِبْرِيلُ فـى أهْلِ السَّمَاءِ: إنَّ اللَّهَ يُحِـبُّ فُلانًـا فـأحِبُّوهُ، فيُحِبُّـهُ أهْلُ السَّمَاءِ، ثـمَّ يُوضـعُ لـه القَبُـولُ فـى الارْض)[1].

بەواتـــای: ئەگەر خـــوای گەورە بەنـــدەیەکی خـــۆش ویســـت بە هـــۆی خواپەرستییەکەیەوە، خوای گەورە بانگی جیبریل سەلامی خوای لێبێت دەکات، پێی دەڵێت خوای گەورە فڵانەکەسی خۆش دەوێت تۆش خۆشت بوێت، جیبریلیش خۆشی دەوێت، جیبریل بانگی خەڵکی ئاسمان دەکات، خوای گەورە فڵانەکەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بوێت ئەوکات لای زۆرینەی خەڵکی زەوی جێگای قبوڵ دەبێت و بەچاکی باسی دەکەن.

بۆیە دەبینین ئەوانەی خوای گەورە خۆشیانی بوێت، رێز لێگیراون لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون لە ماڵەکانیاندا، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی مامەڵەی کرد بەئیجابی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، خەڵکی رێزی لێ دەگرێت کارەکانی بۆ ئاسان دەبێت.

**دووەم: خەندەو پێکەنین**

دەخوازێت پیاو ڕوخۆش ودەم بەخەندە بێت لەگەڵ خێزانەکەیدا، هەرچەند لەناخەوە خەمبارو نارەحەت بێت، ژنیش روخۆش و دەم بەخەندە بێت بۆ مێردەکەی هەرچەند لە ناخەوە خەمبارو ماندوو بێ تاقەت بێت، ئەم کارە پاداشتی لای خوای گەورە هەیەو سوودو ئاسوودەییش بە مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه..

ئەوەتا پێغەمبەر خوا ﷺ فەرموویەتی: ( تبسُّمك فی وجه أخيك لك صدقه)[1]..

بەواتای: روخۆشی و دەم بەخەندەییت کاتێك بەبرا مسوڵمانەکەت دەگەیت، دەبێتە خێرو سەدەقە بۆت. روخۆشی و روگەشی لە رەوشتی پێغەمبەرەو مایەی سۆزو خۆشەویستییە و پێچەوانەکەی لوت بەرزی و خۆ بەگەورە زانینە.

دەڵێن پیاوان ئەو ژنانەیان خۆش ناوێ کەئەم سیفەت و ئاکارانەیان هەبێت: خۆیان زاڵ بکەن، درۆبکەن، تورەو دەمەوەربن، مرو مۆچ بن، بایەخ بەخۆشی و ناخۆشی و خەمەکانی مێردەکەیان نەدەن، کەلەرەق بێت و تەنها ئەو شتانە بکات کەخۆی دەیەوێت، بایەخ بەروخسارو ماڵ و منداڵ و ئامادەکردنی خواردن، و مێردەکەی نەدات.

دەخوازێت خانمان روخۆش و دەم بەخەندە بن کاتێك مێردەکانیان دەگەرێنەوە ماڵەوە. پیاو حەز دەکات کەدێتە ماڵەوە ژنەکەی روخۆش و دەم بەخەندە بێت بەجوانی پێشوازی لێ بکات مرومۆچ نەبێت و چرۆچاو نەدا بەیەکا. پیاو کاتێ شەکەت و ماندووە بەهۆی کاروکەسابەتەوە کەدێتە ماڵەوەژنەکەی بە مرومۆچی دەبینێت زیاتر بێ تاقەت  ماندوو دەبێت و ماندوویەتی ناحەسێتەوە، هەروەها پێویستە پیاوانیش بەهەمان تەرز بەرۆخۆشی و دەم بەخەندەیی بێنە ماڵەوەو لەماڵ دەربچن.

هەروەها ژنانیش پیاوانی رەزیل و چروك، ترسنۆك، ساویلکە، ستەمکار، مرومۆچ، زبرو توندو تیژیان خۆش ناوێت.

---

[1] رواه الترمذي وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي

پیاوی وشك و مڕومۆچ خۆشەویست نییە هەرچەند پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی بەرزبێت.

بۆ نموونە کەسێك سەردانی پزیشکێك بکات یان بچێتە مارکێتێك یان هەرشوێنێکی تر ئەگەر بەڕوخۆشی و دەم بەخەندە پێشوازی بکرێت ئەوا خۆشحاڵ دەبێت بەردەوام دەچێتەوە، بەڵام ئەگەر بەمڕومۆچی و وشکی مامەڵەی لەگەڵدا کرا ئەوا جارێکی تر ناچێتەوە ئەوشوێنە.

گرفت ئەوەیە پیاو ژنێکی مڕومۆچ و وشکی هەبێت یان ژن پیاوێکی وشکو و مڕومۆچی هەبێت.

پێغەمبەر خوا (ﷺ) فەرموویەتی :(لا تَحْقِرَنَّ مِنَ المَعروفِ شيئًا، ولو أنْ تَلْقَى أخاكَ بوَجْهٍ طَلْقٍ)[1]..

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان روون دەکاتەوە مسوڵمان ناکرێت کاری چاکە بەکەم و سووك تەماشا بکات، تەنانەت ئەگەر بەڕوویەکی خۆشەوە بگات بەبراکەی. واتە بەڕوخۆشی و دەم بەخەندەوە بگات بەبراکەی نەك بەمڕومۆچی وعەبووسی. فەرموودەکە فێرمان دەکات کە سوونەتی پێغەمبەرﷺ روخۆشی بووە لە لیقاو دیدارەکانیدا. هانمان دەدات بۆکاری چاکە ئەگەر کەمیش بێت، جا بەماڵ وسامان بێت، بەرەوشت و ئاکاری جوان، یان گەیشتن بەبراکەت بەروخۆشی و دەم بەخەندە. بێگومان لەنێو بازنەی خێزان و ژن و مێردا روو خۆشیی و گەشاوەیی خێری زیاترە.

دەڵێن: پیاوێك زۆر روخۆش و دەم بەخەندە بووە، سڵاوی لەخەڵکی کردووە پێیان وتووە دەتبینین زۆر دەم بەخەندەیت ئەویش وتویەتی: ( كف عداوة بأرخص مؤونة، وكسب مودة بأيسر مبذول )

[1] أخرجه مسلم في صحيحه.

بەواتای: دوژمنـایەتی دور دەخەیـتەوە بەهەرزانتـرین نـرخ و تێچـوون، دۆستایەتی بەدەست دێنیت بەئاسانترین هەوڵ و تێکۆشان.

## سێیەم: سڵاوکردن

خـوای گەورە سـەبارەت بەگەورەیـی سـڵاو کـردن فەرمـوویەتی: (وإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِـيَّةٍ فَحَيُّـوا بِأَحْسَنَ مِنْهَـا أَوْ رُدُّوهَـا إِنَّ اللَّهَ كَـانَ عَلَـى كُلِّ شَـيْءٍ حَسِيبًا)[١] .

بـەواتای: کـاتێ بەهەر جۆرێـک چـاک و چـۆنی و سـڵاوتان لێبکـرێ لەلایەن موسـڵمانانەوە، ئـەوا ئێـوە بەجـوانتر لەو چـاک و چـۆنی لە باوەڕداران بکەن، یان هەر هیچ نەبێت وەکو خۆی وەڵام بدەنەوە، واتە: ئەگەر ئەو گوتی: (السلام علیکم) ئێوە لەوەڵامـدا بڵێن: (وعلـيکم السـلام ورحمة الله)، خۆ ئەگەر گـوتی: (السـلام علـيکم ورحمـة الله) ئێـوە بڵێن: (وعلــيکم الســلام ورحمــة الله وبرکاتــه). بەڕاســتيی خــوا حســابی هەمووشــتێک دەکــات و لەگشــت کەســێک دەپرســێتەوەو پاداشــتی هەمووکارێکیش دەداتەوە .

بەواتای ئەگەر سڵاوتان لێکـرا ئەوا بەچـاکتر لەوە وەڵامـی سـڵاوەکەیان بـدەنەوە ئەگەر مسـوڵمان بـوون ئەگەر ئەهلـی کیتـاب بـوون وەك خـۆی وەڵامـی بـدەنەوە. خـوای گەورە لەسـەر وەڵام دانەوەی سـەلامەکە، وەك خۆی یان بەباشتر، پاداشتتان دەداتەوە.

بۆیە سوننەتە کەدەچیتە مـاڵەوە سـەرەتا سـڵاو لە خـانەوادەکەت بکەیـت، چوونکە تۆ دەچیتە ژوورەوەو ئەوان دانیشـتوون باهەنـدێکیان بە پێـوەش

---

[١] النساء٨٦

بن هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی :(فإذا دخلتم بيوتاً فسلموا على أنفسكم تحية من عند الله مباركة طيبة). [1]

بەواتای: هەركاتێك چوونە ماڵانێكەوە، سڵاو لەخۆتان و یەكتری بكەن، چونكە سڵاو مایەی خۆشەویستییە، ئەمە دروودێكی پیرۆزو پاكە لەلای خوا.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:عن أنس رضى الله عنه قال : قال ﷺ: (يا بُنَيَّ إذا دخلتَ على أَهلِكَ فسلِّم ، يكُنْ برَكَةً عليكَ، وعلى أهلِ بيتِكَ)[2]. بەواتای: كوڕەكەم كەچوویتە ماڵەوە، سڵاو لەكەسوكارەكەت بكە، سڵاوكردن دەبێتە مایەی بەرەكەت بۆ خۆت و خانەوادەكەت.

سڵاوكردن لە كەسی بەرامبەرسۆزو خۆشەویستی و رێزو متمانە درووست دەكات، پیاو كاتێك دێتە ماڵەوە بەڕوخۆشی و سڵاو لە خێزانەكەی دەكات و خێزانیشی بەڕوخۆشی و دەم بەخەندەوە دەرگای لێ دەكاتەوە، بەم رەفتارانە ئاسوودەیی خێزانی دێتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر ژن مێردەكەی گەڕایەوە خۆی دەرگا نەكاتەوەو بەرەو پیری نەچێت و خۆی بەشتی لاوەكی سەرقاڵ بكات و منداڵەكەی بنێرێت، ئەمە رەفتارێكی گونجاو نییە، پیاو گەڕایەوە حەزدەكات یەكەم كەس خێزانەكەی ببینێت و ئەو پێشوازی لێ بكات و كەچووە سەركار ئەو بەڕێی بخات.

---

[1] النور ٦١.
[2] أخرجه الترمذي،وقال الألباني في الكلم الطيب حديث حسن صحيح.

## چوارەم: پێشکەشکردنی دیاری

دایکی ئیمانداران عائیشە خوای لێ ڕازیبێت دەڵێ:(كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)يقْبَلُ الهَدِيَّةَ ويُثِيبُ عَليْهَا) [1]

هەروەها فەرموویەتی:(تَهَادُوا تَحَابُّوا)[2]

بەواتای پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری وەرگرتووە، و پاداشتی خاوەن دیارییەکەشی داوەتەوەو بەدیاری هاوشێوە یان باشتر، هیچ دیارییەکی ڕەتنەکردۆتەوە هەرچەند بچووك و کەم بووبێت. ئەمەش نیشانەی ڕێزو بەخشندەیی و ڕەوشت بەرزییەتی، هەروەها فەرمانی پێکردووین بەبەخشینی دیاری تا خۆشەویستی درووست بێت .

دیاری لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بەگشتی و لەژیانی خێزانیدا گرنگی خۆی هەیەو سۆزو خۆشەویستی و ڕێز زیاتر دەکات دەخوازێت پیاوان دیاری بۆ خێزانەکانیان بکڕن و دڵخۆشیان کەن، کڕینی دیاریش با بەپێی باری دارایی وپێگەو تەمەنی کەسەکەو ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری کەسەکە بێت.

هەروەها خانمانیش با دیاری بۆ مێردەکانیان بکڕن ئەگەر شووشەیەکی گوڵاویش بێت .

بەخشینی دیاری وادەکات بەرامبەرەکەت هەست دەکات ڕێزت لێگرتووەو لەیادت نەکردووە لەخەیاڵ و ئەندێشەیدای.

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه.

[2] رواه البخاري في الأَدَبِ المُفْرَدِ والبيهقي عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَهُوَ حَدِيثٌ حَسَنٌ، وقال الشيخ الألباني في إرواء الغليل، حديث حسن.

یــان هەرکــات هەســتت کــرد ســاردی یــان کێشــەیەکت هەیە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا دەتوانیت دیارییەکی بۆ بکڕیت و دڵی خۆش بکەیت و تەموومژی نێوانتان بڕەوێنیتەوە .

## پێنجەم: بەجوانی گوێگرتن

گــوێگرتن لەبەرامــبەرەکەت بەجــوانی هــونەرێکی گەورەیە ئەمــڕۆ لەئاستی جیهانیدا چەندین قوتابخانەو ناوەندی تایبەت هەیە کەبایەخ بەهونەری گوێگرتن دەدات و فێرت دەکات چۆن بەجوانی گوێبیستی بەرامبەرەکەت دەبیت، و گوێگرێکی باش و سەرکەوتوو دەبیت.

پێویستە ژن و مێرد بەجوانی گوێ لەیەکتری بگرن، لەکاتی گفتوگۆدا خۆیان خەریك نەکەن بەهیچ شتێکی ترەوە.

هەڵەیەکی کوشندەیە پیاوان کەدەگەڕێنە ماڵەوە خۆیان بەتەلەفزیۆن و نێت و شتی ترەوە خەریك دەکەن تا خەوتن، هیچ کاتێك بۆ خێزانەکانیان تەرخان ناکەن بۆ گفتگۆی نێوانیان ئەمەش خانمان بێتاقەت و نیگەران دەکات.

ئەرکی پیاوان تەنها دابین کردنی لایەنی دارایی و خەرجی خێزانی نییە، ژیانیش تەنها پارەو سامان نییە، بەڵکو دەبێت بایەخ بەماڵ و منداڵیان بدەن و سەرپەرشتیان بکەن گفتوگۆی خێزانی بەپێی بەرنامە ئەنجام بدەن.

## شەشەم: دابینکردنی پێداویستییەکان

دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵکی دەروازەیەکی گەورەیە لە دەروازەکانی نزیك بوونەوە لەخوای گەورە، کاریگەری باش لەسەر دڵ

و دەروونی ئازیزان و خزمانت درووست دەکات. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:(واَللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ).[1].

بەواتای: خوای گەورە لەیارمەتی بەندەیەکەیدایە، کاتێك بەندەکە لەیارمەتی براکەیدا بێت.

ئەگەر پیاو پێداویستی خێزانەکەی دابین بکات خوای گەورە پێداویستییەکانی دابین دەکات، ئەگەر ژن پێداویستی مێردەکەی مەیسەر بکات، خوای گەورە پێداویستییەکانی دابین دەکات.

ئەگەر پیاو رەچاوی خێزانی بکات مەبەستی رەزامەندی خوای گەورە بێت، خوای گەورە پاداشتی خێری دەداتەوە، بۆیەدەخوازێت پێداویستییەکانی دابین بکات، خوای گەورەش پێداویستییەکانی ئەو دابین دەکات.

**حەوتەم: رێکپۆشی و بۆنی خۆش و پاکو خاوێنی جلو بەرگ.**

ئەنەس خوای لێرازیبێت دەڵێت -:(ما شَمَمْتُ عَنْبَرًا قَطُ، ولا مِسْكًا، ولا شيئًا أطْيبَ مِن رِيحِ رَسولِ اللهِ (ﷺ)، ولا مَسِسْتُ شيئًا قَطُّ دِيبَاجًا،ولا حَرِيرًا أَلْينَ مَسًّا مِن رَسولِ اللهِ (ﷺ))[2].

بە واتای: بۆنی هیچ عەنبەرێك، یان میسکێکم نەکردووە، هیچ شتێکی تر خۆشتر لەبۆنی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەستم لەهیچ دیباج ( جۆرە کراسێکە لە ئاورێشم درووست دەکرێت)، یان ئاوریشمێك نەداوە نەرموو ناسك تر بێت لە پێغەمبەری خوا ﷺ .

---

[1] مسلم
[2] صحيح مسلم.

ئەگەر ژن لەماڵەکەیدا بۆن خۆش و رێك پۆش بێت و بایەخ بەپاکی و خاوێنی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی بدات کاریگەری باش لە سەر دڵ و دەروونی مێردەکەیدا درووست دەکات، بەڵام ئەگەر پیس و پۆخڵ بێت و بایەخ بەخۆی و ماڵ و منداڵی نەدات، کاریگەری خراپ لەهەست و دڵ و دەروونی مێردەکەیدا درووست دەکات.

هەروەها دەبێت پیاویش بایەخ بەپاکی و جوانی و رێکپۆشی خۆی بدات تا رەزامەندی و خۆشەویستی ژنەکەی بەدەست بێنێت.

**هەشتەم: گومانی باش و پۆزش هێنانەوە لەکاتی هەڵەو کەموو کورتییدا.**

مرۆڤ ئەگەر هەڵەیەکی کردو پۆزشی هێنایەوە ئەوە نیشانەی جوامێری و بەهێزییەتی، مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان هەڵە دەکەن، مرۆڤ ئەگەر بەئەنقەست بەردەوام بێت لەسەر هەڵەکانی ئەوە نیشانەی لاوازییەتی. هەروەها قبوڵکردنی پۆزشی ئەوانەی هەڵەیان بەرامبەرت کردووە، نیشانەی بەهێزی و لێبووردەیی و سینە سافییە .

پیاو کاتێك بەرامبەر بەخێزانی هەڵەیەکی کرد، دەخوازێت زوو بە زوو داوای لێ بووردن بکات، هەروەها دەخوازێت بەرامبەرەکەشی کەسێکی لێ بووردە بێت و بەسنگ فراوانییەوە هەڵسووکەوت بکات.

**نۆیەم: دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر خەڵکی .**

پیاو دەخوازێت خۆشەویستی بۆ ژنەکەی دەربڕێت و ژنیش خۆشەویستی بۆمێردەکەی دەرببڕێت، بەیەکتریش بڵێن تۆم خۆش دەوێت. ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :(إذا أحبَّ أحدُكم أخاه فلْيُعلمْه فإنه يجِدُ له مثل الذي عنده)[١]..

---

١ الألباني، السلسلة الصحيحة.

له ریـوایەتێکی تـردا هـاتووه: (إذا أحـبَّ أحـدُكم أخـاه فليُعْلَمَـه إيَّـاه)[1]. بەواتـای: ئەگەر کەسێکتان بـرا دینییەکەی خـۆش ویسـت بـا ئاگـاداری بکـــاتەوه، ئەوکـــات ئەویـــش خۆشەویســـت دەبێـــت لەلای ئەو. ئەگەر بەکەسێك بڵێیت تۆم خۆش دەوێ سەرنج و دڵ و دەروونـی کەمەنـدکێش دەکەیت.

## دەیەم: نەرموونیانی و لوتف و مودارات

دەخوازێت پیاو موداراتی ژنەکەی بکـات و ژنـیش مـوداراتی پیـاوەکەی بکات. وەك دەوترێت مودارات نیوەی ژیانە یان نیوەی ژیری و عەقڵە.

سروشـتی ژیـان وایە دەخوازێـت مـرۆڤ مـوداراتی زۆر کەس بکـات، هەرچەندە هەڵەو پەڵەو کەمووکورتیانیش هەبێت، ئەگەر مـوداراتکردنی کەسانی تر پێویسـت بێـت، ئەوا بـۆ هاوسـەرەکان لەپێشـترە مـوداراتی یەکتر بکەن.

پیـاو هەسـت دەکـات خێـزانەکەی شـەکەت و مانـدووە بەدەسـت ئـیش و کاری ماڵ و پەروەردەی منداڵ ... تاد، دەخوازێت قبوڵی هەندێ گلەیی و بۆڵەبۆڵیش بکات و خۆی لێ بکات بەکەڕەی شەربەت، کاربەهونەری خۆ گێل کردن بکات.

---

[1] صحيح الترمذي.

## بەشی سیازدەهەم

## خواست وداواکاری پیاوان لەخێزانەکانیان

### یەکەم: بایەخدان بەماڵ

پیاو دەخوازێت ژنەکەی پشتگیری بکات و هاوکاری بێت، پیاو بەهۆی وەزیفەو ئیش و کارەوە زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوەی ماڵە، پێویستی بەئافرەتێکە پشتیوانی بێت و چاودێری ماڵ و منداڵەکانی بێت و ماڵ وسامان و ناموسی بپارێزێت، تا دڵنیا بێت کاتێك دەچێتە دەرەوە ماڵەکەی ئارام و پارێزراوە.

با خانمان بزانن بایەخدانیان بەژینگەی ماڵەکەیان، مایەی ڕەزامەندی مێردەکانیانەو بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ ماڵ دەستە بەر دەکات.

ڕاستیان وتووە لەپشت هەر پیاوێکی گەورەوە ژنێکی گەورە هەیە، ئەگەر بینیت پیاوێك سەرکەوتووە لەکارو وەزیفەو ژیان و کۆمەڵگەدا بزانە ئەوا ژنێکی لێهاتووی لە پشتەوە بووەوهاوکارو پشتیوانی بووە، پێچەوانەکەشی ڕاستە هەرکات پیاو سەرکەوتوو نەبوو لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا ئەوە خانمێکی گەورەو بەهرەمەندی نەبووە پشتیوان وهاوکاری بێت.

خوای گەورە لەوەسفی ئافرەتانی بەهەشتدا فەرموویەتی:( فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ)[1]. بەواتای: ژنانێکیان تێدایە تەنها سەیری مێردەکانی خۆیان دەکەن.

هەروەها فەرموویەتی: ( حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ )[2].

---

[1] الرحمن ٥٦

[2] الرحمن ٧٢ .

بـەواتای: ژنـانی زۆر سـپی و زۆرچـاو ڕەشـن، لە نـاو خێـوەت و چادرەکاندا دەرناچن.

خوای گەورە منەتی کردووە بەسەری پەرییەکانی بەهەشتدا بەجوانترین سیفاتی لاشـەیی و رەوشـتی، بەوەی ئافرەتـانی بەهەشـت چاویـان تەنهـا لەسـەر مێردەکانیـانەو تەماشـای پیـاوانی تـر نـاکەن، بەپـێچەوانەی ئافرەتـانی دنیـا، بەهـۆی خۆشەویسـتی و رازی بوونیـان بەمێردەکانیـان چاویـان بەهـیچ لایەکـی تـردا نـاگێڕن، لەماڵەکانیـانن و خۆیـان بـۆ مێردەکانیان تەرخان کردووەو خۆیان رووت و نمایش ناکەن بۆ غەیری مێردەکانیان. ئەگەر ئافرەتانی دنیاش کاتەکانی خۆیان بۆ مـاڵ و مێـردو منداڵەکانیان تەرخان بکەن و تەنها بۆ پێویستی بچنە دەرەوە هێندە فیتنەو خراپەکاری و کارەسات رووی نەدەدا.

پێویستە ژنان مشورخۆری ماڵ و منـداڵەکانیان بـن و ئەم کـارە بەکەم و سـووك تەماشـا نەکەن، ئـافرەت دەخوازێـت لەمـاڵەوە بێـت چـوونە دەرەوەی بۆ کاری پێویست بێت ئەگەر ئـافرەت بەرنامەکـانی دەرەوەی زیاترو چڕترو فراوان تر بێت کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و مـاڵ بەجێ دەهێڵێت.

ژنـان ئەگەر مێردەکەیـان مـاڵ و سـامانی پێویسـتی هەبـوو بـۆ ژیـان و گوزەران و باری داراییان باش بـوو، چاك وایە کـاری دەرەوە نەکـات، نەك لەبەر ئەوەی کاری دەرەوە حەرامە خۆی یەکلا کـاتەوە بـۆ کـاری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانی.

زۆرجـار لە کۆمەڵگـای خۆمانـدا ئـافرەت وەزیفەیەکـی بچـووکی هەیە بەداهـاتێکی کەم، رەنـگە هەر بەشـی خـۆی بکـات، چـوونکە منـداڵەکانی دەنێرێتە بـاخچەی سـاوایان و بەناچـاری خـواردنی سـەفەری دەخـوات،

خەرجی هاتوچۆ دەکات، لە ئەنجامدا جگە لەماندووبوون هیچی وای بۆ نامێنێتەوە، رەنگە قەرزار باریش بێت.

چوونکە چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆکار لەلایەك داهاتی دەست دەکەوێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە زیانێکی گەورە بەر ماڵ و منداڵەکانی دەکەوێت.

**دووەم: دەربڕینی هەست و سۆزوو خۆشەویستی.**

پیاو لەدەرەوەی ماڵ روو بەڕووی فشاری دەروونی و مادی دەبێتەوە و شەکەت و ماندوو دەبێت، دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە دوای رۆژێکی پڕ لەکارو ماندووبوون چاوەڕێی ئەوەیەتی خێزانەکەی بەسۆزو خۆشەویستی و میهرەبانییەوە پێشوازی بکات و شەکەتی و ماندوو بوونەکانی رۆژی بحەسێنێتەوە، بەڵام ئەگەر گەڕایە ماڵەوەو فشاری زیاتری خرایە سەر ئەو کات دەپسێ و بێتاقەت تر دەبێت.

خوای گەورە لە ستایشی ئافرەتانی بەهەشتدا فەرموویەتی: (عُرُبًا أَتْرَابًا)[1] بەواتای: خۆشەویستانێکی هاوساڵ و هاوتەمەنن.

ئەم ئافرەتانە سۆزو خۆشەویستیان بۆ مێردەکەیانەو نزیکن لە مێردەکەیانەوە بەگفتارو بەکردار هاوتەمەن و هاوشانییەکن. پێچەوانەکەی ژنی هەڵشەو توڕەو مڕو مۆچ و بێباکە مێردەکەی بەجێ دێڵێت، ئەوەتا خاتوو عائیشە خوای لێرازی بێت دەڵێت:( لعن رسول اللهِ ﷺ الرجلة من النساء)[2].

بەواتای: نەفرەت ( دوورخستنەوە لە خێریان دەرکردن لە رەحمەتی خوا) بۆ ئەو ژنانەی خۆیان دەچوێنن بەپیاوان لە جل و بەرگ و پۆشین

---

[1] الواقعة ٣٧

[2] أخرجه أبو داوود.

و هەڵسـووکەوت رەوشـت و گفتـارو ئاکـارو دەنگـی بەرزو ... تـاد، ئەمەش ترسـاندنێکی توونـدە تـا خـۆی نەچوێنێـت بە پیـاوان لەهـیچ کاروبارێکیدا. خۆ چواندنی ئافرەتان بە پیاوان لە تاوانە گەورەکانە هۆکاری نەفرەتی خوایە بۆی.

ئەگەر پیاو لەماڵەوە خێزانێکی باش و بەسۆزی هەبوو شەیتان ناتوانێت فریوی بدات، لەدەرەوەی ماڵ تەماشای ژنانی تر ناکات و چاوو دڵی لەسەر کەس نابێت، بەڵام ئەگەر ئافرەتێکی خراپ و زبرو بێ گوێ و یـاخی هەبـوو، ئەو کـات پیـاوەکە چـاوی لەدەرەوە دەبێـت بەدوای جێگرەوەدا دەگەڕێت.

**سێیەم: رێزی هاوبەش**

ژنـی بـاش رێـزی مێـردەکەی دەگرێـت و بە حـزوری خـۆی یـان لە پاشـملەدا، بەڵام ژنـی خـراپ هـیچ حیسـابێك بـۆ مێـردەکەی ناکـات و قسەکانی بەهەند وەرناگرێت. ئەو ژنانەی زمـان درێـژی دەکەن بەسـەر مێردەکانیاندا پێیان وایە ئەگەر دەمە دەمێ بکەن لەگەڵ مێردەکانیاندا یـان رێزی لێ نەگـرن ئەوە قـازانج دەکەن، بەڵام نـازانێ بەم کـارەی رێـزی خۆی لەدەست دەداو زیان بەخۆی و خێزانەکەی دەگەیەنێت.

بەهەمـان تەرز دەخوازێـت پیـاوانیش پـێگەو کەسـایەتی خۆیـان کەم نەکەنەوەو رێـزی خێزانەکەیـان بگـرن و بە زبـری هەڵسـووکەوتیان لەگەڵدا نەکەن، بۆڵە بۆڵ نەکەن بەسەریانداو دەست وەرنەدەن لەکـارو ئیشی رۆژانەی ژنانداو بیانووی بێ مانا نەگرن.

هەروەهـا پێویسـتە ژنـان کەدەچـنە دەرەوە بـۆ کارێـك بـا ئیـزن لە مێردەکانیـان وەرگـرن و بەم کارەیـان رێـزو خۆشەویسـتییان لای مێردەکەیان زیاد دەکات و ژیانی خێزانی ئارام و سەرکەوتوو دەبێت.

## چوارەم: پەیدا کرنی ماڵ وسامان

هەرگیز پیاوی ژیرو هۆشمەند بیر لەوە ناکاتەوە داوا لە ژنەکەی بکات پارەی بۆ پەیدا بکات بۆ خەرجی و پێداویستی ژیانی رۆژانەو خۆشی لەماڵەوە بێ کار پاڵی لێ بداتەوە.

دەشێت پیاوان لەکاتی پێویستی و ناچاریدا داوای کارو پیشە لە خێزانیان بکەن تا پشت بەخۆیان ببەستن ونەبنە ئەرك وبار بەسەر خەڵکییەوە.

# بەشی چواردەهەم

## خواست و داواکاری خانمان لە مێردەکانیان

### یەکەم: هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی

پیاو کە ژنی هێنا بەرپرسە لە خۆی و خێزان و منداڵەکانی، پێشتر تەنها بەرپرس بووە لە کاروباری خۆی، ئەگەر دەستەواژەی هاوسەرگیری کورت کەینەوە یەکسان دەبێت بە بەرپرسیارێتی.

یەکەم داوای خانمانیش لە مێردەکانیان بریتییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سەرشانیان، بەواتای دەخوازێت پیاو بەرپرسیارێتی پەروەردەی منداڵەکانی، چاودێری خێزانەکەی، بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزان لەئەستۆ بگرێت.

خانمان دەخوازن مێردەکانیان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن حەز دەکەن مێردەکانیان لەگەڵیاندا بێت لە خۆشی و ناخۆشی و تەندروست و نەخۆشیدا. بەڵام ئەگەر پیاو ئەرکوکارەکانی سەرشانی بدات بەسەر ژنەکەیدا و زۆربەی کات لەدەرەوەی ماڵ بێت، ئەوە ڕەفتارێکی هەڵەیە ئەگەر بۆکارو وەزیفەش لەدەرەوە بێت، بەم کارەی پیاو ئەرکو وەزیفەی لە چاودێری و بەڕێوەبردنی ماڵدا فەرامۆش دەکات و دوای ماوەیەك کێشەی خێزانی بۆ دروست دەبێت.

### دووەم: هەست کردن بە دڵنیایی

ژن حەز دەکات هەست بە ئارامی بکات لە ماڵی مێردەکەیدا، هەڕەشەی دەرکردن و جیابوونەوەی لێ نەکرێت پێی نەوترێت تۆش نەبیت گرفتم نییە کەسی تر زۆرە.

هەست کردن بە دڵنیایی لە ژیانی خێزانیدا خوازراوە و خواستی هەموو ژنێکە لە مێردەکەی، ناکرێت پیاو هەر شتێك هاتە ئاراوە هەڕەشەی جیابوونەوە لە ژنەکەی بکات، ژنەش وا هەست بکات ژیانی خێزانی لەمەترسیدایە. ئەمەو ناکرێت بینێرێتەوە بۆ ماڵی باوکی لەسەرگرفت و جیاوازی وتوڕە بوونێکی خێزانی ... بەڵکو دەبێت بەردەوام دڵنیای بکاتەوە کەوا خۆشی دەوێ و رێزو پێگەی پارێزراوەو هەرگیز دەستبەرداری نابێت.

لە فەرموودەیەکی صەحیحدا چیرۆکی (أم زرع) هاتووە بابەتەکە درێژەو تەنها کۆتا بڕگەی باس دەکەین کەپێغەمبەری خوا ﷺ بە عائیشە (خوای لێرازی بێت) دەڵێت :(كُنتُ لك كأبي زَرْعٍ لأُمِّ زَرْعٍ)[1]..

لەریوایەتێکی تردا هاتووە: (يا عائشةُ ! كنتُ لكِ كأبي زرعٍ لأمِّ زرعٍ ، إلا أنَّ أبا زرعٍ طلَّق ، و أنا لا أُطلِّقُ[2]).

بەواتای: من بۆتۆ وەك ئەبو زەرعە وام بۆئوم زەرع لە رێزو خۆشەویستیدا، بەڵام باوکی زەرع دایکی زەرعی تەڵاقدا بەڵام من تۆ تەڵاق نادەم عائیشە، بەم گفتە عائیشە زیاتر دڵنیاو دڵخۆش و ئاسوودە بووە، کەپێغەمبەری خوا ﷺ پێی وتووە من تۆ تەڵاق نادەم.

**سێیەم: رێزی هاوبەش**

پیاوان داوای رێزی هاوبەش دەکەن لە خانمانەکانیان و ژنانیش داوای رێزی هاوبەش لە مێردەکانیان دەکەن، مرۆڤ دروستکراوێکی بەڕێزە حەز دەکات خۆشەویست و رێز لێگیراوبێت، حەز ناکات لە شوێنێك بێت رێزی نەگیرێت و پێگەو کەسایەتی رەچاو نەکرێت.

---

[1] متفق عليه

[2] أخرجه الطبراني (١٧٣/٢٣) ٢٧٠ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٤١).

ئەگەر پیاو جنێو بەخێزانەکەی بدات و سووکایەتی پێ بکات، یان ژن سووکایەتی بە مێردەکەی بکات و رێزی نەگرێت ئەو کات ژیانی خێزانی دەشێوێت و بەرەو هەڵدێر دەچێت. پێشتر ئاماژەمان بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دا کە فەرموویەتی: (خيركم خيركم لإهله وأنا خيركم لإهلى)[1]..

بەواتای: باشترینی ئێوە باشترینتانە بۆ خانەوادەکەی، من باشترینی ئێوەم بۆ خانەوادەکەم.

## چوارەم: دابینکردنی خواردەمەنی

رەنگە ژنان دواشت داوای بکەن لە مێردەکانیان پەیدا کردنی خواردن و پێداویستییەکانی رۆژانەیە، پیاوان وا دەزانن ئەگەر خواردن و پێویستی رۆژانەیان دابین کرد ئەوا ئەرکی تریان نییەو کارێکی گەورەیان کردووە.

ناکرێت پیاو بەدرێژایی رۆژ خەریکی کارو کاسبی و وەزیفە بێت بۆ دابینکردنی خەرجی و پێویستی، بەڵام کاتژمێرێك تەرخان نەکات بۆ گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ خێزانی و ئاراستەو پەروەردە کردنی منداڵەکانی.

راستی ئەوەیە لەگەڵ خێزانی دانیشێت و باس لە بارو دۆخی خێزانی و پەروەردەی منالەکانی بکات و پێکەوە سەردانی و میوانداری و ئامادەبوونی کۆڕی زانستی و رۆشنبیری بن، هەروەها سەرپەرشتی منداڵەکانی بکات و بزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکەن و ئاستی زانست و خوێندنیان چۆنە.

---

[1] ابن ماجة ١٩٧٧

# بەشی پازدەهەم

## دادپەروەری و یەکسانی ڕێژەیی لە ژیانی خێزانیدا

پەروەردگاری مەزن و باڵادەست ئەم بونەوەرە فراوانەی بە جوانترین و ڕێکوپێکترین شێوە دروست کردووە، بەڵام نەك لەسەر بنچینەو بنەمای یەکسانی ڕەهای نێوان دروستکراوەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازییەکی ڕێژەیی جۆری .

خوای گەورە ئاسمانی یەکسان نەکردووە بە زەوی، مانگ یەکسان نییە بە خۆر، بەرد و گڵی سەرزەوی یەکسان نین لە شێوەو قەبارەو پێکهاتەی کیمیاویدا، ئەستێرە گەڕۆکەکانیش یەکسان نین بەیەکتری لە وەزیفەو پێکهاتەیاندا ...هتد.

تەنانەت ئەو دروستکراوانەی کەیەك جۆرن، خوای گەورە لەسەر بنچینەی دوو ڕەگەزی نێرو مێ دروستی کردوون، هەروەك فەرموویەتی:(ومِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)[١].

بەواتای: وە لە هەرشتێک جووتێکمان دروستکردووە: نێرو مێ، شیرین و ترش، خۆرو مانگ، شەوو ڕۆژ.. بەڵکو ئامۆژگاری وەربگرن و باوەڕ بە تواناو دەسەڵاتمان بێنن .

هەر ڕەگەزەی ئەرك و فەرمانی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لەئەوی تر، ئەگەر هەردوو ڕەگەزی نێرومێ یەکسان بوونایە بەیەکتری لەهەموو شتێکدا، ئەوا خوای گەورە هەردووکیانی دەکرد بەیەك ڕەگەز، پێویستی نەدەکرد دوو ڕەگەز بن. بەڵام دادگەری خوای گەورە لە دروستکراوەکانیدا وایە، هەررەگەزە خاوەنی سیفاتی تایبەتی خۆیەتی و، ئەرك و فەرمانی خۆی بە چاکترین شێوە جێبەجێ دەکات، چوونکە

---

[١] الذاريات٤٩.

پەروەردگار وزەو تواناو بەهرەیەکی وای پێبەخشیوە کە بتوانێت رابێت لەگەڵ واقیعەکەی خۆیدا .

- پیاوان و ئافرەتان یەکسانن لە هەندێ ئەرك و کاردا، هەردووك مرۆڤن و پێکەوە مرۆڤایەتی پێك دەهێنن، لە بەشێك لە پێکهاتەی لاشەییاندا یەکسانن، بەڵام خوای کاربەجێ خاڵی یەکسانی و جیاوازی نێوان هەردوو رەگەزی وا دارِشتووە، کە لە بەرژەوەندی هەردوو لاو مانەوەی مرۆڤایەتیدا بێت، ئافرەتان و پیاوان لە تەکلیفی شەرعی و پاداشت و سزادا یەکسانن. خوای گەورە فەرمویەتی:( فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ)[١].

بەواتای: ئینجا پەروردگاریان وەڵامی دانەوە کە: بەراستیی من کاروکردەی هەرکام لەئێوە - نێرو مێتان- زایەو بێ پاداش ناکەم وهەندێکتان لە هەندێکن، پیاو لەژنەو، ژنیش لە پیاوەو گشتیشتان لای من چوونیەکن، کەوابوو لە پاداشتیشدا یەکسانن، لەم ئایەتەدا پلەویەکسانی ژنان و پیاوان لە پاداش و تۆڵەدا وەک یەک رِادەگەیەنرا، پاش ئەوەی ژنان هیچ حیسابێکیان بۆ نەدەکرا.

ئەمەو هەردوو رەگەزیەکسانن لە چۆنیەتی رەفتارکردن بە ماڵ و سامانی خۆیانەوە، یان لە مافی خاوەندارێتی و وەبەرهێنان و دادگایی و ... هتد.

- جیاوازییە فیتریەکانی نێوان هەردوو رەگەز کار لە شێوازی کارو فەرمانی هەردوو رەگەز دەکات، ئەم جیاوازیانە لە بەرژەوەندی هەردولادایە، نەك بۆ کپ کردن و فەرامۆشکردنی رەگەزێکیان لەسەر

---

[١] ال عمران ١٩٥.

حیسابی ڕەگەزەکەی تر، یان بۆ سەپاندنی ڕەگەزێکیان بەسەرئەوی تردا.

جیاوازییەکان بۆ ئەوەن، تا ژیان بەردەوام و کامڵ و پوخت و شیاو بێت، گەر هەندێ لەئەرك و فەرمانی هەردوو ڕەگەزمان گۆڕییەوەو کردمانە بەرنامەی ژیان و کارمان پێ کرد، ئەوا تەرازوی ژیان لاسەنگ دەبێت، و لە باری هاوسەنگی و ئاسایی و دروستی خۆی لادەدات، بەڵام دەشێت لە کاتی پێویستیدا زۆرێك لە ئەرك و فەرمانەکان بگۆڕدرێنەوە.

## دەرچوون و یاخی بوون لە ڕێبازی یەکسانی ڕێژەیی

دەرچوون و لادان لەیاساو ڕێساو پەیامی خوای گەورە، ئاکامی خراپ و نادروستی لێدەکەوێتەوە، لە ڕاستیدا یەکسانی ڕەها وەك هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن، پێچەوانەیە بە سروشت و فیترەتی هەردوو ڕەگەز، ئەمەو هەنگاونان و ڕۆشتن لەسەر مۆدیل و شێوازی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی کوێرانە لەم پرسەدا، ئەنجامی هەڵەمان بەدەستەوە دەدات و ناگەینە چارەسەری درووست و گونجاو، لە بەر ئەوەی تێڕوانین و بیروبۆچوونی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای سونەتی فیترەت و نهێنی بوون دانەمەزراوە.

بیرۆکەی یەکسانی تەواوی بێ کۆت و بەند لەنێوان ژنان و پیاواندا، بێ ڕەچاوکردنی فیترەت و شەریعەتی ئیسلام، کە بەرنامەیەکی میانڕەوو پارسەنگە، دەبێتە مایەی تێکچونی شیرازەی کۆمەڵ و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان، وچەندین گرفتی تری کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوا لە ترسی لە ناوچوونی شارستانێتیەکەیان، بانگەشەی چاکسازی دەکەن لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، کە خۆی لە تێکچوونی

شیرازەی خێزان و نەمانی رەوشت و بەهاکان و نغرۆ بوون لەنێو زەریای سێکسی نارەوادا دەبینێتەوە .

ئەوانەی لە وڵاتی خۆمان دەیانەوێ هەمان رێچکە بگرنە بەرو، ئەزمونی شکست خواردوی رۆژئاوا لەم پرسەدا دوبارە بکەنەوە، کوێرانە هەنگاو دەنێن و دروشمی زەق و بریقەداری بێ کاکڵە فریوی داون.

رۆژئاوا لە رێگای چەندین دەزگای جۆراو جۆرەوە، لە نێویاندا کەناڵەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو ونوسراو، بەردەوام هەوڵ دەدەن کار لەسەر پرسی ژنان بکەن لە جیهانی ئیسلامیدا و، لەو دەروازەیەوە بێنە ژورەوەو، ژنانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان بەدەردی خۆیان بەرن، لەم بوارەشدا هەنگاوی زۆریان ناوەو جێدەستیان لە هەندێ شوێن و ناوەنددا دیارو بەرچاوە.

رۆژئاوا رازی نابێت لە گەلان و شارستانییەکانی تر، بەوە نەبێت کە کلتورو راو بۆچون و شارستانییەتی ئەوان پیادە نەکەن، هەر گەل و وڵاتێك بەرگری لە خۆی و شارستانییەت و کەلەپوری خۆی بکات، ئەوا بە دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت و دژایەتی دەکرێت و، تاوانی توندڕەوی و دەمارگیری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتانی دەخرێتە پاڵ .

رۆژئاوا لە هەموو پرسێکی تر زیاتر باسی کێشەی ئافرەتان دەکات، و بەردەوام دەیوروژێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بۆ پاساو دەگەڕێت. لە راستیدا هەندێك جار پاساویش لەبەردەستدایە، کە خۆی لە دورکەوتنەوەی مسوڵمانان لە پەیام و بەرنامەی ئیسلامدا دەبینێتەوە. زۆرێك لە مسوڵمانان بە پێی بەرنامەو دیدی ئیسلامی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەن، مافەکانیان ناپارێزن و ستەمیان لێ دەکەن، بە

پـێچەوانەوە بەپێـی داب و نەریـت و کلتـورێکی کـۆمەڵایەتی رزیـوو دواکەوتو، دوور لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەمڕۆ دەبینـین چەنـدین سـەنتەرو دەزگـاو ناوەنـد، لە رێگـای کتێـب و گۆڤـارو رۆژنـامەو بەرنامەکـانی رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و، ئەنجامـدانی کـۆڕو سـیمینار و...هتـد، گەمەی زیرەکـانە بە پرسـی ئافرەتـان دەکەن، دەیانەوێ مەتەرێزی بەرگری کۆمەڵگە بڕوخێنن، کە خـۆی لە ئافرەتـان و یەکەی خێزاندا دەبینێتەوە.

بۆ نمونە راگەیاندنی وا هەیە، بە ئەندازەیەك کار لەسەر چەواشـەکردنی ئافرەتان دەکات، لانکەی مـاڵ کە پێگەی حەسـانەوە و پشـووی ژیـان و بەختێـوکردنی نەوەکـانە، وەك زینـدان و بەنـدینخانە وێنـا دەکەن و، ئافرەتان هان دەدەن بە بێ هۆیەکی دروست لەمـاڵ یـاخی بـن و خۆیـان لەو گرتوخانەیە رزگار بکەن.

پێویستە ئافرەتان خۆیان راشکاوانە بێنە مەیدان و، روبەڕوی ئەم جـۆرە پیلان و رەفتـارانە بوەسـتنەوە، کە زۆرجـار لە ژێـر دروشـم و لافیـتەی ئازادی و یەکسانی و سەربەستیدا پیـادە دەکرێـت، ئـازادییەك کە لەسـەر حیسابی پاکیزەیی و رەوشت و کەسایەتی و ماڵ و منداڵەکانیاندایە .

ئایـا دەکرێـت مـاڵ، کە بەهەشـتی خێـزانەو لانـکەی حەسـانەوەو بەختەوەریـیە، بە بەنـدینخانەی ئافرەتـان وێنـا بکرێـت و، تیایـدا حـوکمی درابن، منداڵەکانیش کۆت و زنجیر بـن و لە دەسـت و گەردنـی ئافرەتـان ئـاڵابن، پیـاوانیش پاسـەوان و جەلادی بەنـدیخانە بـن و ئەشـکەنجەو ئازاریان بدەن. ئایا گەر ئافرەتێك کاری ماڵەوە بکـات و مـاڵەکەی بکـاتە هـێلانەی بەخـتەوەری وشـوێنی حەسـانەوەی لاشـەیی ودەروونـی منداڵەکانی، کە چرۆی دوارۆژی گەل و نیشتیمانن، لە باوەشێکی پڕ لە

سۆزو میهرەبانیدا پەروەردە بکات، بۆ وا لەقەڵەم بدرێت کە ئەم ئـافرەتە چەوساوەو ستەم لێکراوە وبۆتە ئافرەتی پلە دوو، بەڵی ئافرەتان ئـازادن و پێویستە هەلـی کاریـان بـۆ برەخسـێت بـۆ هەموو ئەو کـارو پیشـانەی لەگەڵ سروشــت و پێکهاتەیانــدا دەگونجێــت، بەڕەچــاوکردنی ســنورە شەرعییەکان.

لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارو چالاکییەکدا، یەکسـانی رەهـا کە رۆژئـاوا بانگەشەی بۆ دەکات و لە واقعی خۆیـدا بەنـاوی یەکسـانی و ئـازادییەوە کاری لەسەر دەکەن، ئافرەتانی لەشەرم و شکۆ دامـاڵیوە و کردوونــی بە ئامرازێــك بــۆ دامرکــانەوەی ئــارەزووە سێکســییەکان و، وەك هەر کاڵایەکی تر سەوداو مامەڵەی پێوە دەکرێت.

فشارو واقعی ژیان وای کردووە، ئافرەتان بۆ پەیداکردنی پارووە نانێك، ناچار بێت هەرکارێك ئەنجام بـدات، هەرچەنـدە ئەو کـارە شـیاو نەبێت لەگەڵ پێکهاتەی لاشەیی و دەروونیدا، ئەگەریش ئەو کارە بریتی بێت لە لەشفرۆشی و هەر کارێکی تری ناڕەواوقێزەون.

زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر (ماریکیر)ی فەرەنسی راپرسیەکی لە نێو ئافرەتانی فەڕەنسادا ئەنجام دا، کە دوو ملێون و نیو ئـافرەت بەشـداری تێـدا کردبـوو، لە ٩٠ % ی بەشـداربوانی راپرسـیەکە مـانەوەی ماڵیـان هەڵبژاردبوو، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- وەڕس بوین لەیەکسانی لەگەڵ پیاواندا.
٢- وەڕس بوین لە ژیانی دڵە راوکێی شەوو رۆژ.
٣- وەڕس بوین لەوەی هەموو بەیانییەکی زوو فریای میترۆبکەوین.
٤- ژیـانی خێزانیمـان ناخۆشـە، پیـاوان تەنهـا کـاتی خەو خێزانەکانیـان دەبینن.

٥- ژیانی خێزانـی نـاڕەحەتە، دایك تەنها لەسـەر سفرەی نـان خـواردن منداڵەکانی دەبینێت.

ئەمە راپرسـیەکە پـێش زیـاتر لە پەنجـا سـاڵ ئەنجـام دراوە و ئەمەش ئەنجامەکەی بووە، گەر هەمان راپرسی ئێستا دوبـارە بکـرێتەوە، دەبێـت ئەنجامەکەی چی کارەساتێك بێت؟!

# بەشی شازدەهەم

## ئاسوودەیی خێزانی

هاوسەرە ئاسوودەکان زیرەك تر، دەوڵەمەند تر، رۆشنبیر تر نین لە هاوسەرە بەد بەخت و داماوەکان، ئەوان شارەزاو پسپۆڕ نین لە رووی دەروون ناسی و هونەری پەیوەندی و دانووستانەوە، وەك هاوسەرانی تر مشتومڕ دەکەن و کێشەو جیاوازییان هەیە. ئەوەی هەیانە بریتییە لە زیرەکییەکی سۆزداری ئەمەش وا دەکات لە پێش کەسانی ترەوە بن، توانای فێربوونی پەیوەندییەکی دینامیکی وایان هەیە نەهێڵن هەستی نەرێنی زاڵ بێت بەسەر پەیوەندییە خێزانییەکانیان، بەردەوام چێژو هاندان و مانەوەیان پێکەوە پێدەبەخشێت.

ئەم زیرەکی و ستراتیژی پەیوەندیکردنە ئەگەر فێری بووین و لێی تێگەیشتین و راهێنانمان لەسەر کرد، ئەوکات شوێنەواری لە ژیانی کۆمەڵایەتییماندا بەسوود ترو کاریگەر تر دەبێت.

پرۆسەی هاوسەرگیری هوشیارانە لەسەر بنەمای رێزگرتنی پەیمانی هاوسەرگیری دامەزرابێت و کۆڵەکەو کاریگەرییەکانی زانراو بێت، راهێنانیان پێ کرابێت، ئەم کارە بەرپرسیارێتی تاك و خێزان و کۆمەڵگاو دەوڵەتە.

لەم قۆناغەدا لە هەرکاتێکی تر زیاتر پێویستیمان بە هاوسەرگیرییەکی هوشیارانە هەیە کە زیاتر بەردەوامی ودڵنیایی تێدا بێت، توانای بەسەر روو بەڕوو بوونەوەی بەربەست و کێشەکاندا هەبێت.

بۆیە لە هەندێ لە وڵاتان ئەکادیمیاو دەزگای فێرکارییان داناوە بۆ هاوسەرگیری، کەسەکان تا ئەو خول و راهێنانە تەواو نەکەن گرێ بەستی هاوسەرگیری بۆ ئەنجام نادەن، ئەمەش هەنگاوێکی پێشکەوتوو

سەردەمییانەیەو مایەی کەم بوونەوەی کێشەو گرفتە خێزانییەکانەو ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان سنووردار دەکات .

## سیفاتەکانی ژن و مێردی بەختەوەر:

### یەکەم: پەیوەندی باش

هاوسەرە ئاسوودەکان پەیوەندییەکی باشیان پێکەوە هەیە، ئەگەر کێشەو گرفتێکیان هەبێت بەگیانی متمانەو لێبوردەیی گفتوگۆی لەسەر دەکەن و متمانەی تەواویان بەیەکتری هەیە و بەشەفافی و لەکەش و هەوایەکی تەندروست و هێمندا باسی لێوە دەکەن، هەردوو هاوکاری یەکن بۆ چارەسەری کێشەکان، ناهێڵن کەسانی تر بەکێشەکانیان بزانێت یان دەست وەردان بکات، بوونی پەیوەندی باش یارمەتی دەرە بۆ چارەی کێشەکان و بینای خۆشەویستی و نزیکی .

هاوسەرە ئاسوودەکان لە کاتی پەیوەندییاندا تەماشای ئەوە ناکەن بەرامبەرەکەیان هەڵەیە، چوونکە خۆیان بەیەك کەس دەزانن، گرنگترین شت لای ئەوان پەیوەندییەکانیان تەندروست و ڕێك بێت .

### دووەم: پابەند بوون.

هاوسەرە ئاسوودەکان پابەند بەیەکترییەوە هەردوولا بایەخ بەیەکتری دەدەن کەسیان بەکەم تەماشای پێداویستی، ڕەزامەندی، بەختەوەری بەرامبەرەکەی ناکات. ئەم پابەند بوونە بەردەوامە ئارامی بۆ پەیوەندییەکان فەراهەم دەکات و هێزو وورە دەبەخشێتە هاوسەرەکان، تا چۆن مامەڵە لەگەڵ هەورازو نشێوەکانی ژیان و پەیوەندییەکانیان بکەن.

پابەندبوون وەك خۆشەویستی وایە پەیوەندییە خێزانییەکان تۆکمەو بەهێز دەکات، هەرچەند نارەحەتی و ناخۆشی ژیان بێتە ڕێی، لە ژیاندا

هەست دەكات تۆ لەلای ئەوی ئەویش ئەمەی بەسە. هەڕەشەی تۆران و ڕۆشتن و جیابوونەوە لە فەرهەنگیاندا نییە، ئەو پابەندییە بنەمایەكی جێگیری بە هێزی هەیە، پەیوەندی خێزانی بەباشی دەپارێزێت.

### سێیەم: قبوڵ كردنی یەكتری

مرۆڤەكان هەریەكەو كەم و كورتی و هەڵەو پەڵەی خۆی هەیە و كەس پارێزۆاو نییە لە هەڵەو گوناهو كەمتەرخەمی، هاوسەرە ئاسوودەكان یەكترییان قبوڵە وەك خۆی بە هەڵەو كەموو كورتییەكانیشەوە.

كلیلی سەركەوتن بەپێی ئەم بنەمایە ئەوەیە كەسانی ترت قبوڵ بێت بەو شێوازەی كە بتوانی خۆتت قبوڵ بێت، ئەگەر هاوسەرەكەت هەندێ نەریت یان شتی هەبووەك: پرخە، كەم دوویی، یان زۆر قسە كردن، یان سەر زمانی دەگرت ... تۆ ئەمانەی لێ قبوڵ بكە بێ لۆمەو گلەیی و نیگەرانی .

### چوارەم: هۆگربوون

هاوسەرانی ئاسوودە گرنگترین شت لەژیانیاندا بوونی پەیوەندی نێوانیانە، بەردەوام حەز دەكەن یەكتری ببینن، پەیوەندییەكانیان جێگیرە، زۆرێك لە هاوسەرەكان لە كاتی مانگی هەنگوینیدا سۆزو عاتیفەیەكی تایبەتییان هەیە بۆیەكتری و بەڵام دواتر كەم دەبێتەوە، بەڵام هۆگر بوونی ڕاستەقینە لە ژیانی خێزانیدا بەردەوام دەبێت.

هۆگربوون وەك خوێ وایە بۆ پەیوەندییە خێزانییەكان و زیندوویەتی پێ دەبەخشێت، پابەند بوون بە پەیوەندی خێزانی بەبێ هۆگر بوون بەیەكتری دەبێتە پەیوەندییەكی بەتاڵ ڕوكەش، پەیوەندی باشی نێوان هاوسەران هۆگر بوونیان بەیەكەوە پەرە پێ دەدات، و پەیوەندییەكی باش لە نێوانیان درووست دەكات.

## پێنجەم: شەوانە پێکەوە دەچن بۆ خەوتن

هاوسەرە ئاسوودەکان پێکەوە لەکاتێکی دیاری کراودا دەچن دەخەون، هەر چەند ساڵانێك بەسەر ژیانی خێزانییاندا تێپەڕی کردبێت، بەڵام تا رادەیەکی باش هەر وەك سەرەتای ژیانی خێزانی هەڵسووکەوت دەکەن.

ئەگەر هاوسەرەکان بەم شێوەیە رەفتار نەکەن ساردی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

## شەشەم: پێکەوە گەشت و سەیران دەکەن

هاوسەرە ئاسوودەکان لە کاتی بازاڕکردن و گەشت و سەیران ... هاوشانی یەك دەڕۆن و پاش و پێشی یەك ناکەون مەگەر بەناچاری، چێژ لە کارەکەیان وەردەگرن، بەڵام ئەو هاوسەرانەی هەست بەرازی بوون ناکەن، لە ژیانی خێزانییاندا زۆرجار بە جیا دەڕۆن بە دوای یەکداو پیاوەکە لە پێشەوەو ژنەکە بەدوایدا.

## حەوتەم: بەکار هێنانی دەستەواژەی رێزو خۆشەویستی

دوای سڵاو کردن، دەستەواژەی خۆشەویستەکەم، گوڵەکەم، ئازیزەکەم، یان هەر وشەیەکی تری دڵگیر بەکاردێنن، لەگەڵ یەکتریدا، ئەم رێزو خۆشەویستی دەربڕینە خۆشحاڵیان دەکات وفشارو ناڕەحەتییەکانی رۆژیان سووك دەکات.

## هەشتەم: کاری هاوبەش

هاوسەرە ئاسوودەکان حەزو ئارەزووی هاوبەشیان هەیەو رێزی لێ دەگرن و پێکەوە ئەو کاروچالاکییانە ئەنجام دەدەن، وهەوڵی ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش دەدەن.

## نۆیەم: متمانەو لێبووردەیی

هاوسەرە ئاسوودەکان متمانەیان بەیەکتری هەیەو لێبووردەن بەرامبەر یەکتری، لێبووردەیی دەرمانی دەردانە و زۆر شتت بۆ چاك دەکات و ئاسوودە دەبیت و ناهێڵێت پەیوەندییەکان بشێوێت، ئەگەر متمانەو لێبووردەیی پێکەوە بوون ئەوا خێزان لەزۆر کێشەو نیگەرانی و تورەیی وکە لە نێوان هاوسەراندا روو دەدات دەرباز دەبێت.

## دەیەم: پەیوەندی کردن و گۆڕینەوەی نامە

هاوسەرە ئاسوودەکان رۆژانە لەکاتی گونجاودا تەلەفون بۆیەکتری دەکەن، نامە دەگۆڕنەوە، هەواڵ پرسی یەکتری دەکەن، لەکاتێکدا سەرگەرمی ئیش و کاری و شەکەت وماندوویت نامەیەکی هەواڵ پرسی و سۆزداریت لە خێزانتەوە بۆبێت، ماندوویەتیت دەحەسێنێتەوەو خۆشحاڵ دەبیت.

## یانزەیەم: شانازی بەیەکترییەوە دەکەن.

هاوسەرە ئاسوودەکان شانازی بەیەکترییەوە دەکەن، شانازی کردن کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لەپەیوەندی خێزانیدا و دەخوازێت هاوسەرەکان باس لە شانازی کردنەکانیان بۆیەکتری بکەن ودڵی یەکتری خۆش بکەن.

## دوازدەیەم: پێکەوە گەمەو گاڵتە دەکەن

هەرکات لە نێوان هاوسەراندا گەمەو گاڵتەو خۆشی دەربڕین هەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئاسوودەو دڵخۆشن، گەمەو گاڵتە پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان دەپارێزێت و تۆکمەی دەکات، ئەگەر پێکەوە سوعبەت و قسەی خۆشیان نەبوو کارەکان بە ئاراستەی پێچەوانەدا دەڕوات. نەبوونی پەیوەندی و حەزکردن لە وشکی و کەم دوویی و

مڕومۆچی لەلایەن پیاوەوە بێت یان ژنەوە، دەبێتە هۆی تێك چوونی پەیوەندییە خێزانییەکان، یەکێك لە نیشانەکانی ئەم حاڵەتە نەبوونی خەندەو پێکەنین و گفتوگۆیە لە نێوان هاوسەرەکاندا.

## سیازدەیەم: پێکەوە نزاو دوعا دەکەن

هاوسەرە ئاسوودەکان بەرنامەی هاوبەشیان هەیە بۆ خواپەرستی و قورئان خوێندن و نزاو پاڕانەوە، دەزانن پێوستییان بەو بوارە هەیەو ئاسوودەی گیانییان پێ دەبەخشێت و نزای خێر بۆیەکتری دەکەن.

هاوسەرە بەختەوەرەکان خۆیان بەدوور دەگرن لەکۆمەڵێك هەڵسووکەوت و خوو نەریتی نەرێنی تا لەژیانی خێزانیاندا سەرکەوتووبن لەوانە :

## یەکەم: لۆمەو سەرزەنشتی هاوسەرەکانیان ناکەن

هاوسەرە ئاسوودەکان ئەوراستییە دەزانن کەچاك وایە کەسانی تر نەهێننە نێو بازنەی کێشە خێزانییەکانیانەوە، هەردوو پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و راوێژ بە کەسانی تر ناکەن، چوونکە بەشداری کەسانی تر بۆ نێو بازنەی کێشەکان لایەنی نەرێنی هەیەو کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە هاوسەران گلەیی و کێشەکانیان نەگەیەنن بە خەڵکانی ترو خۆیان چارەسەری بکەن.

## دووەم: خۆیان بەراورد بەکەسانی تر ناکەن

هاوسەرە ئاسوودەکان یەکیان خۆش دەوێ و لەیەکتری رازین، ژیانی خۆیان بەراورد ناکەن بەکەسانی تر، چوونکە دەبێتە هۆی لە دەست دانی دڵنیایی و ئاسوودەیی خێزانی، دەزانن هەرکەسەو هەرخێزانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لەهەموو روویەکەوە، چۆن پەنجەمۆری

کەسەکان جیاوازە بەهەمان تەرز بارودۆخ و ژیان و هەلومەرجییان جیاوازە، شیاو نییە بەراوردی خۆت بکەیت بەکەسانی تر.

## سێیەم: رۆڵی قوربانی نابینن

هاوسەرە ئاسوودەکان توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیان هەیە لەپەیوەندییەکانیاندا، دان بەهەڵەکانیاندا دەنێن، هەڵەو کەموکورتییەکان ناخەنە سەر لایەنی بەرامبەر، و خۆیانی لێ بەری کەن و هەر لۆمەی بەرامبەر بکەن. ئازایەتییەکی وایان هەیە هەرچییان ویست لەهاوسەرەکەیان بە کراوەیی داوای دەکەن و بەرگی بەزەیی و قوربانی ناکەنە بەر داواکەیان.

## چوارەم: روگرژوو مڕومۆچ نین

هاوسەرە ئاسوودەکان رێگای ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەزانن روخۆش و دەم بەخەندەن تەنانەت ئەوکاتانەشی دەروازەکان بەڕوویاندا داخراوە، بێ ئومێد نابن وبە هیواوە دەڕواننە ئایندە، دەڵێن ئێمە باشین مادام پێکەوەین.

## پێنجەم: رەخنە لەیەکتری ناگرن

بەردەوام بەدووی لایەنی ئەرێنی و سیفاتی باشی هاوسەرەکانیانن، دەزانن رەخنەو شکاندنی یەکتری جگە لە خەم و دابڕان و کێشە هیچی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت، پشت بەهاندان دەبەستن، نەك لۆمەو سەرزەنشت وبریندارکردنی هەستی یەکتری، کەدەبێتە مایەی دابڕان وناخۆشی لە نێوانیاندا. بەم شێوەیە متمانەو خۆشەویستی لە دڵی یەکتریدا دەچێنن.

بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەت شتێکی کرد بەلاتەوە هەڵە یا ناخۆش بوو دەتوانی ئاگاداری بکەیتەوە بەشێوازێکی نەرم و جوان و لەکاتی گونجاودا بێ ئەوەی هەستی بریندار بکەیت.

بۆیە هاوسەرە ئاسوودەکان دەزانن چۆن جیاوازییان هەبێت بەشێوازێکی شارستانییانە، چۆن هەڵسووکەوت بکەن لەکاتی جیاوازی یان رودانی کێشەیەکدا. لەکاتی روودانی کێشەیەکدا یان هەڵە تێگەیشتنێکدا پێویستە هاوسەرەکان خۆیان بەدوور بگرن لە بریندارکردنی هەستی یەکتری، تەرکیز بخەنە سەر چارەسەری کێشەکە بە هێمنی تا کێشە و گرفتیان بۆ دروست نەبێت.

**شەشەم: بەشێوەیەکی پەرش وبڵاولە بواری داراییدا رەفتار ناکەن**

هاوسەرە ئاسوودەکان دەزانن فشاری دارایی رەنگە ببێتە هۆی فشارو کێشە لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا، هەربۆیە پێکەوە ئامانجەکان دیاری دەکەن و پلانی بووجەی خێزانی دادەڕێژن تا بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن لە کاروباری ئێستاو ئایندەیان. کارێکی لۆژیکی نییە پیاو بەشداری بەخێزانی نەکات سەبارەت بەبووجەی خێزانی و داهات و خەرجییەکان، چوونکە دەبێتە مایەی کێشەو ئاڵۆزی و بێ متمانەیی .

**حەوتەم: وابەستە نابن بەڕۆڵی رۆتینی خۆیانەوە**

هاوسەرە ئاسوودەکان زۆر وابەستە نین بەڕۆڵ و کاری رۆتینی خۆیانەوە، نەرم کێشی دەنوێنن و هاوکاری یەکتری دەکەن لە کاتی پێویستیدا بەشێوەیەکی ئاسایی.

**هەشتەم: چاو لە ئاستی کێشەکاندا دەنووقێنن**

هەرکاتێك تێگەیشتن و لێك حاڵی بوون هەبوو لە نێوان ژن و مێردا، ئیتر کەسیان نایەن لێ پرسینەوە لەیەکتری بکەن لەسەر هەموو شتێکی گەورەو بچووك، خەمی گەورەیان ئەوەیە پەیوەندییان بەهێزتر کەن، تا ژیانی خێزانییان سەرکەوتووبێت، جەخت ناکەنەوە لەسەر شتی بچووك و لاوەکی.

# بەشی حەڤدەهەم

## راسپاردەی دایكان و باوكان بۆ كوڕو كچەكانیان

لە كاتی پرۆسـەی هاوسـەرگیریدا دەخوازێت بەشێك لە پرۆسـەی پەروەردەكـردن و ئاراسـتەكردنی كـوڕان و كچـان لەلایەن دایبـابەوە فێركـردن و راهێنانیـان بێـت بـۆ قۆنـاغی هاوسـەرگیری، تـا بتـوانن بەسەركەوتوویی بەرپرسیارێتی ژیانی هاوسـەرگیری لە ئەستۆ بگرن، بەڵام مەخابن دایبـاب لەم سـەردەمەدا بەزۆری ئەم لایەنەیـان فەرامـۆش كردووە.

لەمێژووی كۆن و نوێدا نموونەی جوان و نـاوازەی ئامۆژگـاری و راسپاردەی جوان و كاریگەرمان هەیە كەدایبـاب بـۆ كـوڕو كچەكانیـان كردووە وكاریگەری باشی هەبووە لە ژیانی هاوسەرییاندا.

لەم بەشەدا ئاماژە بە نموونەیەك دەدەیـن دەخـوازین هانـدانێك بێـت بۆدایكان و باوكانی ئەمڕۆ، تائەم ئەركەیان فەرامۆش نەكەن:

**یەكەم:** حارسـی كـوڕی عەمـرو پاشـای كنـدە كـچەكەی دەداتە عەوفـی كـوڕی مـوحەلەمی شـەیبانی لەرۆژی گواسـتنەوەیدا دایكـی ئامۆژگـاری كچەكەی دەكات ودەڵێت:

كـچە شـیرینەكەم راسـپاردەو ئامۆژگـاری ئەگەر وازی لـێ بهێنـرایە بۆكەسـانی رەوشـت بەرز ئەوا ئامۆژگـاری تـۆم نەدەكـردو وازم لـێ دەهێنـای، ئامۆژگـاری بیرخسـتنەوەیە بـۆ كەسـانی غافـڵ و بـێ ئاگـا، یـارمەتی دەرە بـۆ كەسـانی ژیروعاقـڵ، بـزانە هاوسـەرگیریت لەبەر هەژاری و دەست كورتی دایك وباوكت نییە، بۆئەوە نییە پێویستییان بە پارەو ماڵ هەبێت، بەڵكو پێداویستییەكی كۆمەڵایەتییە، و ژنان بۆ پیـاوان درووست كراون و پیاوانیش بۆ ژنان.

کچەکەم تۆ ئەو ماڵەی تێیدا لەدایك بوویت وئەو هێلانەیەی تێیدا گەورە بوویت بەجێی دێڵیت بۆ لای پیاوێك کەنایناسی، بۆلای هاوەڵێك لەگەڵیا رانەهاتووی، دەبێتە چاودێرو پاشا بەسەرتەوە، تۆ بۆی ببە کەنیزە ئەویش بۆت دەبێتە بەندە، ئەم دە سیفاتەی بۆ بپارێزە ئەویش بۆت چاك و رێك و پێك دەبێت:

**یەکەم و دووەم:** لەگەڵیا بە قەناعەت بژی و گوێڕایەڵی بکە.

**سێیەم و چوارەم:**تەماشای سەرنجی چاوو لووتی بدە، باچاوەکانی شتی خراپت لێ نەبینێت، لووتیشی بۆنی ناخۆشت لێ نەکات.

**پێنجەم و شەشەم:** ئاگات لەکاتی خەوتن و خواردنی بێت، چوونکە چەند بارە بوونەوەی برسێتی گڕو بڵێسەیە، خەو زڕانیش خەشم و تووڕەییە.

**حەوتەم و هەشتەم:** چاودێری ماڵ و سامان و منداڵی بکە، کاری گەورە لە ماڵ و ساماندا باش حیساب بۆ کردنێتی، لە منداڵ و خێزاندا باش بەڕێوەبردنێتی.

**نۆیەم و دەیەم:** بێ فەرمانی مەکە، نهێنییەکانی مەدرکێنە، ئەگەر بێ فەرمانی بکەیت دڵی پڕ دەکەیت لە رق و قین و تووڕەیی، ئەگەر نهێنیشی بدرکێنی بێوەی نابیت لە زوڵم وستەمی.

بزانە ناگەیتە مەرام و ئارەزووەکانت تا رەزامەندی ئەو نەخەیتە پێش رەزامەندییەکانتەوە، حەزەکانی پێش حەزەکانی خۆت نەخەیت، ئەگەر پێت خۆش بێت یان پێت ناخۆش بێت، بە خوا هەر مێردەکەت بۆت باشە.

ئەمە ئامۆژگاری دایك بوو بۆ کچەکەی، تەماشای ئەنجامەکانی ئامۆژگارییەکە بکە: کچەکە گوێزرایەوەو چووە ماڵ و مێردی و پێگەی لای مێردەکەی گەورەبوو، پاشا حەوت کوڕی لەو ژنە بوو دوای خۆی حوکمی یەمەنیان کرد.

# بەشی هەژدەهەم

## بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی

پرسی بەڕێوەبردن لە کاروباری خێزانیدا بابەتێکی زۆر گرنگەو دەخوازێت خێزانەکان لەکارە یەکەمینەکانی خۆیانی دابنێن، چوونکە خێزان یەکەی سەرەکی درووست بوونی کۆمەڵگەیە، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە شەریعەتی ئیسلام بایەخی تایبەتی پێداوە، چاك بەڕێوەبردن و رێکخستنی باش هاوسەنگی ورێکی و ئارامی خێزانی لێ فەراهەم دێت و بەسوودو قازانج بۆ هەموو لایەك دەگەڕێتەوە. لە دەرەنجامدا خێزان دەتوانێت ئامانجەکانی بەباشترین شێوە بێنێتەدی بەهاوسەنگی، ئەوەی ئەندامانی خێزان حەزی لێدەکەن، هاوتەریب لەگەڵ رێنمایی و ئاراستە شەرعییەکاندا.

لەم سۆنگەوە ئاماژە بە پرسی بەڕێوەبردنی خێزانی و ئامانجەکانی و لێکەوتەکانی دەکەین لەسەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگە.

بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانی: بریتییە لەکۆمەڵە چالاکییەکی گشتگیری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی کەلەمیانەیەوە هەموو بەرپرسیارێتییە خێزانییە جیاوازەکان جێبەجێ دەکرێت، جا ئەو کارانە چالاکی لاشەیی بن یان کاری زیهنی و هزری.

بەواتایەکی تر بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان بریتییە لە رێکخستن و رێنمایی و ئاراستەی کارو فەرمانی خێزان و دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ پێکهێنانی خێزانی هاوسەنگ و ئارام تا ڕۆڵی کاراو ئەرێنی ببینن لەکۆمەڵگەدا.

یـان بریتییـه لـه پرۆسـەیەکی کـارگێڕی کەسـەرجەم چالاکییـەکان لـەخۆدەگرێت لـە میانەیـەوە کاروبـاری خێزانـی ڕێکدەخرێت و هـەموو دەرامەتـە بەردەسـتەکان بـەکاردەهێنرێت، لـە میانـەی پلانـی بـاش و ڕێکخسـتنی ئـەدای ئەرکـەکان و جێبـەجێکردنی بەشـێوەیەکی بـاش، و کـارکردن لەسـەر بـەردەوامی ئـەدای بـاش بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـە خوازراوەکان.

## ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان

١- لێکدانـەوەو شـرۆڤەکردنی کاروبـاری خێـزان لەهـەموو بوارەکـانی ژیاندا، بەمەبەستی پیادە کردنی چارەسـەری ڕیشـەیی ئەوکێشـانەی ڕوو بەڕووی خێزان دەبنەوە.

٢- بڕیـاردانی درووسـت لەهـەموو کاروبارەکـانی خێـزان لەسـەر بنەمایەکی درووستی دیراسەکراو.

٣- گەیشتن بەئاستی خێزانی چاك و دامەزراو، تا رادەیەکی بـاش خـاڵی بێـت لەکێشـە و گرفـت، ئەمـەش ئامـانجێکی پیـرۆزی بـەڕێوەبردنی کاروباری خێزانە.

## هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان

بۆئەوەی کاروباری خێزان بەچاکترین شێواز بـەڕێوەبچێت دەخوازێت ئەم هەنگاوە درووستانەی خوارەوە بنرێت:

١- دارِشـتنی پلانـی ڕاسـت و تـەواو لەڕێگـەی دانـان و دیـاریکردنی ئامانجی زیرەکەوە بێت، واتە ئامانجـەکان ڕوون و ئاشکراو دیـاریکراو و واقیعـی بێـت و توانـای جێبـەجێکردنی هـەبێت، دەرامـەت و کـاتی پێویستی بۆ دانرابێت.

٢- رێکخستن : ئەمە بەگرنگترین هەنگاو دێتە ئەژماردن، بەبێ رێکخستن کاروباری خێزانی بەشێوازێکی راست و درووست بەڕێوە ناچێت، رێکخستن بەواتای دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر هەموو ئەندامانی خێزاندا بەپێی بەهرەو تواناو پێگەی کەسەکە لەخێزاندا. ئەمەش پێویستی بەناسینی کەسانی بەتوانایە کەبتوانێت ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکات وئەرکی هەر کەسێك بەتەواوی دیاری بکات.

٣- جێبەجێکردن: دوای پلان و رێکخستن پێویستە دەست بە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی خێزانی بکەیت تا ئامانجەکان بێنە دی. ئەمەش گرنگترین هەنگاوە کردارییەکانە، لەمیانەی هەنگاوە تایبەتەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانی.

٤- هەڵسەنگاندن: واتە گەیشتن بەدەرەنجامەکان دوای پرۆسەی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان، هەموارکردنی بڕگەکانی پلان ئەگەر باش نەبوو، سوود وەرگرتن لەهەڵەو کەموکورتییەکان ئەگەر هەبوو، ئەمەش لەلایەن خێزانەوە ئەنجام دەدرێت یان سوود لەکەسانی تروەردەگیرێت.

هەروەها پێداچوونەوەی بەردەوام و چاودێری هەمیشەیی و بەراورد کردن لەنێوان ئەوەی پلانی بۆ دانراوە و لەنێوان ئەوەی جێبەجێکراوە.

**ئەوکارامەییانەی کەپێویستە لەبەڕێوەبەرانی کاروباری خێزانیدا هەبن:**

١- کارامەیی هزری: کەپێکدێت لە تێگەیشتن لەزانیارییەکان و رێکخستنیان تا بتوانێت کەسەکە چارەسەری ئەوکێشانە بکات کەدێتە رێی.

٢- كارامـەیی مرۆیـی: بـریتین لـەو كارامەییانـەی كەدەچێتـە خانـەی تێگەیشتن لە هەست وسۆزی كەسانی ترو پەیوەندی كردن بەشـێوەیەكی كـارا تـا لـەنێوان ئەنـدامانی خێزانـدا كەشـی یارمـەتی و هەسـتی خۆشەویستی و ئولفەت بێتە ئاراوە.

٣- كارامـەیی هونـەری: ئـەم كارامەییـە وادەناسـرێتەوە كـەوا سـیمای كەسـییەو لـەخودی كەسـەكەدا هەیـەو لەكەسـانی تـر جیـای دەكاتـەوە، بەهۆی ئەو كارامەییانـەوە دەتوانێـت ئەركـەكانی سەرشـانی بـەچاكترین شێواز جێبەجێ بكات.

**باخێزانەكان پابەندی ئەم راستییانەی خوارەوەبن:**

١- ژیـانی خێزانـی وەك هەر بـوارێكی تـری ژیـان پێویسـتی بە بەڕێوەبردنێكی كارامەو ژیرانە هەیە لە سەر بنەمای پـلان و رێكخستن و چاودێری و ئاراستەكردن و جێبەجێكردنی ئەم بنەمایانە بە شـێوازێكی دروست و بابەتییانە.

٢- بەمەبەستی سەركەوتن و بەردەوامی ژیانی خێزانی و خۆپاراستن و دووركەوتنەوە لەهەر كێشـەو جیـاوازی و ململانێیەك كە دەبێتە مـایەی روخانی قەوارەی خێزان پێویستە ژیـانی خێزانـی رێكخـراو بێـت، وەك هەررێكخراوێكـی تـری سـەركەوتوو تـا كەشـتی ژیـان بگـاتە كەنـاری ئارامی و سەركەوتن لە ژیانی دونیاو دوارۆژدا.

٣- رێكخسـتنی ژیـانی خێزانـی تەنهـا بە نووسـین و قەڵەم و كـاغەز نـایەتەدی، چـونكە ژیـانی خێزانـی بیرۆكراسـێتی ئـاڵۆز و رۆتینـی پـڕوكێنەری تێـدا نییە، بەڵكـو ژیـانێكی سـادەو سروشـتی و نەرمەو لە میـانەیەوە ئامانجەكـان دیـاری دەكرێـت، رۆڵ و ئەركـی هەر تـاكێكی خێزان دەستنیشان دەكرێت تـا رەوڕەوەی ژیـان بە شـێوەیەكی ئاسـایی و سروشتی و گونجاو بڕوات بەڕێوە.

٤- بۆ ئەوەی پەیوەندی خێزانی سەرکەوتوو بێت پێویستە لەسەر هاوسەران ئامانجەکانیان بە وردی بەیەك ئاراستەدا دیاری بکەن تا دژیەکی لە ئامانج و جیاوازی لەراو بۆچون و رۆشتن بە دوو رەوتی پێچەوانەدا روو نەدات.

٥- بەڕێوەبردن لە ژیانی خێزانیدا وا دەخوازێت دووربێت لە ئاڵۆزی و تەم ومژ، بەڵکو وێنەیەکی روون و ئاشکرابێت و هەریەکەیان کتێبێکی کراوە بێت بۆ ئەوەی تر.

٦- جیاوازی و کێشەکان پێویستیان بە بەڕێوەبردنێکی چاك و هوشیارانە هەیە، تا بە باشی چارەسەری کێشەکان بکرێت، گرنگە بە وردی کێشەکان و جیاوازییەکان دیاری بکرێن، هەروەها گەڕان بەدوای هۆکارو پاڵنەری راستەقینەی کێشەکان، تا لەئایندەدا دوبارە نەبنەوە.

٧- پێویستە ژن و مێرد هەر لەسەرتاوە لەو راستییە بگەن، کە ژیانی خێزانی بریتییە لە دەزگایەك پێویستە هەردوو لایان رۆڵ و ئەرکی خۆیان ببینن لەدەزگاکەدا و نەرمکێشی بکەن بۆ یەکدی و ئامادە بن پێکەوە بگونجێن، ئەو هەنگاوو کارانە ئەنجام بدەن کە ژیانی هاوبەشیان خۆش و ئاسان دەکات.

٨- ئەمەو ژیانی خێزانی وەك هەر پرۆژەیەك پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی و کاری هاوبەشە، لێبڕان و قوربانیدانی دەوێت تا بەختەوەری و سەرکەوتن تۆمار بکات.

٩- پێویستە هاوسەران بە گیانێکی وەرزشییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەن و لەگرفت و قەیرانەکان هەڵنەیەن و خۆیان نەدزنەوە، چوونکە دەبێتە مایەی ئاڵۆزبوون و قووڵبونەوەی کێشەکان و دەرەنجام تووشی شکستیان دەکات.

١٠- بەمامەڵەی تەندرووست و دیسپلینی باش دەتوانن كێشـەكان دیـاری بكەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو روبەڕووی هەر كێشـەیەكی تر ببنەوە، بێ ئەوەی هیچ كەلێنێك لە پەیوەنـدی نێوانیانـدا روبـدات، بە ئەندازەیەك رادێن لەسەر روبەڕوبونەوەی قەیران و كێشەی خێزانی.

١١- پێویستە گفتوگۆی خێزانی بەباشی ئیدارە بدرێت، و كات و شـوێنی گونجاو بێت و تـەوەرەكان دیـاری كـراوبن، و بەهێمنـی و لەسـەرخۆیی بەڕێوەبچێت، و دووربێت لە بـەكارهێنانی وشـەی زبـر و بریندارکەرو روشانی كەسایەتی بەرامبەر، چوونكە برینـداركردنی بەرامـبەر ئاسـانە بەڵام چارەسەرەكەی ئاڵۆزو گرانە.

١٢- مـرۆڤ لـەژیانی خێزانیـدا ئەگـەری هەیـە تووشـی زۆر كێشـەو قەیرانی جۆراوجۆر بێتەوە، دەكرێت بەئیدارەدانی بـاش و بەخەرجدانی كـەمێك دانـایی و بیركردنـەوەی ئـەرێنی تێپیـەڕێنی، بەتایبـەت ئەگـەر ئارەزووی راستەقینە هەبێت بۆچارەسەركردن.

## بەشی نۆزدەهەم

## بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندییە خێزانییەکان

پەیوەندییـــە خێزانییـــەکان بەچەنـــدین وێســـتگەدا گوزەردەکـــەن و روو بەڕووی قەیران وهـەورازو نشێوی جیاجیا دەبنـەوە، ئەمـەش کـارێکی سرووشـــتییە لەهـــەموو پەیوەندییـــە خێزانییەکانـــدا بـــوونی هەیـــە، بەربەسـتەکانی بـەردەم پەیوەندییـە خێزانییـەکان زۆرو فـرە رەهەنـدن، بەتایبـــەت لـــەم قۆنـــاغ و ســـەردەمەدا کـــە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان وتـەکنۆلۆژیای هاوچـەرخ شـوێنەوارو کاریگـەری زۆری درووسـت کردووە، و شێوازی نـوێی ژیـان کێشـەو بەربەسـتی تـری هێناوەتـە نێـو کایەی ژیـانی خێزانییـەوە، ئـەم بەربەسـتانە پایـەی زۆربـەی پەیوەندییـە خێزانییەکانی لەق کردووەو ئارامی و سۆزداری خێزانی تێکداوە.

سـەرکەوتن لـەژیانی خێزانیـدا پشـت بـەماف و ئەرکـە هاوبەشـەکان دەبەسـتێت، دیـاریکردنی ئـەو ئـەرك و رۆڵانـەی کەهـەر یەکـەیان پێـی هەڵدەسـتن کـار دەکـات لەسـەر سـەرکەوتنی ژیـانی خێزانـی لەسـایەی جۆری باوی خێزانیدا.

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەژمارەیەك لەو بەربەسـتانە دەدەین بەمەبەسـتی زانین و خۆپاراستن لێی:

١- نـەبوونی رۆشـنبیری گفتوگـۆی بنیاتنـەر لای تاکـەکانی خێـزان، جـا بـەهۆی سـەرقاڵی بێـت بـەئیش و کـارو وەزیفـەو کەسـابەتەوە کـەکاتی زۆری خێزانی گرتبێت و وای لێهاتبێـت ئەنـدامانی خێـزان کـەمتر یـەك ببینن وپێکەوەبن، یان بەهۆی ئـەوەی کـاتێکی زۆریـان بەخـەریك بـوون بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتەوە بەسەر بەرن و بوون و نەبوونی کەسەکان لەماڵدا هەروەك یەك وابێت، ئەوەی لە ماڵەوەیە تـەنها لاشـەی مرۆڤەکەیە مێشك و هزرو بیرکردنەوەی لەدەرەوەی ماڵە.

٢- بـزری چـەمکی ئاشـت بوونـەوە دوای روودانـی کێشـەو دژایـەتی، هەڵنەسانی ژن و مێرد بەپرۆسەی بیناکردنـەوەو چاککردنـەوەی هەسـت و سۆزەکان، نەبوونی چەمکی سۆزو بەزەیی و پاڵپشتی کردنی یـەکتری لەکاتی قەیرانی دەروونیدا، بـەردەوام بـوون لەسـەر بێدەنگی ترسێنەر دوای روودانـی هەرکێشـەو گرفتێـك، ئینجـا تـەڵاقی سـۆزداری، یـان هـەڵاتن و خۆدزینـەوە بـەرەو ئـیش و کـارو وەزیفـە بۆمـاوەی چەنـدین کاتژمێرلەرۆژێکدا، یان ئالوودەبوون بەرەفتارگەلێکی هەڵەوە.

٣- زاڵبوونی حاڵەتی میزاجی و هەڵچوون و تورەیی ژن و مێـرد کاتێـك مامەڵـە لەگـەڵ منداڵەکانیانـدا دەکـەن، کاتێـك منداڵـە کـان لەوانـەکان دوادەکەون یـان هەڵەیـەك دەکـەن، دایبـاب یـان یـەکێکیان بـە تـورەیی و هەڵچوونەوە بڕیاری بریندارکـەردەدەن و بەشـێوەیەکی ناشـیرین جنێـوو سووکایەتی پێدەکەن و ئازاری دەدەن و کەسایەتی دەشێوێنن.

٤- زۆر بـوونی دیـاردەی پەیوەنـدی خێزانـی شکسـت خـواردوو، لـەدەرەنجامی لاوازی پابەنـد بـوون، و کـەمی بایەخـدانی هاوبـەش، و زۆربوونی بۆشـایی سـۆزداری، و لاوازی پەیوەنـدی سـۆزداری نێـوان ژن و مێـرد، زۆربـوونی رێـژەی کێشـەی خێزانـی بەشـێوەیەك مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا ئەسـتەم و گرانبێـت. ئەمـەش بۆتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی رێژەی تـەڵاق لەئاسـتی نـاوخۆو جیهانیـدا بـێ ئـەوەی هوشـیارییەکی بـاش و روون هـەبێت سـەبارەت بـەم پرسـە بەتایبـەت لەنێوان ئەوانەی تازە هاوسەرگیرییان کردووە.

٥- گۆڕانی قەبارەی خێزان لەخێزانی گەورەوە بۆ خێزانی بچووك کـە بۆتـە هـۆی دوورکەوتنـەوەی تـەواوی رەگـەزەکانی خێزانـی گـەورە لەیـەکتری، لاوازی پەیوەنـدی لـەنێوان تاکـەکانی خێزانـدا و لاوازی کاریگـەری بـاپیرەو نـەنك لەسـەر نـەوەکانیان و دوورکەوتنـەوەیان لەیەکتری و نەبوونی میوانداری و سەردانی.

٦- بــەراوردکردن لــەنێوان ئــەوەی لەمیــدیاکان و زنجیــرە دراما خەیاڵییەکانــدا نمــایش دەکرێــت کــەباس لەخۆشەویســتی و پەیوەنــدی سۆزداری دەکات، و ئەوەی ئافرەتان لەواقیعی ژیاندا دەیبینێت، هەنـدێك لەپەیوەندییــە خێزانییــەکان لــە حاڵــەتی متبــوونی ســۆزداری دووروو درێژدان، لەبەرامبەردا هەندێك لەهاوسەرەکان لەدەرەوەی مـاڵ بـەدوای تێربوونی سۆزداریدا دەگەڕێن.

٧- خێزانەکان دەستەوسانن و نـاتوانن بەرپـەرچی هێرش و پـەلاماری دەرەکی بدەنــەوە کەکاردەکاتــە ســەربینای ژیــری و عــەقڵی منداڵــەکانیان، زۆرێـك لەخێزانــەکان نـاتوانن روو بــەڕووی ئــەو بیرۆکــەو هەڕەشــانە ببنەوەو منداڵەکانیان بپارێزن لەلادانی فیکـری و رەفتـاری لـەدەرەنجامی ئەو بۆشاییە رۆشـنبیرییەی هەیـە لـەنێوان خۆیـان و منداڵەکانیانـدا، وەك نەخوێندەواری ژمارەیی کەزۆرێك لەدایکان و باوکان پێوەی گیرۆدەن.

٨- بڵاوبوونــەوەی دیــاردەی ( ژەهــراوی بــوونی ســۆزداری – التســمم العــاطفي) کــەچاك بوونــەوەی ئەســتەمە لەگــەڵ بــوونی هــەموو چارەسەرەکاندا، بەهۆی نائارامی لەسـەر تـەڵاقی سۆزداری، بـەهۆی پەیوەندی ئاڵۆزو بەردەوامی کێشەو گرفتە دووبـارە وکەڵەکـە بووەکـان، بــێ ئــەوەی بتوانرێــت لێــی رزگــار بــبن، ئەمانــەش ئــازاری زۆری هاوسەرەکان دەدەن.

٩- تێنەگەیشتن لەسرووشـتی پەیوەنـدی نێوان ژن و پیـاو لـە روانگـەی جیـاوازی حــەزو خولیــاو ئــارەزوو شــێوازی بیرکردنــەوەو بایەخــدان بەیــەکتری، ئـەم پەیوەندییانــە لەسـەر جیـاوازی درووسـت دەبێـت، نـەك هاوشێوەیی و چوونیەکی، چوونکـە پێکهاتـەی دەروونـی و سـۆزدارییان بەتەواوی جیاوازە.

نەبوونی هوشیاری لەم بارەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی بەردەوام وبۆشایی گەورە لەنێوانیاندا درووست دەکات.

١٠- یەکێك لە بەربەستەکان کەپیاوان پێوەی گیرۆدەن، بڵاو بوونەوەی ژنی سرووشت نێرانەیە، کەهەست و سۆزی مێیەتی نزم و لاوازەو سیفاتی نێرانەو پیاوانەی بەسەردا زاڵە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مێردەکەیدا، هەروەها دیاردەی پیاوێك کەسایەتی بارۆنی بێت کەشێوازی هەڵسووکەوتی زبرو توندو هەڕەشە ئامێزە، گومان دەکات و خۆی دەسەپێنێت، و سۆزو نەرم و نیانی و ئارامی دەروونی تێدا نییە.

١١- بوونی جیاوازی هزری لەنێوان ژن و مێردا، بەهۆی جیاوازی پاشخانی فیکری و رۆشنبیری ورەفتارییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی روودانی جیاوازی لە رێگاکانی پەروەردەی منداڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەردا، ئەمەش پێی دەوترێت پەروەردەی شێواو، چوونکە منداڵەکان بەهاو چەمکی پێچەوانەیان پێ دەگات.

١٢- کاریگەری کەس و کاروهاوڕێیان لەسەر ژیانی ژن و مێردەکان، و دەستتێوەردانی نەرێنییان بەشدارە لە پەکخستنی پەیوەندییە خێزانییەکانی نێوان ژن و مێرد.

کاریگەری خراپی ژینگەی دەورووبەر کێشەی خێزانی زۆر دەخولقێنێت، وەك دەستتێوەردان لەکاروباری تاکەکانی خێزاندا، یان لەمیانەی هاندان و پشتگیری لایەکیان دژ بەوی تریان، وەزۆرێك لەهۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە بەهۆی دەستتێوەردانی هەڵەی کەس و کارەوە روودەدات.

١٣- چوونە دەرەوەی ژنان بۆ بازاڕی کارو وەزیفە و سەربەخۆیی دارایی، تووشی چەندین تەنگ پێهەڵچنین و فشاری کردوونەتەوە، جا لەنێو کاردابن یان کاتێك لەنێو شەقام و بازاڕەکاندان، لەم کاتەدا پیاو

هەست بەغیرەو گومان وهەستیاری دەکات لەهەندێك جوولەو هەڵسووکەوتەکانی ژنەکەی بەهۆی زۆری مامەڵەو تێکەڵاوی ژنەکەی لەگەڵ پیاواندا، ئەمەش دەرەنجام هەستی سۆزداری لەنێوانیاندا لاواز دەکات.

١٤- هەندێك لەهاوسەرەکان ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان هەڵچوونی دەرەکی لەنێو کارو پیشەو وەزیفەدا، وە لەنێوان هەستی سۆزداری نێومال و خانەوادە، هەندێك لەپیاوان تورەیی و هەڵچوون و بێزارییەکانیان بەسەر منداڵەکانیاندا بەتاڵ دەکەنەوە، هەروەها خانمانیش کاتێك هەڵدەچن و تورە دەبن بەهۆی فشاری ئیش و کاری ماڵ، و خەشم و تورەیی خۆیان بەمنداڵەکانیان دەرێژن.

١٥- ژن و مێرد شت لەیەکتری بشارنەوە، هەست بەپاڵپشتی و یارمەتیدانی یەکتری نەکەن. ژن بەردەوام پێویستی بەوەیە مێردەکەی لەتەنیشتی بێت پاڵپشتی بێت و لەهەموو شتێکدا، بەڵام کاتێك ژن گوێی پێ نەدراو فەرامۆشکراو بایەخ بەسۆزەکانی نەدرا وهەست بەو فشارانە نەکرا کە رۆژانە روو بەرووی دەبێتەوە، سەرەنجام ئەمیش واز لەزۆرێك لەئەرکەکانی سەرشانی دێنێت بەرامبەر ماڵ وخانەوادەکەی.

١٦- نەبوونی هاوسەنگی و هاوبەشی لەنێوان ژن و مێردا لەپرۆسەی بەرێوەبردنی ماڵدا، تێکچوونی دابەشکردنی بەرپرسیارێتی و ئەرك و رۆڵ لەخێزاندا هەرەشەی هەڵوەشانەوەو تێکچوونی ماڵە، و ئەمەش بەهۆی خۆپەرستی و گوێی پێنەدان ودەست بەسەراگرتن و سووکایەتی دارایی و دەروونی سۆزدارییەوە روو دەدات، ئەمەو هەندێکجار خانمان ناچارو گیرۆدەن خۆیان زۆرێك لەئەرکەکانی ماڵ لەئەستۆ بگرن.

١٧- شێوازی پەروەردەو گەشەی کۆمەڵایەتی کە بەئاراستەی نازپێدانە، دەرەنجامی نەرێنی درووست کردووەو وای لێهاتووە گەنجانێکی زۆر

بێ ناسنامەی شیاندن بۆ ژیان یان بەرپرسیارێتی ماڵ و خێزان بێنە ئاراوە، کەسایەتی کچانیش وای لێهاتووە حەزیان زیاتر لەسەربەخۆییە.

پیاوان زۆر بەگرانی دەتوانن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم جۆرە کچانەدا بکەن و رێکیان بخەن، تا هاوسەرێکی باش وکارا بن، بۆیە زۆر جار تەڵاقی پێش وادە روودەدات.

١٨- هەندێك لەخێزانەکان پشت بە خزمەتکاردەبەستن لەماڵەکانیاندا بۆ پەروەردەکردنی منداڵە بچووکەکانیان بەپاساوی سەرقاڵی و خەریك بوون بەئیش و کارەوە. بەئەندازەیەك خزمەتکاری ماڵەکە رۆڵی لەیارمەتیدانەوە دەگۆڕێت بۆ دایکی جێگرەوە و دەبێتە هاوبەشی خێزان و رۆڵ دەبینێت لە گەشە و پێکهاتەی رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی منداڵدا، دایك تا ئەندازەیەك بزرە لەپرۆسەی پەروەردەدا بەپاساوی وەزیفەو ئیش و کارەوە.

١٩- رۆڵی گەورەو کاریگەری خراپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوەی نمایش دەکرێت لەئاماژەو چەمکی سێکسی لادەرانەو بڵاوبوونەوەی دیاردەی فینیشستات کەبەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەیە لەسەر خێزانەکان، هەروەها چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی بێ دیسپلین کە ئافرەت بەدوایدا دەگەڕێت بێ ئەوەی دەرهاویشتەو رەنگدانەوەکانی بزانێت، بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق لەکۆمەڵگەدا.

٢٠- کێشە داراییەکان لەگەورەترینی ئەو کۆسپانەیە کەڕوو بەڕووی ژن و مێرد دەبێتەوە، زۆرێك لە پیاوەکان لەنێو قەرزاریدا خنکاون، چونکە عەودالی شێوازێکی ژیانن کە ناگونجێت لەگەڵ توانا داراییەکانیاندا، زۆرێك لەخێزانەکان بەدەست قەرزارییەو گیرۆدەن بەهۆی گرنگیدانیان بەڕووکەش و خەرجکردنی ناهوشیارانەو نەبوونی

پـلان و بەرنامــەرێژی روون و ئاشــکرا بــۆ بــەڕێوەبردنی بووجــەی خێزانی.

هەریــەك لــەم بەربەســت و کێشــانە کاریگــەری لەســەر ریتمــی ژیــانی خێزانی درووست دەکەن و هەڕەشەو مەترسین لەسەر ئاینـدەی ژیـانی خێزانی و پێویستییان بەچارەسـەر هەیـە لەلایـەن خێزانەکانـەوە، ئەگـەر بەخۆیان چارە نەکرا چاك وایە سوود لـە رابـەرو راوێژکـاری خێزانـی ببینن ئەو کەسانەی کەمتمانەیان پێیەتی.

## بەشی بیستەم

## بووجەی خێزانی

ژیـــانی خێزانـــی وەك هەر بـــوارێكی تـــری ژیـــان پێویســـتی بە بەڕێوەبردنێکی کارامەو ژیرانە هەیە لە سەر بنەمای پـلان و ڕێکخستن و چاودێری و ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە بە شـێوازێکی دروست و بابەتییانە.

بۆ ئەوەی پەیوەندی خێزانی سەرکەوتوو بێت پێویستە لەسەر هاوسەران ئامانجەکانیـان بە وردی بەیەك ئاراسـتەدا دیـاری بـکەن تـا دژیەکـی لە ئامـانج و جیـاوازی لەراوبۆچـون و ڕۆشـتن بە دوو ڕەوتـی پێچەوانەدا ڕوو نەدات.

بەڕێوەبردن لە ژیانی خێزانیدا وا دەخوازێت دووربێت لە ئـاڵۆزی و تەم ومژ، بەڵکو وێنەیەکی ڕون و ئاشکرابێت و هەریەکەیان کتێبێکی کـراوە بێت بۆ ئەوی تر .

هەر لەم ســۆنگەوە پرســی بـــووجەی خێزانـــی یەکـێکە لەوبابەتـانەی دەخوازێـت بـایەخی تـایبەتی پـێ بـدرێت، چـوونکە داهـاتی زۆریـنەی گەنجـان کە ژیـانی هاوسـەرگری پێـك دێـنن دیـاری کـراوە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت پێویسـتە بـزانن چۆن بە جـوانی داهاتەکەیـان خەرج بکەن لە پێویستییەکانیاندا بەپێـی یەکەمـایەتی، تـا ناچـار بەقەرز نەبـن و پێویستییان بە کەسانی تر نەبێت.

کچـان کاتێـك هاوسـەر گیـری دەکەن دەخوازێـت بتـوانن بە باشـی کاروبـاری نێو مـاڵ بەڕێوە بەرن و بەپێـی بـاری دارایـی مێردەکەیـان هەڵسـووکەوت بـکەن. کـوڕانیش پێویسـتییان بەو کچـانەیە دەزانـن ودەتوانن بە جوانی ماڵ بەڕێوەبەرن. بە پێی بـاری دارایـی مێردەکەیـان

خەرجییەکانیان ڕێك بخەن، لە خانەوادەیەکدا ژیاون لەڕووی ماڵداری و خەرجی خێزانییەوە دەست ڕەنگین بوون.

هاوسەرگیری هەرسۆزو عاتیفەولایەنی حەزوو ئارەزوو نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییە، پێویستی بەوەیە بەچاکی و بەحەلاڵی پارە پەیدا بکرێت و بەباشی لە شوێنی خۆیدا خەرج بکرێت.

چەندین خێزان بەهۆی لایەنی داراییەوە کێشەیان هەیە، بەهۆی خراپ پەیدا کردنی ماڵ وسامان یان خراپ بەکارهێنان و خەرجکردنی لەلایەن ژنانەوە، هەربۆیە بابەتی بووجەی خێزانی پێویستەو دەخوازێت هەموو هاوسەرەکان لێی بەهرەمەندبن، تا لەژیانی خێزانیدا سەرکەتووبن.

کوڕان و کچان پێویستە بزانن خەرجی و پێداویستییان پێش پرۆسەی هاوسەرگیری جیاوازە لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری. ژن هەڵە دەکات ئەگەر بەراوردی مێردەکەی بکات بە باوکی لەڕووی توانای داراییەوە، چوونکە ڕەنگە باوکی تەمەنی شەست ساڵ بێت و خاوەنی ئەزمووونی کارو ژیان بێت، بەڵام مێردەکەی تەمەن و ئەزموونی کەمەو سەرەتای ژیانی خێزانییەتی، هەڵەیە ژن داوا لە مێردەکەی بکات چۆن باوکی خەرجی ماڵ دەکات مێردەکەشی دەبێت بەهەمان تەرز وا بکات، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانێت باوکیشی کاتێك لەتەمەنی مێردەکەیدا بووە ڕەنگە داهاتی وەك مێردەکەی بوو بێت یان کەمتر، بەڵام ئێستا داهاتی زیاد بووە بەهۆی هەوڵی خۆی و ئارامگری دایکییەوە، بەڵام مێردەکەشی لە داهاتوودا ژیان و گوزەرانی باش دەبێت ئەگەر پلانی هەبێت و خۆشی ئارام بگرێت و بەقەد بەرەکەی پێرابکێشێت.

هەروەها پیاویش هەڵە دەکات بەراوردی خێزانەکەی بکات بەدایکی لە بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزاندا، چوونکە دایکی ئەو ئەزموونەی بەچەندین ساڵ پەیدا کردووەو هەورازو نشێوی زۆری دیوە، خێزانەکەی رەنگە نیوەی تەمەنی دایکی یان کەمتری هەبێت، دیارە نیوەی ئەزموونی دایکیشی دەبێت.

دوای ئەم دەستپێکە بووجەی خێزانی لەچەند بڕگەیەکدا باس دەکەین:

**یەکەم: پیاو بەرپرسە لەنەفەقەو هەردوکیان بەرپرسن لەبەڕێوەبردنی باش.**

بەرپرسیارێتی خەرجی ماڵ و خێزان ومنداڵ ... لەسەر پیاوە لە رووی شەرعی و یاسایی و داب و نەریتەوە، ئەگەر ژن هەر پارەیەکی خەرج کرد بۆ ماڵەکە ئەوا دەبێتە دیاری و هاوکاری، بۆی هەیە هیچ خەرجی و پێداویستییەك لەئەستۆ نەگرێت. ئەمەو ناکرێت پیاو پارەی خێزانەکەی خەرج بکات و بەبێ ویست و رەزامەندی خۆی، بەڵام ئەگەر ژن لەداهاتی خۆی بەشێك لە خەرجی و پێویستی لە ئەستۆ گرت ئەوە نیشانەی بەخشندەیی و دڵسۆزی خۆیەتی بۆ خانەوادەکەی و خوای گەورە پاداشتی خێری دەداتەوە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ( الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوالِهِمْ)[1]. ئەم ئایەتە پیرۆزە (قوامة) بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی پیاوان بەسەر هاوسەرەکانیاندا بە دووهۆکار داناوە:

---

[1] النساء ٣٤.

**١- خەرجكردن واتە دابین كردنی ژیان.**

**٢- بوونی چەند سیفات و تایبەتمەندییەك لە پیاواندا تا بەو كارە هەستن.**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:( لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا ۚ سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا)[١]..

ئەگەر دەوڵەمەندی و باری داراییت باشە ئەوا بەپێی باری داراییت خەرج بكە، ئەگەر هەژاری بەپێی ئەوەی هەتە خەرجی ماڵ و منداڵ بكە، خوای گەورە بەپێی تواناى خۆت داوات لێ دەكات بەڵام لە هەردوو باری دەوڵەمەندی یان هەژاری خەرجی و نەفەقە لەسەر پیاوە.

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم لەم بارەوە فەرموویەتی: (ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف )[٢].

بەواتای خەرجی خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و خانوو لەسەر پیاوانە بەپێی توانای دارایی خۆی، بەبێ ئیسراف و زیدە رۆیی یان رەزیلی و چروكی.

هەروەها فەرموویەتی:( ....ألا وإنَّ حقَّهُنَّ عليكُم أن تُحسِنوا إليهِنَّ في كسوتِهِنَّ وطعامِهِنَّ)[٣].

بەواتای مافی ژنانە بەسەر پیاوانەوە خەرجییان بكێشن لە رووی خۆراك و پۆشاكەوە بەپێی توانای دارایی خۆیان.

---

[١] الطلاق ٧

[٢] رواه مسلم.

[٣] صححه الألباني فى صحيح الترمذي، الصفحة أو الرقم ٣٠٨٧، وقال حديث حسن.

**دووەم: خوای گەورە پاداشتی پیاو دەداتەوە لەسەر خەرجی کێشان و هەردووکیان پاداشت دەدرێنەوە لەسەر چاك بەڕێوەبردنی ماڵ.**

پیاو کاتێك خەرجی و پێداویستی ماڵ و خێزانی دابین دەکات چاوەڕوانی پاداشتی گەورەی پەروەردگارێتی، بەڵام لە ڕۆژئاوادا ژن و پیاو کاتێك دەچنە چێشتخانە یان ریستۆرانتێك، دواتر هەرکەسەو پارەی خۆی دەدات.

بەڵام لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا پیاو خەرجی خێزان ومندالەکانی دەکێشێت و بەئەرکی خۆی دەزانێت و نایکات بە منەت بەسەریانەوەو چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم بارەوە فەرموویەتی: ( دِينَارٌ أَنْفَقْته فِى سَبِيلِ اللَّهِ ،وَدِينَارٌ أَنْفَقْته فِي رَقَبَة، ودِينَارٌ تَصَدَّقْت بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، ودِينَارٌ أَنْفَقْته عَلَى أَهْلِك، أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذي أَنْفَقْته عَلَى أَهْلِك)[١].

هەروەها فەرموویەتی:(وإِنَّكَ لنْ تُنْفِقَ نَفَقَةً تَبْتَغِي بِهَا وجهَ الله إلّا أُجِرْتَ بِهَا، حَتَّى مَا تَجْعَلُ في في امرأتِكَ)[٢].

بەواتای: دینارێك لە پێناوی خوای گەورەدا خەرجی بکەیت، دینارێك بۆ ئازاد کردنی کۆیلەیەك خەرج کەیت، دینارێك بکەیتە خێرو بیدەیتە هەژارێك، دینارێك بۆ ماڵ و مندالەکەت خەرج بکەیت، باشترینیان ئەوەیە لای خوای گەورە کە بۆ ماڵ و مندالەکەت خەرجت کردووە، چوونکە خەرجی کێشانی ماڵ مندال پێویست و ئەرکی سەرشانە، باشترین خەرج کردن خەرج کردنە بۆ ماڵ و مندال ئینجا خەرجییەکانی تر.

---

١ رواه مسلم.

٢ متفقٌ عليه.

مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە ئیماندار لەکاتی خەرج کردندا بە گرنگترین دەست پێ بکات، ئینجا بە گرنگەکان سەرەتا بە خانەوادەکەی دەست پێ بکات لە خێزان و منداڵەکانی و ئەوانەی نەفەقەیان لەسەریێتی، دواتر بە ئەوانی ترو بوارەکانی تری خێرو چاکە دەست پێ بکات .

مرۆڤ لە هەموو ئەو خەرجی و خێرانەی دەیکات مەبەستی رەزامەندی خوای گەورە بێت، خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، ئەگەر پارووێەك بێت و بیکاتە دەمی خێزانیەوە.

بۆیە پیاو پاداشت دەدرێتەوە بە خەرجکردن وژنیش پاداشت دەدرێتەوە بەخزمەت کردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەو ..... تاد.

**سێیەم: دووركەوتنەوە لە زێدەڕۆیی و رەزیلی و پیسكەیی.**

پیاو لەکاتی خەرجی کێشانی ماڵەکەیدا نابێت زیادەڕەوی بکات یان پیسکەو رەزیل بێت بەڵکو مام ناوەندبێت لەو نێوەندەدا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ( وكَـذَٰلِكَ جَعَلْنَـاكُمْ أُمَّـةً وسَـطا)[1]. بەواتای: لەتەواوی ئیش و کاردا کردومانن بە ئوممەت و گەلێکی میانڕەوی مام ناوەند.

هەروەها فەرموویەتی:( ولا تَجْعَلْ يدَكَ مَغْلُولـةً إِلـى عُنُقِكَ ولا تَبْسُطهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَحْسُوراً)[2]. بەواتای: وە دەستەکانت لە گەردنت گرێ مەدە، واتە: لەبەر ڕەزیلی و چرووکیی خۆت وەک باڵ بەسراو مەکە، مەبەست ئەوەیە هەر وەکو زنجیر دەستی مرۆڤ دەبەستێ

---

١ البقره ١٤٣.

٢ الإسراء ٢٩.

چـرووکیش هەروا دەسـتی مـرۆڤ دەبەسـتێ لەبەخشـش و هاوکـاری لێقەوماوان، تەواویش دەستەکانت پان مەکەوە تا هەرچیت هەیە بیڕێژی بـۆ خـۆت و بـۆ خەڵـک، ئەوسـا ئیتـر بەلـۆمەکراویی و عەزرەتەوە بۆخۆت دانیشی، چـونکە هیچت لا نەمـاوە، بەڵـێ دەبـێ مـرۆڤ بزانـێ لەگەڵ ماڵ و ساماندا چۆن دەجووڵێتەوە، نـابێ هەرچـی هەیەبـەفیڕۆی بدات، ناشبێ چرووک و پیسکەبێت، دەبێ میانڕەوانە بـجووڵێتەوە

هەروەها فەرموویەتی: ( والّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لـمْ يُسْـرِفُوا ولـمْ يقْتُـرُوا وكَـانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوامًـا)[١]. بـەواتای: ئەوانەن کـاتێ مـاڵ و سـامان دەبەخشـن نە زیـادەڕەویی تیـا دەکەن و، نە چرووکیـی، بەشـی خەڵکـی لـێ دەدەن و لەشـتی ڕەوادا سـەرفی دەکەن و خۆیـانی لـێ بـێ بەش نـاکەن، بەڵکو لەنێوان ئەو دوو بارەدا مام ناوەندن.

هەروەهـا فەرمـوویەتی:(يـا بَنِـى آدَمَ خُـذُوا زِينَـتَكُمْ عِنْـدَ كُـلِّ مَسْـجِدٍ وكُلُواواشْـرَبُوا ولا تُسْـرِفُوا ۚ إِنَّـهُ لايُحِـبُّ الْمُسْـرِفِينَ)[٢]. بـەواتای: ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! هەرکە دەچنە مزگەوت بۆ نوێژو هەر خواپەرستییەکی تـر، جلـوبەرگی جـوان و پـاک و خـاوێن لەبەر بـکەن. دەسـا لە حەڵاڵ بخـۆن و، بخـۆنەوەو، هەرگیـز زۆر خـۆریی و زیـادەڕەویی مەکەن، چـونکە خـوا خۆشـی لەوانە نـایە ئەنـدازە شـکێنی دەکەن و، لەسـنوور دەردەچن.

هەنـدێ لەزانایـانی (سـەلەف) دەڵێن: خـوای گەورە تەواویـی بـابەتە پزیشـکییەکانی لەنیـوەی ئەم ئـایەتەی: (کلـوا واشـربوا ولا تسـرفوا) دا کۆکردۆتەوە، (ئیبن عەبـاس) لە تەفسیری ئەم ئـایەتەدا دەڵـێ: هەرچـی

---

[١] الفرقان ٦٧.

[٢] الأعراف ٣١.

دەخۆی بخۆ، هەرچیش لەبەر دەکەیت لەبەری بکە، بەمەرجێ نەگاتە زیادە خۆریی و، دەعیەو فیزکردن [1].

هەندێك لە پیاوان بەئارەزووی خۆیان پێداویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن، بەڵام بۆ خەرجی ماڵ و منداڵیان رژدو چرووکن و ستەمیان لێ دەکەن، بەم کارەیان هەڵەو تاوان دەکەن .

**چوارەم: هەروەك چۆن نیعمەتە زۆرەکان دەپارێزین بەهەمان تەرز دەبێت نیعمەتە کەمەکانیش بپارێزین.**

لێرەدا ئامـاژە بەچەنـد فەرمـوودەیەك دەکەیـن بـۆ روونکـردنەوەی باسەکەمان: (كان النبيُّ ﷺ إذا أكل طعامًا لعِقَ أصابعَه الثلاثَ) [2]

بەواتـای: پێغەمـبەری خـوا ﷺ کاتێـك نـانی دەخواردسـێ پەنجەکـانی دەلستەوە. هەروەها فەرموویەتی:(أنَّ رَسول اللهِ ﷺ كانَ إذَا أَكَل طَعَامًا لعِقَ أَصَابِعَهُ الثَّلاثَ، قال: وقال: إذَا سَقَطتْ لُقْمَة أَحَدِكُمْ فَلْيُمِطْ عَنْهَا

الأذَى وليأْكُلْهَا،ولايدَعْهَا لِلشَّيْطانِ،وأَمَرَنَا أَنْ نَسْلُتَ القَصْعَةَ، قَالَ: فَإِنَّكُمْ لا تَدْرُونَ في أيِّ طَعَامِكُمُ البَرَكَة) [3].

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ئاداب و رەوشتی جوانمان فێر دەکات لەوانە هەندێك لە ئادابی نان خواردن، بۆیە پێغەمـبەری خـوا ﷺ کاتێك نـانی دەخوارد سێ پەنجەکەی دەلستەوە ( پەنـجە کەڵەو پەنـجەی شـایەتمان و پەنـجەی ناوەڕاسـت) بۆمـانی روون دەکـاتەوە ئەگەر پارووبەکمـان لە دەسـت کەوتە خـوارەوە پـاکی بکـەینەوە ئەگەر شـتێکی پێـوە نووسـابوو،

[1] بوخاريی/ کتاب اللباس ١٨٢/٧ .

[2] أخرجه مسلم، وأبو داود، والترمذي، والنسائي في السنن الكبرى، وأحمد، و الالباني صحيح مختصر الشمائل.

[3] رواه مسلم في صحيحه.

ئینجا بیخوات نەیهێڵێتەوە بۆ شەیتان، فەرمانی پێکردووین قاپی خواردنەکە بسڕینەوە و خواردنی تیا نەهێڵین، چوونکە نازانین لەکام پاروەوە خواردنماندا بەرەکەت و خێروو سوودی تێدایە.

هەندێك جار خانمان لە ماڵەوە چێشت و خواردن ئامادە دەکەن بەڕێژەیەکی زۆرو ئەندامانی خێزانەکەشی کەمن و نیوەی زیاتر خراپ دەبێت دواتر فڕێ دەدرێت و سوودی لێ وەرناگیرێت، یان خواردنیان ماوەتەوەو لە بیری دەکەن بیخەنە سەلاجەوە تێك دەچێت و فڕێ دەدرێت.

بۆیە لە بووجەی خێزانیدا دەخوازێت رێز لە خواردن و نیعمەتەکان بگیرێت و بە ئەندازەی پێویست بەکار بهێنرێت چوونکە خەسارکردن و فڕێدانی خواردن کارێکی نەشیاوەو دەچێتە خانەی بە فیڕۆدانی ماڵ و سامان، و مرۆڤی پێ گوناهبار دەبێت و زیان بە بووجەی خێزانی دەگات.

**پێنجەم: دووركەوتنەوە لە قەرز كردن.**

پێویستە خێزانەکان وریا بن و فێری قەرز کردن نەبن و خانمانیش نابێت هانی مێردەکانیان بدەن بۆ قەرز کردن، خێزان پێویستە خۆی رابێنێت خەرجییەکانی بەپێی داهاتەکانی بێت، نابێت بیر لەقەرز بکرێتەوە مەگەر لەکاتی زۆر ناچاری و بۆ خەرجی زۆر پێویست، هەروەها پلانیشت هەبێت بۆ دانەوەی قەرزەکە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی قەرزەوە فەرموویەتی:(يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إِلَّا الدَّيْنَ)[١].

---

[١] رواه مسلم في صحيحه.

بەواتای: خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی شەهید خۆش دەبێت جگە لەقەرزی خەڵکی بەسەریەوە. دەبینی تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەو شەهیدبوون لە پێناوی پەیام و بەرنامەکەی هۆکارە بۆ کەفارەت و سڕینەوەی هەموو گوناهەکانی جگە لە قەرز، چوونکە قەرز مافی خەڵکە بەسەریەوە دەبێت بدرێتەوە یان لە دنیادا یان لە قیامەتدا، بۆیە ناکرێت نەرم کێشی بکرێت  لە قەرز کردن، هەروەها فەرموودەکە ئاگادارمان دەکاتەوە هەموو مافەکانی خەڵکی پارێزراوە، تێکۆشان و شەهید بوون و هەرکارێکی تری چاکە نابێتە هۆی سڕینەوەی مافی خەڵکی، بەڵکو تەنها دەبێتە هۆی کەفارەتی مافەکانی خوای گەورە بەسەر بەندەوە.

هەروەها فەرموویەتی: عن سلمة بن الأكوع رضي الله عنه قال: (كُنَّا جُلُوسًا عِنْدَ النبيِّ ﷺ ، إذْ أُتِي بجَنَازَة، فَقالوا: صَلِّ عَلَيْهَا، فَقالَ: هلْ عليه دَيْنٌ؟، قالوا: لا، قال: فَهلْ تَرَكَ شيئًا؟، قالوا: لا، فَصَلَّى عليه، ثم أُتِي بجَنَازَة أُخْرَى، فَقالوا: يا رَسول اللَّهِ، صَلِّ عَلَيْهَا، قالَ: هلْ عليه دَيْنٌ؟ قيل: نَعَمْ، قال: فَهلْ تَرَكَ شيئًا؟، قالوا: ثلاثة دَنَانِيرَ، فَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ أُتِي بالثَّالِثَةِ، فَقالوا: صَلِّ عَلَيْهَا، قال: هلْ تَرَكَ شيئًا؟، قالوا: لا، قال: فَهلْ عليه دَيْنٌ؟، قالوا: ثَلَاثَة دَنَانِيرَ، قال: صَلُّوا على صَاحِبِكُمْ، قال أَبُو قَتَادَةَ صَلِّ عليه يا رَسول اللَّهِ وعَلَي دَيْنُهُ، فَصَلَّى عليه)[1]. قەرز مافی خەڵکییەو پێویستە بدرێتەوە، قەرزار پێویستە ئەستۆپاکی بکات لەو قەرزەی لە ئەستۆیدایە، لەبەر گەورەیی قەرز پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر کەسێك نەکردووە قەرزار بوو بێت ئەوەندەی میراتی بە جێنەهێشتبێت قەرزەکەی پێ بدرێتەوە، یان کەسێك قەرزەکەی بۆ بداتەوە.

---

[1] رواه البخاري.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك پرسیاری کرد سەبارەت مردووی یەکەم و زانی قەرزی لەسەر نییە نوێژی لەسەر کرد، پرسیاری کرد سەبارەت بە مردووی دووەم زانی قەرزی لەسەرە و بەڵام سێ دیناری دوای خۆی بە جێ هێشتووە تا قەرزەکەی پێ بدرێتەوە نوێژی لەسەر کرد، بەڵام کاتێك جەنازەی سێیەمیان هێنا و زانی سێ دینار قەرزارە و هیچی بە جێنەهێڵاوە نوێژی لەسەر نەکرد، بەهاوەڵانی وت: نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکەن.

ئەبو قەتادە خوای لێڕازیبێت وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر بکە قەرزەکەی لەسەر من واتە من قەرزەکەی بۆ دەدەمەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر کرد.

قەرز خەم و پەژارەی شەوو زەلیلی رۆژە، بەشەو خەمی چۆنێتی دانەوەی قەرزتە و بەڕۆژیش خۆشاردنەوەیە لە خاوەن قەرز، بۆیە پێویستە تا دەکرێت خێزانەکان خۆیان لە قەرزکردن یان هێنانی شت بە قیستی مانگانە بپارێزن، مەگەر حاڵەتەکە زۆر پێویست و ناچاری بوو.

بەڵام قەرز کردن بۆ بابەتی جوانکاری و دیکۆرات وگەشت و گوزارو سەیران و مۆبایلی زیرەکی نوێ و ... کارێکە پێچەوانەیە بەفەرمانی شەرع و ژیریش قبوڵی ناکات.

دەخوازێت ئەم بنەمایە بکەیتە پێوەرو کاری لەسەر بکەیت (شتێك مەکڕە پارەکەیت نەبێت).

## شەشەم: پاراستنی موڵکی جێگیر.

یەکێك لەهەڵە گەورەکان هەندێك لە خێزانەکان دەیکەن بریتییە لەفرۆشتنی خانوو یان شوقە کەشوێنی نیشتە جێبوونی خێزانە یان

دوكان وكۆگـای بازرگـانی كەشـوێنی كـارو پیشـەو سـەرچاوەی بژێـوی خێزانە، بە نیـازی ئەوەی پـارەكەی بـخەنە نێـو پـرۆژەی بازرگـانییەوە، گـوایە قـازانجی بـاش دەكـات. ئەم كـارانە گرەوێكـی بـاش نیـیە ئەگەر پرۆژە بازرگانییەكە سەركەوتوو نەبوو ئەوكات سەرمایەكەشت دەڕواو دەچیـتە خـانووی كـرێ و ئەركـت گرانتـر دەبێـت، چـاك وایە خـانوو نەفرۆشرێت ئەگەر پارەكەی بۆ خانوویەكی تر تەرخان نەكرێت.

پێغەمبەری خـوا (ﷺ)لەم بـارەوە فەرمـوویەتی:عَنْ سَعِيدِ بْـنِ حُرَيْـث رضي الله عنه قَال : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ( مَنْ بَـاعَ دَارًا أَوْ عَقَـارًا فَلَـمْ يجْعَل ثَمَنَهَا فِي مِثْلِهِ كَانَ قَمِنًا أَنْ لاَيُبَارَكَ لَهُ فِيهِ)[١].

هەروەها فەرموویەتی :عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيمَـانِ رضـي الله عنـه قَـال : قَـال رَسُولُ اللَّه ِﷺ : ( مَنْ بَاعَ دَارًا وَلم يجْعَلْ ثمَنَهَا فِى مِثْلِهَا لـم يُبَـارَكْ لَـهُ فِيهَـا)[٢]. بەواتـای: هەر كەس خـانوویەكی فرۆشـت وپـارەكەی نەدا بە خانوو یان موڵكێكی تر، شایانی ئەوەیە بەرەكەتی تێدا نەبێت.

فرۆشـتنی خـانوو یـان زەوی بەپـارەكەی كەرەسـتەو كەل و پەلـی گوازراوە بكرِیت كـارێكی بـاش نیـیە، چـوونكە موڵـك سـوودی زیـاتری هەیەو نافەوتێت و نادزرێت، ئەگەر فرۆشرا بەپارەكەی موڵكی تری پێ بكرِێت كارێكی ئاسـاییە. هەروەهـا موڵـك و خـانوو شـوێنەواری مـرۆڤە لەسـەر زەوی ئەگەر فرۆشـتی شـوێنەوارەكەی نامێنێـت. بەڵام ئەگەر كەسێك ناچار بوو خانووەكەی بفرۆشێت وەك ئەوەی قەرزاربوو كـاتی دانەوەی قەرزەكەی هـاتبوو ئەوا حـوكمەكەی دەگۆڕێـت و دەكرێـت خانوەكەی بفرۆشێت و قەرزەكەی بداتەوە.

---

[١] الألباني في صحيح ابن ماجه، الصفحة أو الرقم ٢٠٣٥ وقال حديث حسن.

[٢] رواه ابن ماجه وحسنه الشيخ الألباني رحمه الله في السلسلة الصحيحة.

**حەوتەم: وازهێنان لە دەست بڵاوی و بەفیڕۆدانی ماڵ وسامان**

ڕۆچوون لەنازو نیعمەت و خۆشی و ڕابواردندا، دەچێتە خانەی بە فیڕۆدانی ماڵ و سامانەوە، وەك ئەوەی گەنجێك كاتژمێرەكەی ئاڵتوون بێت یان قاپ و قاچاخی زێڕو زیو بەكاربێنێت یان ئۆتۆمبیلی زۆر گران بەها بكڕێت بۆ پۆزلێدان بەسەر خەڵكیدا ... ئەمانە هەمووی كاری نەشیاوو حەرامن.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە فەرموویەتی:عن حُذيفة بنِ اليَمانِ رَضِي اللهُ عنه قال: سمعتُ رسول الله صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يقول: (لا تَلبَسوا الحريرَ ولا الدِّيباجَ، ولا تَشربوا في آنِية الذَّهَبِ والفضَة، ولا تأكلوا في صِحافِها؛ فإنَّها لهم في الدُّنيا، ولنا في الآخِرةِ)[١].

بەواتای: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پۆشاكی ئاوریشم لەبەر مەكەن ( مەبەست لە پیاوانە) لە جامی زێڕو زیو ئاو مەخۆنەوە و لە قاپی زێڕو زیو خوارن مەخۆن، ئەمانە لە دونیادا بۆ بێباوەڕانە لە ڕۆژی دواییدا بۆ مسوڵمانانە.

هەروەها سەروەرمان فەرموویەتی: ( إن الهَدْي الصالحَ ، والسَمْتَ الصالحَ ، والاقتصادَ جزء مِن خمسة وعشرين جزءا مِن النُّبُوَّة)[٢]. ئەم فەرموودە شیرینەی سەروەرمان ڕێنمایی بڕواداران دەكات بە گرتنەبەر ڕێگای پیاوچاكان و خێرخوازان و ڕۆشتن لەسەر ڕێگای ڕاست ( كەئاینی پیرۆزی ئیسلام)ە، ڕۆخساری جوانی پڕ لە ئەدەب و ویقار كە پێغەمبەری خوای لەسەر بووە، میانەیی لە كاروبارەكاندا (ژیان وگوزەران و بژێوی) و بەردەوام بوون لەسەری، ئەم سیفات و

[١] متفق عليه.
[٢] رواه أبو داود، وحسنه الألباني في صحيح أبي داود.

ئاكارانە بەشێكە لە بیست و پێنج بەشی پێغەمبەرایەتی یانی ئەم سیفاتانە بەشێكە لە سیفاتی پێغەمبەران و ئەوانەی ئەم سیفەتانەی تێدا بێت و شوێن كەوتەی پێغەمبەران بن ئەوا ستایش دەكرێن هەروەك چۆن وەسفی پێغەمبەران دەكرێت، ئەمەش رێزی خوای گەورەیە بۆ ئەو كەسانە، چوونكە پێگەی پێغەمبەرایەتی بەش بەش ناكرێت و هەڵبژێردراوە، دوای (محمد) پێغەمبەریش پێغەمبەری ترنییە.

هەروەها فەرموویەتی:( ... وأسألُكَ القصدَ فی الفقر والغِنَی ...)[1].

بەواتای: مام ناوەندی لەباری دەوڵەمەندی و هەژاریدا، بەشێوازێك زێدەڕۆیی نەكرێت لەكاتی دەوڵەمەندی و بەزایە نەدانی لەكاتی هەژاریدا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:(وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ)[2]..

بەواتای: هیچ پێغەمبەرێكمان نە ناردووە لە شارێكدا بیانترسێنێ، مەگەر خۆشگوزەرانەكانیان دەیانوت: بێگومان ئێمە باوەڕ ناكەین بەوەی پێی نێرراون و پەیامەكەتان بە درۆ دەزانین.

زێدەڕۆیی لە رابواردن و خۆشگوزەرانی نەریتێكی خراپ و ناشیرینەو خێرو قازانجی تێدانییە، كەسانی دەست بڵاو سەركەتوو نابن و ناتوانن بەرپرسیارێتی هەڵگرن و چوونكە رانەهاتوون و فێر نەكراون، بۆیە پێویستە خۆت ومنداڵەكانت لەسەر دەست بڵاوی بە فیرۆدانی ماڵ وسامان رانەهێنیت.

---

[1] الألبانی فی الكلم الطیب، أخرجه النسائي وأحمد باختلاف یسیر.
[2] السبأ ٣٤

پێوەری دەست بڵاوی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەپێی باری دارایی و ژیان و گوزەرانی کەسەکە، گرفت لەوەدایە کەسانێك باری داراییان گونجاو نییەو دەست بڵاون و بەردەوام بە دوای مۆدیل و جل و بەرگی مارکەو تازەترین شێوازی مۆبایل و ... تاد، دەگەڕێنن.

دەست بڵاوی وەنەبێت هەر نەریتی دەوڵەمەندکان بێت، کەسانی تریش هەیە داهاتیان سنووردارە و دەست بڵاون و داهاتەکانیان بەفیڕۆ دەدەن.

وازهێنان لەزیادەڕەوی لەخۆشگوزەرانی و ژیانی پڕ نازو نیعمەت، بنەمایەکە پێویستە خێزانەکان پێوەی پابەند بن تا لە ژیانی خێزانیاندا سەرکەوتووبن.

**هەشتەم: چەند ئامۆژگارییەك بۆ بازاڕکردن.**

لە دنیای ئەمڕۆدا بازاڕو سوپەرمارکێتەکان بۆ فرۆشتنی زیاترو بەدەست هێنانی قازانجی باش بە هەموو شێوازێك ریکلام بۆ کاڵاو کەرەستەکانیان دەکەن و سەرنجی خەڵکی پێڕا دەکێشن، خول و راهێنان بۆ کارمەندەکانیان دەکەنەوە تا بەشێوازی جوان وسەرنج راکێش سەرنجی کڕیارەکان راکێشن تا بڕێکی زۆر شت وەك بکڕن .

دەخوازێت ژن و پیاو کاتێك دەچنە بازاڕ وریا بن و شتێك نەکڕن پێوستییان پێی نییە، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر رەچاوی ئەم ئامۆژگارییانە بکەن :

١- ئەو شتانەی مەبەستتە بیکڕی و پێویستت پێیەتی بە پێی گرنگییان بینووسە، ئەگەر وانەکەی رەنگە زۆر شتی ترت بەرچاو کەوێت و سەرنجت راکێشێت و پێویستت پێی نەبێت، یان رەنگە هەندێ لەو شتانەی دەبوایە بیکڕی لەبیرت بچێت.
٢- بڕێك پارە دیاری بکە بۆ شت کڕین.

٣- کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ بازاڕکردن وەك کاتی داشکاندن، هەروەها شوێنی گونجاو هەڵبژێرە، ئەو بازاڕانەی نرخیان گونجاوە یان بەنرخی کۆ کەل وکەرەستەکانیان دەفرۆشن.
٤- شتێك مەکڕە پێویستت نەبێت با نرخەکەشی هەرزان و کەم بێت.
٥- ئاوڕ لە ریکلامی سەرنج راکێش مەدەرەوە بەتایبەت بۆ خانمان بەڵکو ئەو شتانە بکڕە کەبۆی هاتوویت و پێویسست پێیەتی.
٦- ئاگاداربە بازاڕ شوێنی گەڕان و سەیران و کات بەفیڕۆدان نییە.
٧- نزای چوونە بازاڕت لە بیر نەچێت،(لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، يحيي ويميت وهو حي لا يموت، بيده الخير، وهو على كل شيء قدير )[١].
لەکاتی برسێتیدا مەچۆ بۆ بازاڕ چوونکە کەسی برسی حەز لە هەموو خواردنێك دەکات کەبەرچاوی دەکەوێت.

[١] رواه الترمذي والحاكم وحسنه الألباني في صحيح ابن ماجة.

## بەشی بیست و یەك

## هۆكارەكانی تێكچوونی شیرازەی خێزانی

كۆمەڵگای پێشكەوتوو ئارام لە خێزانی سەركەوتوو ئارام پێك دێت، دەخوازێت خێزانەكان وا هەڵسووكەوت كەن تا ئایندەیەكی باش بۆخۆیان و نەوەكانیان زامن بكەن و خۆیان بەدوور بگرن لەو هۆكارو رەفتارانەی ژیانی خێزانی وێران دەكەن.

**یەكەم: ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی شكست هێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری.**

(د. مصطفی أبوسعد) راوێژكاری دەروونی و پەروەردەیی باس لەیازدە خاڵ دەكات وەك هۆكاری كێشەی خێزانی و دەڵێت ئەگەر شەش هۆكار لەویازدە هۆكارە لەهەر خێزانێكدا هەبوو ئەوا ئەو خێزانە شكست دێنێت و ئەگەری جیابوونەوەیان هەیە، لێرەدا ئاماژە بە سەردێڕی هۆكارەكان دەكەین:

١- گەڕان بە دوای بچووكترین هۆكاردا بۆ درووست كردنی كێشەو ئاڵۆزی خێزانی.
٢- گوێنەدانی بەئەنقەست یان بێ ئەنقەست لەلایەن یەكێك لەهاوسەرەكانەوە بەرامبەر ئەوی تریان.
٣- هۆگربوونی زیاد لە پێویست بەلایەنی بەرامبەر، یان دووركەتنەوەو دوورە پەرێزی لەیەكتر.
٤- وەك دووكەسی سەربەخۆ وان هەرچەند بە رواڵەت لە چوارچێوەی ماڵێكدا دەژین، وەك بێگانە وان بەرامبەر یەكتری لەبەر ئەوەی پێكەوە گفتوگۆ ناكەن، پێكەوە نان ناخۆن، پێكەوە ناخەون ... تاد.
٥- توانای پاراستنی نهێنی ژیانی خێزانییان نییە.

٦- دەست تێوەردانی کەسانی تر لەکێشە خێزانییەکاندا بەتایبەتی کەسانی نەشارەزا.
٧- نەبوونی خۆشەویستی لە پەیوەندییە خێزانییەکان، وفەرامۆشکردنی درووست کردنی خۆشەویستی، ( خۆشەویستی بینا دەکرێت).
٨- رێز نەگرتنی بەرامبەر، یان دان نەنان بە تواناو دەسکەوتەکانی.
٩- لۆمەو سەرزەنشت کردنی بەرامبەر، بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانەی لەژیانیاندایە وەك نەخۆشی، ناخۆشی،...تاد.
١٠- یەکێك لە هاوسەرەکان لەسەرووی توانای خۆیەوە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت( دابەشکردنی کاروبارەکان).
١١- باسکردنی وشەی تەڵاق وەك ئەوەی وشەیەکی سادەو ئاسان بێت لەهەر کێشەو گرفتێکدا، هەندێ جار بەکارهێنانی وەك سوعبەت و گاڵتە.

**دووەم: ئەو هۆکارانەی ئارامی خێزانی وێران دەکات.**

( د. حمود قشعان) دەڵێت یازدە هۆکارهەن دەبنە مایەی کێشەی خێزانی و وێرانی دەکەن، ئەگەر شەش هۆکار لەویازدە هۆکارە لە هەر خێزانێکدا هەبوو ئەوا ئەو خێزانە وێران دەبێت. لێرەدا ئاماژە بە سەردێڕی هۆکارەکان دەدەین :

١- بە گلەیی و گازندە پەیوەندییە خێزانییەکانت لای خەڵکی باس بکەیت.
٢- نەتوانی هەڵوێستێك یان هەڵەیەك لەرابردوودا لەگەڵ هاوسەرەکەتدا روویداوە لەبیری بکەیت.
٣- رێگری کردن یان نەبوونی ئارەزوو سەبارەت پەیوەندی شەرعی سەرجێیی بۆ ماوەی دووهەفتە.

٤- هەست بە بێزاری بکەیت لە هەندێك لەهەڵسووکەوتەکانی خێزانەکەت.
٥- هەستیاری بەرامبەربەیەکتری( خوێندنەوەی هەڵەو گوماناوی بۆ قسەو گوفتاری بەرامبەر).
٦- حەزکەیت کاتێکی زۆر بەسەر بەریت دوور لەهاوسەرەکەت.
٧- بەئەنقەست خۆت سەرقاڵ بکەیت بە هەندێ ئیشوکارەوە.
٨- خۆیان بۆیەکتری جوان و رازاوە نەکەن.
٩- هەست کردن بەتوڕەبوونی خێرا وهەڵشاخان وقیژەو دەنگە دەنگ.
١٠- بەکارهێنانی حەبی رێگری کردن لە منداڵ بوون، نەك بۆ رێکخستنی خستنەوەی منداڵ، بەڵکو بۆ قەدەغەکردنی و لە ئەستۆ نەگرتنی پەروەردەی منداڵ.
١١- کارەسات ئەوەیە خەیاڵت لای کەسێکی تر بێت.

## بەشی بیست و دوو

## ڕەچاوکردنی هونەری مامەڵەکردن لەنێوان هاوسەراندا

- بەدیهێنانی بەختەوەری لە ژیانی خێزانیدا وا دەخوازێت ، ڕێزگرتن لە یەکتری بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی و ڕەچاوی هەست و سۆزی بەرامبەر بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر ژن و مێرد لەسەرەتای ژیانی خێزانیانەوە کۆك و تەبابن لەسەر کۆمەڵێ ڕێسا و بنەمای نوسراو، وەك ڕێکەوتننامەیەك لە نێوانیانداو هەردوولا پێوەی پابەند بن.

- زۆر جار لاوان لە هەردوو ڕەگەز تەنها لە ڕوانگەی حەزو ئارەزوو عاتیفەوە دەڕواننە پرۆسەی هاوسەرگیری، ولایەنی هزری و ژیری و پاراستنی مافەکان، و لە ئەستۆگرتنی ئەرك و بەرپرسیارێتی بە هەند وەرناگرن و ئامادەسازی بۆ ناکەن، بۆیە هەر لەسەرەتاوە لێك نەگەیشتن دروست دەبێت و گرفت و کێشە دێتە ئاراوەو، عەرەب وتەنی (شهر العسل) مانگی هەنگوینی زوو دەبێت بە (شهر البصل) مانگی پیازین.

دەرەنجام کارەساتی کۆمەڵایەتی نەخوازراو دێتە ئاراوە و سەردەکێشێت بۆ لێکترازان و جیابونەوە، و فەرامۆش کردنی منداڵ و کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنیاندا و، ڕوخانی یەکەی خێزان و شکستهێنانی پرۆژەی هاوسەری و نەهاتنەدیی مەبەستە شەرعییەکان لە پێکهێنانی ماڵ و خێزاندا.

- سەبارەت بەم پرسە گرنگە ئامۆژگاری کردنی زارەکی بەس نییە، بۆ ئەوەی لاوان پابەند بن بە ڕێنمایی و دەقە شەرعییەکانی تایبەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی و وەرگرتنی زانیاری بە کەڵك و بەسوود، واقعی حاڵیش ئەمەی پشت ڕاست کردۆتەوە. جا دۆخەکە وادەخوازێت خول و ڕاهێنان بکرێتەوە سەبارەت بە ژیانی خێزانی و

پرۆسەی هاوسەرگیری، هەروەکو چۆن خول بۆ بواری کارگێری و ژمێریاری و راگەیاندن و پەیوەندیەکان و...هتد دەکرێتەوە.

- نوسەری بیانی (ئێم جی رایان) لە کتێبی (هێزی ئارام گرتن) باس لەوە دەکات، کۆمەڵێك لە قوتابیان ئاستی زیرەکییان مام ناوەند بووە، خول و راهێنانیان بۆ کراوەتەوە لەسەر ئارامگرتن، لەبەرامبەریشدا ژمارەیەکی تری کەسانی بلیمەت و زیرەك بەشداری خولەکەیان نەکردووە، دواتر هەموو ئەمانە هاوسەرگیریان کرد، لە ئەنجامدا بینرا رێژەی جیابونەوەو تەڵاق لای ئەوانەی خولی ئارامگرتنیان بینیوە، زۆر کەمتر بووە، بەڵام لای کەسە بلیمەت و زیرەکەکان رێژەی جیابونەوە و تەڵاق لە ئاستێکی بەرزدا بوو گەیشتبوە لە ٥٠.% ، ئەم نموونەیە دەکرێت ئەوەی لێ بخوێنینەوە کە خول و راهێنان و ئامادەسازی لە هەموو روویەکەوە پێویستە، واباشە پێش پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی ئەنجام بدرێت ، تا ئامادەیی دەروونی و هزری و لاشەیی دروست بێت، و هاوسەرەکان بتوانن روبەڕوی کێشەو روداوەکانی ژیان ببنەوە.

ئەوانەی بەشداری ئەم جۆرە خولانە دەکەن دەزانن ژیانی خێزانی بەختەوەر و پێگەیشتوو بە پێی پەیامی پیرۆزی ئیسلام چۆن ئەنجام دەدرێت، و هەردوولا بازنەی ئەرك و مافەکانیان دەزانن و سنوورەکانی دەپارێزن، و زۆرێك لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان روو نادات، ئەگەر رووشیدا بەسانایی چارەسەر دەکرێت.

- پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆژەی دروست کردنی کۆشك و تەلار، یان کۆمپانیا ودەزگا، یان کڕینی ئۆتۆمبیل نییە. بەڵکو هاوسەرگیری پرسێکی مرۆڤایەتییە و عیبادەتێکی خواییەو کارێکی گرنگ و خوازراوە، چونکە لە میانەیەوە یەکەی خێزان پێك دێ و بینای نەوەکان و ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی دێتە ئاراوە.

- بە هـۆی نەبـوونی بەرنـامەو پلانــی پـێش وادەوە، کێشــەی خێزانــی و کۆمەڵایەتی زۆر رودەدات و زۆرێك لە هاوسەران لێـك جیـادەبنەوە، بە بیانوی زۆر سادەو پوچ و بێ مانا، دواتریش پەشیمان دەبنەو و پەنـجەی پەشـیمانی دەگەزن. ئەو هاوســەرانە ئــەگەر هــونەری مامەڵەکردنیـان بزانیایەو خـاوەن ئەزمـوون بوونـایە، وا بە ئاسـانی بڕیـارگەلێکی وایـان نەدەدا.

ئەمەو کەسـانی بێئەزمــون و ســەرکەش، زۆر جـار لەنێـو خەیـاڵ و رۆمانســیەتدا دەژیــن و خەیــاڵ پــڵاوانە بیــر دەکەنەوە، دەیانەوێــت هاوسەرەکانیان لە جوانی روکەش و کەسایەتی و...هتد، ناوازەو بێوینە بن، کەچی ئاوڕ بەلای جوانی و بەهرەو ئاستی خۆیـان نـادەنەوە، وەك ئەوەی خۆیان کەسێکی کامڵ و بێ هەڵە و کەموکورتی بن.

- لێرەدا ئاماژە بە ئەزمونێك دەکەم کە شایستەی هەڵوێستە لەسەر کردنە و دەکرێـت سـودی لــێ وەرگیرێـت، بـۆ نمـوونە لە وڵاتــی مالیزیـا لەدادگاکاندا بەمەرج دانراوە، پێش مـارەبڕین هەردوو رەگەز بەشداری خولی تایبەت بە ژیانی خێزانی و هاوسەرگیرییان کردبێت. خولەکـانیش بەسەرپەرشــتی مامۆســتاو راهێــنەری پســپۆر بەرێــوە دەچێــت . دەرکەوتووە ئەو خول و راهێنانە کـاریگەری باشـیان دروسـت کـردووە لەسەر کەمکردنەوەی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و دابەزینی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە.

دەکرێـت بڵێین ئەرکـی حکـومەت و دەزگـا پەیوەندیدارەکان و زانایـانی ئیسلام و ناوەنـدە رۆشـنبیرییەکان و رێکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنـی لەبواری گەنجان و لاوان و قوتابیان و ژناندا ئاورێکی جدی لەم پرس و بــابەتە بـدەنەوەو لە روانــگەی پەیـام و بەرنــامەی ئیسـلام و زانسـتی هاوچەرخـدا هەنگـاوی کـارا بنـێن ، دەکرێـت رێکخراوەکـان خـول و سیمینار بکەنەوە بۆ هەردوو رەگەز سەبارەت بە پەروەردەی خێزانــی و

ژیــانی هاوســەری و ئەرك و مافەكــانی ژن و مێــرد بەســەر یەكەوەو چۆنیەتی چارەسەری كێشەو گرفتەكانی ژیان.

- پێویســتە لە هەرێمــی كوردســتاندا كۆلیجێــك یــان بەشــێكی تــایبەتی سەربەخۆ بە پەروەردەی خێزانی هەبێت، تا كەسانی پسپۆرو شارەزا لە بواری پەروەردەو راوێژكاری خێزانیدا پێبگەیەنێـت، تـا سنوورێك بۆ كێشە خێزانییەكان و رێژەی جیابوونەوە دابنرێت.

# بەشی بیست و سێ

## هونەری چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان

کێشەی خێزانی پانتاییەکی فراوانی هەیە لە نێو کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، هۆکاری سەرەکیش لاوازی هونەرو ئەتەکێتی مامەڵەکردنی نێوان ژن و مێردە. زۆر جار مرۆڤ ڕەچاوی هەست و سۆزی بەرامبەرەکەی دەکات، بە تایبەت کەسانی غەریب و نامۆ، هەوڵی بەدەست هێنانی ڕێزو متمانەی دەدات. بەواتایەکی دی خەڵکانێکی زۆر ڕێساو بنەماکانی ئەتەکێت لەگەڵ ئەوانی تردا ڕەچاو دەکەن، بەڵام لە نێو ماڵ و کەسە نزیکەکانی خۆیاندا فەراموشی دەکەن و گوێ نادەنە شێوازی ڕەفتارو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. ئایا بۆ سوورن لەسەر ئەوەی هەست و سۆزی خەڵکی ڕاگرن و زێدەڕۆیی لە بایەخدان بەخەرج بدەن، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرو کەسە نزیکەکاندا وەك پێویست بایەخیان پێ نادەن و زۆرجار هەستیان بریندار دەکەن، جا بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست، سەرەڕای ئەوەش هەوڵ نادەن پۆزشیان بۆ بێننەوە.

ئایا دەشێت ڕێساو بنەمای ئەتەکێت تەنها کەسانی غەریب و نامۆ بگرێتەوەو لەگەڵ هاوسەر و کەسوکاریشدا زبری و وشکی پیادە بکرێت؟!

ڕاستە ژیانی خێزانی هەمووی سۆزو خۆشەویستی و خۆشی و حەسانەوەو گونجان نییە، بەڵکو دەمێك خۆشی و حەسانەوە تافێك خەم و ناڕەحەتی، جارێك تەبایی وگونجان و کاتێکی تر جیاوازی و تێکگیران، بۆیە ژیانی خێزانی هەورازوو نشێوی زۆری تیایە، لە جیهاندا ژن و مێردێك نابینی بێ کێشەو گرفت بن و سەراپای ژیانیان گونجان وتەبایی بێت، بوونی کێشە لەژیانی خێزانیدا حاڵەت وشتێکی ئاساییەو نامۆنییە.

بـــوونی جیـــاوازی ســـوننەتێکی خـــوای گەورەیـــە لەژیانـــدا هەروەك فەرمـوویەتـی: ( ولـوْ شَـاء رَبُّـكَ لجَعَـل النَّـاسَ أُمَّـة واحِـدَة ولا يزَالُـونَ مُخْتَلِفِينَ . إلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ولِذَلِكَ خَلَقَهُمْ ... )[١]. خوای گەورە دەتوانێت وابكـات حەزوو خولیـاو خواسـت و بیرکـردنەوەی خەڵکـی چـوون یەك بێـت، بەڵام نەیکـردووە، چـوونکە ژیـان بەم شـێوەیە نـاخۆش و نـامۆو ناشیرینە. گەر خەڵکی هەموو حەزیان لەیەك رەنگ بکردایە، یەك جۆر خـواردن، روخسـاریان وەك یەك بـوایە، یەك زمانیـان هەبـوایە، وەك یەك بیریـان بکـردایەتەوە، ئەوکـات ژیـان ئەسـتەم و وێـران دەبـوو. هەربـۆیە خـوای گەورە جیـاوازی دانـاوە و کردوویەتـی بە سـوننەت و یاسـایەك لەژیانـدا تـا جـوانی و فرەیـی و گشـتگیریمان پـێ ببەخشـێت، ئەگەر بە هوشیاری ودانایییەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەین.

## ئایا هاوسـەرەکان چـۆن بتـوانن جیـاوازی و کێشـە خێزانییەکانیـان چارەسەر بکەن؟

راسـتییەکەی کێشـە لە بـوونی کێشـەدا نیـیە، بەڵام کێشـە لەشـێوازی مامەڵەکردندایە لەگەڵ کێشەدا، تـرس لە روودانـی کێشـەدا نییە لەنێـوان هاوسەرەکاندا، بەڵکو لە شێوازی مامەڵەکردندایە لەگەڵ جیاوازییەکاندا.

راستییەك هەیە دەخوازێت هەموو کوڕان و کچان بزانن گرانترین سـاڵ لەژیانی خێزانیدا سـاڵی یەکەمـی هاوسـەرگیرییە بە پێچەوانەی چەمکـی مـانگی هەنگـوینی و سـاڵی بەخـتەوەری، چـوونکە کێشـە خێزانییەکـان لەساڵی یەکەمدا زۆرن و گرفتی جۆراوجۆر روو دەدات.

هۆکـاریش ئەوەیە ئەم دوو هاوسـەرە لە دوو ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و خێزانی و رۆشـنبیری و زیهنـی جیـاوازەوە هـاتوون و ئێسـتا پێکەوە لە ماڵێکدان.

ساڵی دووەم باشتر دەبێت ... تا تەمەنی هاوسەرگیری تێپەڕێـت پێکەوە گونجان و لێکگەیشتن زیاتر دەبێت.

---

[١] هود: ١١٨- ١١٩ .

# چەند بنەمایەکی گرنگ بۆسنووردار کردنی کێشە خێزانییەکان

## یەکەم: نێوانی خۆت و خوای گەورە چاك بكە خوای گەورە نێوان تۆو هاوسەرەكەت باش دەكات.

ئەگەر پیاو بینی لەماڵەكەیدا كێشەیەك رووی داوە، با بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو داوای لێخۆش بوونی لێ بكات، ئەگەر پیاو بینی ژنەكەی كێشە درووست دەكات، سەرەتا با بەخۆیدا بچێتەوە رەنگە كارێكی كردبێت خوا پێی ناخۆش بووبێت .

هەروەها ئەگەر ژنیش بینی مێردەكەی لەگەڵیدا خراپەو مامەڵەی زبرەو شەڕی پێ دەفرۆشێت با روو بكاتە خوای گەورەو داوای لێ خۆشبوون بكات و خۆی چاك بكات. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەركەس پەنهانییەكانی چاك بكات خوای گەورە ئاشكراكانی چاك دەكات.

## دووەم: كێشە خێزانییەكان هەمووی خراپ نین رەنگە خێریشی تیدا بێت

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ( وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ). [١]

بەواتای: لەوانەیە حەز لەشتێک نەکەن و ناخۆش بێت لاتان، بەڵام خێروچاكەی تێدا بێت و بەخێربگەڕێتەوە، رەنگە حەزتان لەهەندێ شت بێ و پێیشتان خۆش بێت كەچی شەڕو خراپ بێت و ئاكامەكەی باش نەبێت.

[١] البقره ٢١٦.

هەروەها فەرموویەتی: (يا أَيُّهَا الذِينَ آمَنُوا لايحِلُّ لكُمْ أَن تَرِثُوا النِّسَاء كَرْهًا ۖ ولا تَعْضلُوهُنَّ لِتَذهَبُوا بِبَعْض مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَن يأْتِينَ بِفَاحِشَة مُّبَيِّنَة وَاشِرُوهُنَّ بِالمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا ويجْعَل اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثيرًا).[1]

بەواتای: ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! بۆئێوە ڕەوا نییە بە زۆرداری ژنان بکەنە میرات ودەستیان بەسەرابگرن، نابێ تەنگەتاویان بکەن و ئازاریان بدەن، لەبەرئەوە کە لەهەندێ لەومارەییەی پێتانداون دەست هەڵگرن، جامەگەر بەئاشکرا داوێن تەڕیی و زینا بکەن، یان هەرکارێکی تری نابەجێ بکەن، دیارە ئەوکاتە ڕەوایە ناچار بکرێن و تەڵاق بدرێن، بە باوو نەریتێکی پەسەند و جوان هاوکارییان بکەن و مامەڵەتان چاک بێت لەگەڵیاندا، هەروەکوچۆن ئێوە چاوەڕوانی چاکەیان لێ دەکەن، ئینجا ئەگەر بەهۆی لاسارییانەوە ژیان لەگەڵیاندا نەدەگونجا ددان بەخۆتاندا بگرن و ئێوە هەرچاک بن، چونکە گەلێ شتی واهەیە ئێوە خۆشتان لێنایە، کەچی خوا خێرو چاکەیەکی زۆری تێیدا داناوە، پێغەمبەر(ﷺ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی: (خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ، وأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي)[2].

واتە: باشترینتان ئەوانەن کە باشترینن لەگەڵ خێزانەکانیان، وە منیش باشترینتانم بۆ خێزانەکانم.

ڕەنگە یەکێك لەهاوسەرەکان یان هەردووکیان ناڕەحەت و نیگەرانبن بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە بەڵام خوای گەورە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن تووشی خێرێکی گەورەیان دەکات لەسۆنگەی ئەوکێشەوە.

---

[1] النساء١٩

[2] (صحيح ابن حبان، ٤٢٣٨، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة ٢٨٥.

جوانترین نموونه بۆ ئەم مەبەستە ( روداوی ئیفك – بوختانە گەورەكە) یە كەدووڕووەكان تۆمەتیان بۆ دایكی ئیمانداران عائیشە (خوای لێڕازی بێت) هەڵبەست، گوایە لەگەڵ صەفوانی كوڕی موعوتەڵ بووە، واتەواتیان لەشاری مەدینەدا بڵاو كردەوە وخەڵكیش قسەیان لەسەر دەكرد. بەسەرهاتەكە بەدرێژی لەفەرموودەی بوخاری و موسلیم و هیتردا هاتووە. تا خوای گەورە پاكی و بەرائەتی عائیشەی دەرخست و فەرمووی: (إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ)[1]. بەواتای: بێگومان ئەوانەی كە ئەو درۆو بوختانە گەورەیان هەڵبەست، كۆمەڵێك بوون لە خۆتان، وا مەزانن ئەوڕووداوە بۆ ئێوە شەڕو خراپەیە، بەڵكو چاك و خێرە بۆ ئێوە.

بۆیە كاتێك كێشەیەكت هەبوو مەڕوخێ و ورە بەرمەدە، چوونكە ئەو كێشەیە خێرێكی گەورەی لە پشتدا شاراوەتەوە گەر ئارام بگرن و خواپەرستی بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، چوونكە دوای هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتییەك خۆشی و ئاسانییەك هەیە.

## لەسوودەكانی كێشە خێزانییەكان

### ١- كەفارەتی گوناهوتاوان.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم بارەوە فەرموویەتی: (ما يُصِيبُ المُسْلِمَ، مِن نَصَبٍ ولَا وصَبٍ، ولا هَمّ ولاحزْنٍ ولا أذًى ولا غَمّ، حتَّى الشَّوْكَةَ يُشَاكُهَا، إلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بهَا مِن خَطَاياهُ)[2]

ئەم فەرموودە شیرینە دڵنەوایی ئیمانداران دەكات سەبارەت بەو شتانەی لە ژیانی دنیادا تووشی بڕوادارن دەبێت، هەموو ئەوانەی تووشی

---

[1] النور ١١.

[2] متفق عليه.

مسوڵمان دەبێت خێری تێدایە بۆی جا موسیبەتەکە گەورە بێت یان بچووك، بەهەر ئەندازەیەك بێت، دەبێتە مایەی کەفارەتی گوناهەکانی. جا ئەوەی تووشی دەبێت هیلاکی و شەکەتی بێت یان نەخۆشی یان خەم و خەفەت و پەژارە، تا ئەوەی دڕکێکی پێدا بچەقێت، خوای گەورە بەهۆیەوە پلەی بەرز دەکاتەوەو لە گوناهو تاوانەکانی خۆش دەبێت و پاکی دەکاتەوە. بۆیە بەڵاو ناڕەحەتییەکان، گوناهەکان دەسڕێتەوەو هەمووی خراپ نییە.

## ٢-پاداشتی چەند بارە.

خوای گەورە باسی خاتوو ئاسیا خێزانی فیرعەونمان بۆ دەکات کەچۆن وەك ئافرەتێکی ئیماندار لەگەڵ فیرعەوندا ژیاوە، مێردەکەی خراپترین پیاو بووە کەتووشی بووە، کافرو زاڵم و ستەمکار بووە، جورئەتی بەسەر خوادا کردووە ئەی چۆن زوڵم وستەمی لە خێزان و خانەوادەکەی نەکردووە.

بەڵام ئاسیا خانم بەهۆی ئیمانی پتەوو دامەزراوی و ئارام گرتنییەوە بووە یەکێك لە ئافرەتە بەڕێزەکانی بەهەشت و ناوی لە قورئاندا هاتووە، بۆتە نموونەیەکی زیندوو بۆ ئافرەتانی باوەڕدار، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەیەوە فەرموویەتی:(وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِنْ فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ)[١] بەواتای: هەروەها خوا نموونەیەک بە ژنەکەی فیرعەون (ئاسیە)ی کچی (مزاحم) دێنێتەوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، ئەو ژنە ئیماندارە هەرچەندە نزیکی فیرعەون بوو، وتی: پەروەردگارەکەم! لای خۆت لەبەهەشتدا ماڵێکم بۆ

---

[١] التحريم ١١.

دروست بکه، وه له دهست فیرعهون و کردهوهکانی ڕزگارم بکه، وه له دهست ئهو هۆزه ستهمکارانهش رزگارم بکه.

پێغهمبهری خوا (ﷺ) فهرموویهتی: (سيدات نساء أهل الجنة بعد مريم ابنة عمران، فاطمة، وخديجة، وآسية امرأة فرعون)[١]. ژنان ئهگهر تووشی مێردێکی خراپ بوون با بیر له خاتوو ئاسیا بکهنهوه چۆن گیرۆدهی دهستی فیرعهون بوو، ههروهها ئهگهر پیاوانیش تاقی کرانهوه بهژنی خراپ بابیر له پێغهمبهر (لوط) بکهنهوه سهلامی خوای لێبێت ژنهکهی پشتگیری بێباوهڕهکانی دهکرد و لهگهڵ هاوسهرهکهیدا نهبوو.

## ٣- بیرخستنهوهی ژیانی دونیا.

ژیانی دونیا ماندوو بوون و چهرمهسهری زۆری تێدایه، مرۆڤێك نابینیتهوه بهختهوهری رههای بهدهست هێنابێت، دهبینی پیاوێك تهندروستی باشهو رزق و رۆزی فراوانه بهڵام ژنێکی خراپی ههیه، کهسێکی تر دهبینی ژنێکی باشی ههیه، گوزهرانی باشه، بهڵام نهخۆش و دهردهداره، یهکێکی تر دهبینی تهندروستی باشهو ژنێکی رێك و پێکی ههیه، بهڵام رزق و رۆزی کهمهو دهست کورته ... ژیانی دنیا بهم شێوهیهیه ههریهکهو دهردوو کهموکورتییهك یان زیاتری ههیه.

## سێیهم: لهکاتی رودانی کێشهدا هانا بۆ ههنگاوی خراپ مهنێ

ماڵێ نابینیتهوه کێشهو گرفتی تیا نهبێت ئهوهتا ماڵی پێغهمبهر (ﷺ) بێ کێشه نهبووه، ئیمامی عهلی کێشهی ههبووه لهگهڵ فاتیمهی خێزانید خوایان لێ رازی بێت.

---

[١] رواه الطبراني بإسناد صحيح على شرط مسلم.

**هەرکاتێك لەماڵەکەتدا کێشەیەك روویدا پەنا بۆ ئەم کارانە نەبەیت :**

**١- چوونە دەرەوە لەماڵ.**

هەڵەیەکی گەورەیە لەکاتی روودانی کێشەدا پیاو بچێتە دەرەوەو ماڵ بەجێ بهێڵێت و نەگەڕێتەوە تا درەنگانێکی شەو وا بزانێت بەم شێوەیە کێشەکان چارە دەبن، لەراستیدا کێشەکان چارە نەبوونە بەڵکو لێی هەڵاتوون، یان ئافرەت ماڵ بەجێ بهێڵێ و بچێتە ماڵە باوکی و تا ماڵە باوکی کێشەکانی بۆ چارەسەر بکەن.

پێویستە پیاوان و ژنان هوشیاربن و خۆیان بە دوور بگرن لەم رەفتارانە، نەکەن ماڵ بەجێ بهێڵن، لەبەر ئەوەی کێشە وا چارەسەر نابێت بەڵکو زیاتر ئاڵۆز دەبێت.

هەڵەیە پیاو ماڵ بەجێ بهێڵێت یان ژنەکەی دەربکات، بەڵکو پێویستە پارێزگاری لە نهێنی خێزانی بکەن ونەیبەنە دەرەوە چونکە کێشەکانیان ئاڵۆزتر دەکات.

ئەمەو چارەسەری کێشە لە نێوان دووکەسدا ئاسان ترە لەوەی لە نێوان و خێزان و خەڵکی تردا بێت، زۆر جاردەست وەردانی خانەوادەی هەردوولا ناهێڵن کێشەکان چارەسەر بێت و بەربەست درووست دەکەن.

**٢- منداڵەکان نەخرێنە ناو بازنەی کێشەکانەوە**

هەڵەیە باوك بە منداڵەکانی بڵێت دایکتان واو وای کرد ... یان دایك باسی کێشەکانی لەگەڵ مێردەکەیدا بۆ منداڵەکانی باس بکات، یان هەردوکیان لەبەرچاوی منداڵەکانیان دەنگ بەرز بکەنەوە.

چـاکتر وایە ژن و مێـرد لەژورێکـی تـایبەت بەتـەنها دانیشـن، بـۆ چارەسـەری کێشـەکانیان لەکاتێکـدا منـداڵەکان لەمـاڵ نەبـن. بەشـداری کردنی منداڵەکان لەکێشـەکاندا یاهێنـانە ناوەوەیـان کـاریگەری خـراپ و نەرێنـی لەسـەر دەروونـی منـداڵەکان درووسـت دەکـات، وا دەکـات منداڵەکان رێزی دایبابیان نەگرن.

## ٣- چوون بۆ لای ساحیرو فاڵچی.

هەنـدێ لە ژنـان کەشـارەزای عەقیـدەو بیروبـاوەڕ نـین لەکـاتی کێشـەو گرفتـدا پەنـا بـۆ فـاڵچی و سـاحیر دەبەن تـا نووشـتەیان بـۆ بـکەن و کێشـەکەیان چارەبێـت و خۆشەویسـت بـن لای مێردەکانیـان. هەنـدێ جاریش پیاوان انا بۆ ئەم جۆرە کارە ناشەرعی و ناڕەوایانە دەبەن.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( اجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقاتِ، قالوا: يا رَسولَ اللَّهِ وما هُنَّ؟ قالَ: الشِّرْكُ باللَّهِ، والسِّحْرُ، وقَتْلُ النَّفْسِ الَّتي حَرَّمَ اللَّهُ إلَّا بالحَقِّ، وأَكْلُ الرِّبا، وأَكْلُ مالِ اليَتِيمِ، والتَّوَلِّي يَومَ الزَّحْفِ، وقَذْفُ المُحْصَناتِ المُؤْمِناتِ الغافِلاتِ)[١].

بەواتـای: خۆتـان بە دوور بگـرن لەحەوت تـاوانە لەنـاوبەرەکە کەخـاوەنەکەی دەخـاتە دۆزەخەوە،پێغەمـبەری خـوا ﷺ ئـومەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە لە حەوت تاوانە لە ناوبەرەکە و فەرمانیان پێدەکات لێی دوور بکەونەوە.

کاتێـك پرسـیاریان لێکـرد کامـانەن: فەرمـووی هـاوبەش پەیـداکردن بـۆ خوای گەورە: ئەمەش دوو جـۆرە، یەکەمیـان بـریتییە لەوەی هـاوەڵ بـۆ خوا پەیدا بکەیت و پەرستش بۆ غەیری خوا بکەیـت لە بەردوو دارو ... تاد، دووەمیـان: هـاوبەش دانـانی شـاراوەیە کەبـریتییە لەڕییـا، ڕییـا پەل

---

[١] متفق عليه.

دەکێشَت بۆ ناو کاری دڵ و پەنهانییەکانی دەروون و ئەمەش تەنها خوای گەورە دەیزانێت، دواتر فەرمووی: سیحر، کوشتنی کەسێك بەناهەق، خواردنی سوو، خواردنی ماڵی منداڵی بێ باوك، هەڵاتن لەشەڕ لەکاتی روو بەڕوو بوونەوەی کافرو بێباوەڕاندا، تۆمەت درووستکردنی زینا بۆ ئافرەتانی پاك و پاکیزەو بێتاوان.

پێویستە هاوسەرەکان وریابن و فاڵچی و ساحیرەکان فریویان نەدەن و پارەیان لێ نەکێشنەوە، کێشەی خێزانی چارەسەری لای فاڵچی نییە، هۆکارەکەی نەزانینی خۆیان و خراپ مامەڵەکردنیانە لەگەڵ یەکتری و نواندنی هەڵسووکەوت و رەفتاری نەشیاو، چارەسەری نەخۆشی بەچارەکردنی هۆکارەکەی دەبێت، نەك چوون بۆلای ساحیرو فاڵچی.

پێغەمبەر خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَن أتى عرَّافًا أو كاهنًا فصَدَّقه بما يقولُ، فقد كَفَرَ بما أُنْزِل على محمَّدٍ ﷺ)[١] بەواتای: هەرکەسێك بچێت بۆلای فاڵچی و بەخت گرەوەیەك و بڕوای پێ بکات، ئەوا بێ باوەڕبووە بەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیوە، عەراف ئەمانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەتوایان هەیە ئاییندە بزانن وپێشبینی بۆ بکەن. کاهین ئیدیعای زانینی نهێنی و شاروەکان دەکەن و لەکارەکانیاندا پشت بە جنۆکە دەبەستن.

## ٣: داواکردنی جیابوونەوە

جیابوونەوە زۆر جارراکردنە لە کێشە نەك چارەسەری کێشە، ئەو پیاوەی کەپەنا بۆ تەڵاق و جیابوونەوە دەبات بۆ چارەسەری کێشە بەبێ

---

[١] أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي في (السنن الكبرى)، وابن ماجة ، وأحمد مطولاً بنحوه، والبيهقي واللفظ له.

ئەوەی زەروورەتێك هەبێت بۆ تەڵاق، ئەوە پیاوێکی لاوازو بێدەسەڵاتە ئەگەر بێ دەسەڵات نەبوایە دەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات.

دەڵێن پیاوێك ژنێکی هێناو پاش ماوەیەك تەڵاقی داو دواتر ژنێکی تری هێناو ئەویشی تەڵاقدا، سێیەمیشی هێناو دواتر تەڵاقیدا، ئینجا ژنی چوارەمی هێنا ویستی تەڵاقی بدات چوو راوێژی بە پیاوێك کرد، پیاوەکە وتی: بۆ خێزانەکەت تەڵاق دەدەیت، ئەویش وتی: ژنان هەموویان خراپن.

لە راستیدا کێشەی ئەم پیاوە لە ژنەکاندا نییە بەڵکو کێشەکە لە خۆیدایە، چوونکە کەسەکە خۆی شیاو نەبووەو ئامادەگی نەبووە لە رووی ژیری و دەروونی و ئاینی و رەوشتییەوە بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

پیاوەتی پیاو لەوەدایە دەست بگرێت بە ژیانی خێزانییەوە و بیپارێزێت و هەڵەکان راست بکاتەوە، وشەی تەڵاق منداڵانیش دەیزانن هەروەك چۆن پیاوان دەیزانن.

پاڵەوانێتی ژن دەست گرتنێتی بەماڵ و مێردەکەیەوە، پاراستنی خانەوادەکەیەتی، لە گەڵ راستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتییەکان، داواکردنی تەڵاق بەبێ پاساوو هۆکاری راستەقینە نەریتی ژنانی سەرەرۆیە، ئەوانەی کوێرانە بڕیار دەدەن.

**٥: نزای لە ناوچوون**

ژنان جاری وا هەیە نزای مردن لە خۆیان دەکەن یان لە مێردەکانیان، رەنگە پیاوانیش وابکەن نزا لە خۆیان یان لە ژنەکانیان بکەن. نزای خراپە لە رووی شەرعەوە حەرام و رێگە پێ نەدراوەو چارەسەری کێشەکان ناکات ئەگەری زۆرە کێشەکان قوڵتر بکاتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە فەرمویەتی:( لا يتَمَنَّيْنَّ أَحَدُكُمُ المَوْتَ لِضرّ أَصَابَهُ، فَإِنْ كانَ لا بُدَّ فاعِلًا فَلْيقُل: اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كانَتِ الحَياة خَيْرًا لِي، وتَوفَّنى إِذا كانَتِ الوفاة خَيرًا لي)[1].

بەواتای: با هیچ کەسێك لەئێوە ئاواتە خوازی مردن نەبێت، بەهۆی ناڕەحەتییەکەوە کەتووشی بووە، ئەگەر هەر ناچاربوو با بڵێت: خوایە بمژێنێت ئەگەر ژیان خێری تێدایە بۆم، بممرێنی ئەگەر مردن خێری تێدایە بۆم. بەم جۆرە مرۆڤ کارەکانی دەسپێرێت بە خوای گەورە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ غەیب و نازانێت تەنها خوای گەورەیە دەیزانێت.

پێغەمبەر خوا ﷺ فەرموویەتی:(لا تَدْعُوا علَى أَنْفُسِكُمْ، ولا تَدْعُوا علَى أَوْلادِكُمْ، ولا تَدْعُوا علَى أَمْوالِكُمْ، لا تُوافِقُوا مِنَ اللهِ سَاعَة يسْأَلُ فِيهَا عَطاء، فَيسْتَجِيب لكُمْ)[2].

بەواتای: دوعای خراپ لەخۆتان مەکەن، دوعای خراپ لە منداڵەکانتان مەکەن، دوعای خراپ لە ماڵ و سامانتان مەکەن. چوونکە نەك بەر ئەو ساتە بکەوێت کەمرۆڤ دوعای بەخششێك دەکات لە خوای گەورەودوعاکەی گیرا دەبێت، ئێوەش دوعا خراپەکەتان گیرا بێت.

### ٦: هەڕەشەکردن بە ژنهێنانی دووەم

لەکاتی کێشەی خێزانیدا پیاو لە بری ئەوەی چارەی کێشەکان بکات هەڕەشە لە خێزانی بکات کەژنی بەسەر دێنێت بەمەش کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن نەك چارەسەر.

---

[1] متفقٌ عليه..
[2] مسلم.

## ٧: لێدان و جنێوو نەفرەت

بەپێی دەقەکانی شەریعەت حەرامە نەفرەت لەکەسێکی دیاری کراو بکەیت بەڵام دەشێت بڵێیت نەفرەت لە بێباوەڕان یان زاڵم وستەمکاران، بەڵام ناشێت و حەرامە بڵێیت نەفرەت لە فلانی کوڕی فلان، یان ژن نەفرەت لە مێردەکەی بکات یان پیاو نەفرەت لە ژنەکەی بکات، چوونکە نەفرەت بەواتای دەرکردن لەسۆزو رەحمەتی خوای گەورە، چۆن دەشێت نەفرەت لەیەك بکەن و داوای چارەسەری کێشەکان بکەن.

ئەنەسی کوڕی مالیك خوای لێرازیبێت دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ (لَمْ يكُنِ سَبَّابًا، ولا فَحَّاشًا، ولا لعَّانًا كَانَ يَقُولُ لِأَحَدِنَا عِنْدَ الْمَعْتِبَةِ: «مَا لَهُ تَرِبَ جَبِينُهُ)[١] . بەواتای: پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێك نەبوو جنێو بدات یان قسەی ناشیرین بکات و یان نەفرەت بکات چوونکە خاوەنی رەوشت و بەهایەکی بەرزو گەورەبووە، لەکاتی کارێکی ناشیرین ئەگەر سەرزەنشتی بکردینایە دەیوت:نێوچەوانت بچێ بەخۆڵا.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (سِبَابُ المُسْلِمِ فُسُوقٌ، وقِتَالُهُ كُفْرٌ)[٢].

بەواتای: جنێودان و سووکایەتی کردن بە مسوڵمان و باس کردنی ناموسی بە شێوەیەك لەکەداری بکات کارێکی خراپ و لادانە واتە دەرچوونە لە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بەئەنجامدانی ئەوانەی رێگری لێکراوە. شەڕکردن لەگەڵیدا کوفرە، مەبەست لە کوفر لێرەدا بە مانای دەرچوون لە ئیسلام نایەت، پێی دەوترێت کوفر وەك هەڕەشەو وریا کردنەوەیەك بۆ ئەوانەی دەیبیستن تا شەڕ نەکەن لەگەڵ

---

[١] أخرجه البخاري عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضي اللّٰه عَنْه.

[٢] متفق عليه.

مسوڵماندا، یـان بەمانـای شـەڕکردن لەگەڵ مسـوڵمان کـاری کـافرو بـێ باوەڕانە.

هەر لەم سۆنگەوە ڕێزگرتنی کەسووکار گەورەیە، ناکرێت وتـاوانە ژن و مێرد جنێوو سووکایەتی بە دایك و باوك و کەسوکاری یەکتری بدەن.

سەبارەت بە لێدان لە لاپەڕەکانی پێشـوودا باسـمان کـردووە پێویسـت بە دوبارە کردنەوە ناکات.

## بنەمای چوارەم: گفتوگۆکردن

دەخوازێـت هاوسـەران بە گیـانێکی وەرزشـییەوە مـامەڵە لەگەڵ کێشـەو جیـاوازییە کانـدا بـکەن و لەگرفـت و قەیرانەکـان هەڵـنەیەن و خۆیـان نەدزنەوە، چونکە دەبێتە مـایەی ئـاڵۆزبوون و قووڵبـونەوەی کێشـەکان و دەرەنجامی خراپی لێ فەراهەم دێت .

بەڵام ئـەگەر هاوسـەران تەندرووسـتانە مامەڵەیـان کـرد ئەوا دەتـوانن کێشەکان دیاری بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو ڕووبەڕوی هەر کێشـەیەکی تـر ببـنەوە، بـێ ئەوەی هـیچ کەلێنێـك لە پەیوەنـدی نێوانیاندا ڕوبدات، بە ئەندازەیەك بـاش ڕادێن لەسـەر ڕووبەڕوبـونەوەی قەیران و کێشەی خێزانی.

هەروەهـا دەکرێـت هەر لەسـەرتاوە بە گفتوگۆچارەسـەری زۆرێـك لە کێشەکان بکرێـت، بەڵام فەرامۆشـکردنیان وادەکـات چارەسـەر کـارێکی گران و ئەستەم بێت

پێویستە گفتوگۆکـان بەهێمنـی و لەسـەرخۆیی بەڕێوەبچێـت و خـاڵی بـن لەوشـەی زبـر و برینـدارکەرو ڕوشـانی کەسـایەتی بەرامـبەر، چـونکە

بریندارکردنی بەرامبەر ئاسانە بەڵام دڵهێنانەوەو چارەسەرەکەی ئاڵۆز وگرانە.

جیاوازی و کێشەکان پێویستییان بە بەڕێوەبردنێکی چاك و هوشیارانە هەیە تا بە باشی چارەسەری کێشەکان بکرێت، گرنگە بە وردی کێشەکان و جیاوازییەکان دیاری بکرێن، هۆکارو پاڵنەری راستەقینەی کێشەکان چین دیاری بکرێن تا لە ئایندەدا دوبارە نەبنەوە.

گفتوگۆ کردن رێگا راستەکەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام دەخوازێت رەچاوی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە بکرێت:

١- پێکەوە بە تەنها گفتوگۆ بکەن دوور لە چاوی منداڵ و کەسوکارو خەڵکی تر.
٢- دوور لە توڕەیی چوونکە تووڕەیی کارەکان زیاتر دەشێوێنێت و مرۆڤ بەتووڕەیی ژیری و هوشیاری و شێوازی گفتوگۆکردنی باش لەدەست دەدات.

لەفەرموودەیەکدا هاتووە:(أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ(ﷺ): أَوْصِنِي، قَالَ: لَا تَغْضَبْ فَرَدَّدَ مِرَارًا، قَالَ: لَا تَغْضَبْ)[١].

بەواتای: پیاوێك بە پێغەمبەری خوای ﷺ وت: ئامۆژگاریم بکە، پێی فەرموو توڕە مەبە، چەند جارێك پیاوەکە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە ئەویش پێی دەوت توڕەمەبە.

تووڕە بوون لە پێکهاتەی مرۆڤدا هەیە، دەخوازێت خۆی لە هۆکارەکانی توڕە بوون بپارێزێت خۆی نەخاتە نێو ئەو باس و خواسانەی توڕەی دەکەن، چوونکە توڕەبوون مەیل و حەزێکی شەیتانی شەڕەنگێزانەیە.

---

١ البخاري.

پیاوان و ژنان لەکاتی توڕەییدا زۆر قسەی نەشیاوو هەڵسووکەوتی ساویلکانە دەکەن و دواتر لێی پەشیمان دەبنەوەو هەندێ جار پیاوی وا هەیە لە حاڵەتی تووڕەییدا ژنەکەی تەڵاق دەدات کە هێمن دەبێتەوە ئینجا دەزانێت چی کارێکی خراپی کردووەو بە دوای چارەسەرو چاککردنی تەڵاقەکەیدا دەگەڕێت .

## چۆن بتوانیت بەسەر توڕەییدا زاڵ بیت؟

لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێك دەدەین بۆ زاڵ بوون بەسەر توڕەییدا:

١- پەناگرتن بەخوای گەورە: أعوذ بالله من الشیطان الرجیم)، هەروەك خوای گەرە فەرموویەتی : ( وَإِمَّايَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)[1].

بەواتای: هەر کاتێکیش لە شەیتانەوە وەسوەسەیەکت بەدڵا هات و، هەڵی نایت بۆکردنی کارێکی ناشەرعیی و حەرام تۆش پەنا هەر بەخوا بەرە، چوونکە بەڕاستیی ئەو زۆربیسەرو، زۆر زانایە بەگوتارو رەفتاری مرۆڤ.

بۆیە دەخوازێت لەحاڵەتی توڕەییدا مرۆڤ پەنا بگرێت بە خوا لەشەیتانی نەفرەت لێکراو.

٢- باری خۆی بگۆڕێت، ئەگەر هاتوچۆی دەکرد باڕاوەستێت، ئەگەر بەپێوە وەستابوو با دانیشێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە توڕەیی فەرموویەتی:إذا غضبَ أحدُكم وهو قائمٌ فليجلسْ، فإن ذهبَ عنه الغضبُ وإلاَّ فليضطجِعْ)[2].

---

[1] الأعراف ٢٠٠.

[2] أخرجه أبو داود، وأحمد، وصححه الأباني، في صحيح أبي داود.

ئەم فەرموودەیە فێرمان دەكـات چـۆن بەسـەر توڕییـدا زاڵ بـین، ئەوەتـا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر كەسێكتان تـوڕە بـوون و بە پێوەبـوون دانیشـن تـا ئـارام ببـنەوە، ئەگەر بە دانیشـتن تـوڕەییەكەی نەڕۆشت با پاڵ بداتەوە لەسـەرلا، یـان لەسـەر پشـت، تـا تـوڕەییەكەی دەڕوات. مـرۆڤ ئەگەر بەپێـوە بێـت ئامـادەیی زیـاترە بـۆ توڕەبـوون و هەڵچـوون، ئەگەر دانیشـێت ئەنـدازەی تـوڕەیی و هەڵچـوونی كەم دەبێـتەوەو جـووڵە كەمتـر دەبێـتەوە، ئەگەر پـاڵكەوت و راكشـا ئەوا ئەندازەی توڕەیی و هەڵچوونی زیاتر كەم دەكات .

## ٣-بێدەنگی

لەكاتی توڕەییدا هەوڵبدە بـێ دەنگـی هەڵبژێریـت تـا لە دواییدا پەشـیمان نەبیتەوە، چوونكە پەشیمانی دادت نادات. خۆت رابهێنە لەسەر بێدەنگی هەروەك راهێنـان دەكەیـت بـۆ گفتوگـۆكردن، هەر لەم سـۆنگەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إذا غَضِبَ أحدُكم فلْيسكتْ)[١]. واتـە: ئەگەر كەسێكتان لەكاتی قسەكردندا توڕەبوو، با بێدەنگ بێت هەتا هێمن دەبێتەوە.

بێـدەنگبوون دەرمـانێكی باشـی توڕەییـە، چونكـە كەسـی تـوڕە ڕەنگـە قسـەیەك بكـات لـەكاروباری دیـن و ژیـنـدا مایـەی قبـوڵ نـەبێت و كەتوڕەییەكەی لاچوو لێی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بێ دەنگ بوو ئەوا لەو شەڕو خراپەیە پارێزراو دەبێت.

كەسی توڕە هاوسەنگی و هەستی لەدەست دەدات و وشەو دەستەواژەی ناشیرین و ناڕەوا بەدەمیـا دێـت، جـاری وا هەیە وشـەكە كـوفرو لادانە،

---

[١] أخرجه أحمد (٢١٣٦)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٩٣).

یان نەفرەتە، یان وشەی تەڵاقی بەدەمدا دێت و ماڵی خۆی وێران دەکات یان جنێوی سووك و ناشیرین دەدات و دەبێتە مایەی شەڕو ئـاژاوەو رق و قینە، بـۆیە بێـدەنگی باشـترین چارەسـەرە بـۆ روونەدانـی هەمـوو ئەو شتانە.

لەم رووەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( مَـن كَظَـمَ غيظًـا وهـو قادرٌ على أن يَنْفِذَه دعاه اللهُ عزَّ وجلَّ علـى رؤوسِ الخلائـقِ يـومَ القيامـةِ حتى يُخَيِّرُه اللهُ مِن الحُورِ ما شاءَ )[1]. خوای گەورە ستایشـی ئەو کەسـانە دەکات کەڕق و قینەیان دەخۆنەوە، و لەخەڵکی دەبوورن، تاوای لێ دێت خەڵکــی بەهــۆی چاکەکانیــانەوە خۆشــیان بوێــت، لە فەرمــوودەکەدا پێغەمــبەری خــوا ﷺ فەزڵ و چــاکەی قوتــدان وخــواردنەوەی رق و قینمان بۆ روون دەکاتەوە، بەوەی هەرکەسێك تـوڕەییەکەی بخـواتەوە و خـۆی بگرێـت و دەری نەبڕێـت ، لەکاتێکـدا دەتوانێـت دەری ببڕێـت و بەرگـری لەخـۆی بکـات و تـوڕەییەکەی جێبەجـێ بکـات، ئـەوا خـوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا بانگی دەکات بەبەر چـاوی هەمـوو خەڵـکەوە، خـوای گەورە شـانازی پێـوە دەکـات، کەئەم کەسـە خـاوەنی سـیفاتێکی گەورەیە، چوونکە زاڵ بـووە بەسـەر دەروونـی خۆیـدا، تـاڵی ئـارامی و خۆگری چەشـتووە لە پێنـاوی خـوای گەورەدا، تـا ئەوەی خـوای گەورە دەیخـاتە بەهەشـتەوەو سەرپشـکی دەکـات بەحەزی خـۆی لەهەڵبژاردنـی ئافرەتانی بەهەشت، ئەمەش پـێگەو ئاسـتێکە مەگەر خـوا بیزانێـت چەنـد گەورەیە .

---

[1] أخرجه أبو داود (٤٧٧٧)، والترمذي (٢٤٩٣)، وابـن ماجـه (٤١٨٦)، وأحمـد (١٥٦٣٧) بـاختلاف يسير، وحسنه الألباني في صحيح أبي داود (٤٧٧٧).

## ٣- باسی کێشەکانی رابردوو مەکە

لەکاتی گفتوگۆی خێزانیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان هەردوولا نابێت دۆسیەو کێشەکانی رابردووە هەڵدەنەوە، چوونکە تێکگیران درووست دەبێت ناگەن بەئەنجام. ئەوەتا پێغەمبەری سەروەرمانﷺ فەرموویەتی:( قالَ مَهلًا يا عائشةُ لا تُحصي فيُحصيَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ عليكِ)[١].

بەواتای: ئەی عائیشە ئارام و لەسەر خۆبە و نەرم بە لەکارەکەتدا، ئەوەی دەیکەیت بەخێرو سەدەقە مەیژمێرەو حیسابی مەکە، چوونکە خوای گەورە لێت دەگرێتەوە یان کەمی دەکاتەوە، بەواتای بترسی لە خێرو سەدەقە کردن لە ترسی نەمانی ئەو ماڵ و نیعمەتەی کەخوای گەورە پێیداوی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرەکەت لەماڵەکەت نەمێنێت، چوونکە خوای گەورە پاداشتی بی ئەندازەت دەداتەوە لەسەر بەخشینەکانت. ئەوەی لەکاتی بەخشیندا نەیژمێری و دڵ فراوان بێت، ئەوا خوای گەورەش پاداشتی بێ شوماری دەداتەوە.

هەرچەند فەرموودەکە لە بواری خێرو چاکەکردندا هاتووە، بەڵام لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا دەکرێت کاری پێ بکەین بە تایبەت لە پرسی خێزانیدا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:( وإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍۖ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَٰذَاۖ قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ)[٢]. بەواتای: کاتێك کە پەیامبەر(ﷺ) قسەیەکی نهێنی لای

[١] حسنه الألباني في صحيح النسائي (٢٥٤٨).
[٢] التحريم ٣.

هەندێ لە ژنەکانی (واتە: لای خـاتوو حەفصـە) درکانـدوو پێیگـوت: وا لەبەر تۆ (هەنگوین)م لە خۆم یاسـاغکرد، دەسا تـۆش بـڵاوی مەکەوە!، جا کە خـاتوو (حەفصـە) هەواڵەکەی گەیانـدە خـاتوو عائیشـە و خـوایش پێغەمـبەری لـێ ئاگـار کـردەوەو تێیگەیانـد کە: (حەفصـە) نهێنییەکەتـی باسکردووە، پێغەمبەر(ﷺ)هەندێکی بۆ خـاتوو (حەفصـە) باسـکردو، ڕووی لە هەندێکی وەرگێڕاو باسـی نەکـردو خـۆی لـێ بـێ ئاگـا کـردو نەیدایەوە بەڕوویدا، چونکە پیـاوە هەڵکەوتووەکـان زۆرجـار لە هەنـدێ شت خۆیان بێ ئاگا دەکەن و ڕوو شـکێنی نـاکەن، عەرەب چەنـد جـوان دەڵێن: (مَازَالَ التَغَافُلُ منْ شِيَمِ الكِرَامِ) واتە: خۆ بێ ئاگاکردن لەڕەفتـارو گوفتاری بەرامبەر، لەڕەوشـت بەرزی پیـاوە بەرێـزو گەورەکـانە، یـان دەڵێن: (ماستَقْصَى كَرِيْمٌ قَطُّ) واتە: هەرگیز پیـاوی شـەرەفمەند بە دوای هەموو شتێکدا ناچیت! ئینجا کە (حەفصە)ی لێ تێگەیانـدو پێیگـوت: تـۆ قسەی منت بردۆتە دەرێ، بەسـەر سـوڕمانێکەوە گـوتی: باشـە کـێ ئەم هەواڵەی پێگەیانـــدیت؟! پێـــی وابـــوو خـــاتوو عائیشـــە بـــووە! ، پەیـامبەر(ﷺ) فەرمـووی: پەروەردگـاری زانـای بە ئاگـا لە تەواوی نهێنییەکان ئاگاداری کردووم.

دەگێڕنەوە پیاوێك لە ڕۆژی یەکەمی زەماوەندی کوڕەکەیدا دەچێتە مـاڵی کوڕەکەی و پێـی دەڵـێ کـوڕم کـاغەزێکی سپی و قەڵەمێکـی ڕەسـاس و لاستیکێکی خەت کوژێنەوەم بۆ بێنە، کوڕەکە تەماشایەکی باوکی دەکـات و پێـی دەڵێـت لەکـوێ بەم بەیـانییە قەڵەم ڕەسـاس و لاسـتیکت بـۆ بێـنم، باوکەکە دەڵێ پێویستە بۆم بێنیت، کوڕەکە دەڵێت لەماڵەوە نیمانە.

کێ بیر لەوە دەکـاتەوە لەگەڵ پێداویسـتی بووکدا ئەم داخـوازی و شـتانە بهێنێـت. کـوڕەکە دەچێـتە مارکێـت و دەیکڕێـت، بـاوکەکە بەکـوڕەکەی دەڵێت لەسەر ئەو کاغەزە بەئارەزووی خـۆت بنووسـە، کـوڕەکە دەڵێـت

رستەیەکم نووسی باوکی پێی دەڵێت: ئەوەی نووسیوتە بیسڕەوە، کورەکە دەڵێت سڕیمەوە، دواتر پێی دەڵێت رستەیەکی تر بنووسە، کوڕەکە رستەیەکی تری نووسی، و بە باوکی وت باوکە گیان پێم بڵێ چیت دەوێت ؟! باوکەکە وتی: ئەوەی نووسیوتە بیسڕەوە کوڕەکە وتی سڕیمەوە جارێکی تر باوکم پێی وتم بنووسە پێم وت: باوکە گیان پێم بڵێ چیت دەوێت؟!

باوکەکە وتی: کوڕەکەم، هاوسەرگیری پێویستی بەلاستیکی خەت کوژێنەوە هەیە، بۆکوژانەوەی هەڵەکانی خێزانت، ئەگەر کوژانتەوە ئەوا سۆزو خۆشەویستی لە نێوانتاندا بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگەر هەمووشتەکانی خێزانت تۆمارکردوو نەتسڕییەوە، ئەوا پەڕاوی ژیان بەخێرایی رەش دەبێت.

بزانە بەچی سیفات و شێوازێك مامەڵە دەکەیت لەگەڵ خەڵکیدا، خوای گەورە بەهەمان تەرز مامەڵەت لەگەڵدا دەکات، ئەگەر لێبووردە بیت بەرامبەر بەندەکانی خوا، خوای گەورە لێت دەبوورێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( ... اللَّهُمَّ مَن وَلِيَ مِن أَمْرِ أُمَّتي شيئًا فَشَقَّ عليهم، فَاشْقُقْ عليه، وَمَن وَلِيَ مِن أَمْرِ أُمَّتي شيئًا فَرَفَقَ بهِمْ، فَارْفُقْ بِهِ)[1]. بەواتای: خوایە هەرکەسێك بەرپرس بێت لە کاروباری ئومەتەکەم، توند بوو لەگەڵ خەڵکەکەدا، خوایە تۆش توندبە لەسەری، وەهەرکەسێك بەرپرسیارییەتێکی هەبوو بەسەر ئومەتەکەمەوە نەرم بوو لەگەڵیان، خوایە تۆش نەرم بە لەگەڵیدا. نەرمونیانی بریتییە لەوەی بەپێی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بەڕێوەیان بەری بەڵام نزیکترین

---

[1] أخرجه مسلم مطولا عن عائشة رضي الله عنها، الصفحة أو الرقم (١٨٢٨).

ڕێگا بگریتە بەرو ئەو ڕێگایەی بۆ خەڵکی باشە، توند مەبە لەگەڵیان لە شتێکدا فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی لەسەر نییە.

٤-لەکاتی گفتوگۆی خێزانیدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بوار بدە باژنەکەت قسە بکات و تۆش بە جوانی گوێی لێ بگرە، هەندێ کەس لە کاتی گفتوگۆدا بوار بەلایەنی بەرامبەر نادەن قسەکانی خۆیان بکەن و پێی دەبڕن، ئەمەش خوو نەریتێکی خراپە.

**بنەمای پێنجەم: کات زامنە بۆ چارەسەری هەندێ لە کێشەکان .**

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانرێت مەرج نییە کێشەکان یەکسەر چارەسەربن، بەڵکو پێشنیازی چارەسەری گونجاوی بۆ دابنرێت، تا لەداهاتووی نزیك یان دوور چارەسەر بکرێن، دەشێت یەکێك لەهاوسەرەکان راو بۆچوونیان بگۆڕێت، پێوستە چاوەڕوان بین تا کات رۆڵی خۆی ببینێت.

خوای گەورە ئاسمانەکان و زەمینی لەماوەی شەش رۆژدا درووستکردووە دەیتوانی بە ( کن فیکون- ببە ببێت) درووستی بکات. خوای گەورە پێغەمبەرەکەی دوای سێزدە ساڵ لەپێغەمبەرایەتی سەرخست دەیتوانی هەر لەیەکەم چرکە ساتەوە سەرکەوتووی بکات.

هەربۆیە کات گرنگە بۆچارەسەری کێشەکان، ناکرێت بوترێت دەبێت هەموو کێشەکان لەم دانیشتنەدا چارەسەر بێت یان لێك جیا دەبینەوە، ئەگەر کێشەکان نیوەی یان چارەکێکی چارەسەر بوو، دەبێت قبوڵمان بێت و دواتر ئەوانی کەش چارەی بۆ بدۆزینەوە.

ئەوەتا خوای لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (فَإِنْ لَمْ يُصِبْهَا وابِلٌ فَطلٌّ)[1].

[1] البقرة ٢٦٥.

بەواتای: خۆ ئەگەر بارانی لێزمەو دڵۆپەگەورەش لێینەدا، نمە بـارانێکی وردو سووك و شەونم تێراوی کا.

بەواتــای: ئەگەر زەوی بــارانی بەلێــزمە نەیگــرتەوە نەرمە بــارانیش هەرچـاکە. ناکرێـت بڵێـین یـان دەبێـت بـارانی زۆر ببارێـت یـان هەر نەبارێت.

پێویستە هاوسەرەکان لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەدا بژاردەی قورس و گران دانەنێن و بەرامبەری پـێ ناچـار بـکەن، بەڵکـو بەدوای بـژاردەو چارەسەری مام ناوەندا بگەڕێن.

**بنەمای شەشەم: خۆ گونجاندن لەگەڵ کێشەدا**

سرووشـتی ژیـان وایە هەنـدێ جـار دەبینیـت دەروازەکـان داخـراون و چارەســەرکردن ئەســتەمە، مــرۆڤ دەبێـت خـۆی رابێنێـت و دەسـت وپەنجەی نـەرم بکـات لەگەڵ کێشـەکەدا، چوونکـە پاداشـت وەردەگرێـت لەسەر ئارام گرییەکەی.

هەندێ نەخۆشی هەیە چارەسەری ریشەیی نییە، وەك نەخۆشـی شـەکرە دەبینیت نەخۆش پارێز دەکـات و خـۆی رادێنێـت و ژیـان دەگوزەرێنێـت لەگەڵ دۆخەکەدا .

ئەگەر ژن یان  پیاو زانـی هەڵسووکەوت ورەفتـارێکی بەرامبەرەکەی بەدڵ نییەو بەلایەوە خراپە، و چـی دەکـات ناتوانێـت پێـی بگۆڕێـت، لەم کـاتەدا دەخوازێـت خـۆی رابێنــی لەگەڵ واقـیعەکەداو لە خـۆی گـران نەکـات، بەمەرجێـك کـارەکە کـوفر یـان حەرام نەبێـت، بەمەش خـوای گەورە پاداشتی دەداتەوە.

بەڵام بزانە ناکرێت نزاو پاڕانەوەت لە بیر بچێت، بەشەوو بەڕۆژ، خوای گەورە دەرووت لێ دەکاتەوە بەشێوەیەك بزانیت یان نەزانیت.

**حەوتەم: راوێژ بەکەسی متمانە دار بکە**

راوێژ بەکەسانێك بکە متمانەت بە دین و رەوشت وئاستی زانستی و شارەزایی و ئەزموونی هەبێت لە بواری خێزانیدا، چاك وایە ئەوانەی راوێژیان پێ دەکەیت لە کێشەی خێزانیدا خزمی نزیك نەبن چوونکە خزمە نزیکەکان بە عاتیفە بڕیار دەدەن .

بۆیە دەخوازێت ژن و پیاو کێشەکانیان گەر بەخۆیان چارەسەر نەکراو گەشتنە بن بەست، ئەوکات راوێژ بەکەسانی شارەزا بکەن دوور لەبازنەی خێزانی، بەڵام کەسوکار ئەگەر پسپۆڕو شارەزا بوون دەکرێت سوودیان لێ وەرگیرێت.

## بەشی بیست و چوار

## ئایا پێویستیمان بە رابەری خێزانی هەیە؟

- مرۆڤەکان بەسرووشتی خۆیان پێویستییان بە ڕێنیشاندان و رێنمـایی و ئاراستەکردن هەیە لەکاروباری تایبەتی و گشتییاندا، بەهۆی ئەو هەموو فشارە دەروونی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی ڕوو بـەڕووی دەبنـەوە، بۆیـە پێویسـتییان بەکەسـانێك هەیـە رێنماییـان بکـات و بـەرەو چاکترو باشتر ئاراستەیان بکات.

- لەگـەڵ زۆربـوونی کێشـە خێزانـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا، پێویسـتی بـە رابەری خێزانی کارێکی پێویست و خـوازراوە لـە پێنـاو پێشکەشکردنی راوێژو چارەسـەرەکان، تـا خێزانـەکان بتـوانن چارەسـەری کێشـەکانیان بکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ نێـو ژینگـەی ئـارامی وپێکـەوە ژیـانی خێزانـی کەکێشەو گرفتەکان شێواندوویانە.

- رابەری خێزانی بایەخ بـەخێزان وپەیوەنـدی نێـوان ئەنـدامانی خێـزان دەدات لەگـەڵ یەکتریـدا، ئامـانج لێـی بـەدیهێنانی ئـارامی و پاڵپشـتی و یارمەتیدانی قەوارەی خێزانە بەهەموو ئەندامەکانیەوە، وە ڕۆڵی گرنـگ و چـەق دەگێڕێـت لەخزمـەتی خێـزان و چارەسـەرکردنی کێشـەکاندا، چونکە ماڵ نییە دیدو بۆچوونی جیاوازی تێدا نەبێت و سەرنەکێشێت بـۆ کێشـەو گرفـت و جیـاوازی، هەنـدێك لەکێشـەکان خێزانـەکان خۆیـان دەتوانن چارەسەری بکەن و تێیپەڕێنن، بەڵام بەشێك لە کێشەکان ئاڵۆزن و خێزانەکان لەئاستیدا دەستەوسـانن پێویسـتییان بەیارمەتیـدانی کەسـانی ترهەیـە، لێـرەوە ڕۆڵ و کاریگـەری رابـەری خێزانـی دەردەکـەوێت کەهـەوڵ دەدات چارەسـەری کێشـە خێزانییـەکان بکـات بەڕێگایـەکی زانسـتی و پیشـەیی، هـەروەها یارمـەتی خێزانـەکان دەدات تـا بـەجوانی

لەژیانی خێزانی تێبگەن وئەرك وبەرپرسیارێتی خێزانی لەئەستۆ بگرن و بەباشی پێکەوە بگونجێن.

زۆرێك لەکێشەکان کەڕوو دەدەن دەرەنجامی نەبوونی هوشیاری خێزانی و نزمی ئاستی گفتوگۆکردنی ئامانجدارو نەبوونی مامەڵەی خێزانی درووستە لەنێوان تاکەکانی خێزاندا، هەروەها دەستێوەردانی نەرێنی کەس وکاری ژن و مێرد لەژیانی خێزاندا کێشەکان زیاتر ئاڵۆزو چەقبەستووتر دەکەن، ئەمەش نیشانەی لاوازی خێزان و شپرزی و ناکاملی پێکهاتەکانێتی.

رابەری خێزانی پەناگەیەکی ئارامە بۆخێزان لەهەر هەڵوەشانەوەیەك و قەڵغانێکە دژی هەر کێشەیەك وتیمارو دەرمانی کێشەکانە.

رابەری خێزانی بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتییە تاکەکانی خێزان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەزگا کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکانی هەڵی دەگرێت، بۆ بەدیهێنانی هەموو خواستەکانی تاکەکانی خێزان بەبێ پەراوێزکردنی هیچ ئەندامێکی، ئەمەش وا دەکات خێزان تۆکمەو بەهێزو یەکگرتووبێت و خۆشەویستی و تەبایی باڵی بەسەردابکێشێت.

لەم قۆناغەدا خێزانەکان زیاتر لەجاران تووشی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبن، بۆیە رابەری خێزانی و ئاراستەکردن و رێنمایی خێزانی بەگرنگ دێتە ئەژماردن لەسایەی ئەم روداوە خێرایانەدا.

لەم سەردەمەدا فشارەکان بەجۆرێکن مەترسی هەیە بەها خێزانییەکان کەڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، لاوازبێت وهەڵتەکێت وببێتە هۆی زۆر بوونی ململانێی دەروونی لەنێوان ئەندامانی خێزان و ببێتە هۆی زۆربوونی دڵەڕاوکێ و ئالۆزی لەنێوان ئەندامانی خێزاندا.

## چەمکی رابەری خێزانی:

چەمکی رابەری خێزانی پرۆسەیەکە یارمەتی تاکەکانی خێزان دەدات تا لەژیانی خێزانی و بەرپرسیارێتییەکان بەدرووستی تێ بگەن و بەمەستی گەیشتن بەئارامی و گونجاندنی خێزانی و چارەسەری کێشە خێزانییەکان.

## ئامانجەکانی رابەری خێزانی:

**یەکەم: ئامانجی خۆپاراستن و بنیاتنان:** کەخۆی لەبڵاو کردنەوەی هوشیاری خێزانیدا دەبینێتەوە سەبارەت بەخێزانی تەندرووست و ئاسوودەو سەرکەوتوو، هەروەها بوونی پەیوەندی خێزانی، گفتوگۆی خێزانی بنیاتنەر، پلانی خێزانی، و تەبایی و خۆشەویستی وڕێزگرتنی هاوبەش.

**دووەم: ئامانجی چارەسەرکردن:** دەست نیشانکردنی کێشە خێزانییەکان و دیراسەکردنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری رابەری خێزانی راستەوخۆ بۆ تاکەکانی خێزان و هەوڵدان بۆچارەسەری کێشەی نێوان ئەندامانی خێزان بەشێوازێکی زانستی و بابەتی و پیشەییانە بەمەستی گەڕانەوەی تەبایی و تۆکمەیی و ئارامی بۆ خێزان.

لەروانگەی ئەو دوو ئامانجە سەرەکییەی سەرەوە کارو رۆڵی رابەری خێزانی دەخەینە روو کە بریتیین لە:

١- بەدیهێنانی سۆزو خۆشەویستی و پەیوەندی خێزانی.

٢- فەراهەمکردنی کەشێکی خێزانی تەندرووست و بێ گرێ و گۆڵە بۆگەشەکردن و پەروەردەکردن.

٣- زانینی خاڵی بەهێزو لاوازی هەریەکە لەئەندامانی خێزان.

٤- هوشیارکردنەوە سەبارەت بەئەرك و مافە خێزانییەکان.

٥- چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان.

٦- کەمکردنەوەی رێژەی جیابوونەوەو جیبەجێکردنی تەڵاقی بێ گرفت.

٧- بڵاوکردنەوەی چەمکی خێزانی ئەرێنی و درووست.

٨- بەدیهێنانی ئاسوودەیی و ئارامی خێزانی و دواتر ئاسوودەیی کۆمەڵگە.

٩- هوشیارکردنەوەی ئەوانەی دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن ورووونکردنەوەی ئەرك و مافە خێزانییەکان.

١٠- بڵاوکردنەوەی چەمکی رۆشنبیری خێزانی ئەرێنی و درووست لەژێر رۆشنایی و رێنمایی و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامدا.

١١- ئامادەسازی بۆ فەراهەمکردنی کەشی خێزانی گونجاوو درووست بۆ پەروەردەکردنی منداڵی چاك وساڵح.

١٢- گەڕان بەدوای هۆکاری جیاوازییەکان و ململانێ خێزانییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

**سیفاتی کەسی راوێژکاری خێزانی:**

١- پاراستنی نهێنییەکان مەگەر بەرەزامەندی لایەنی پەیوەندیداربێت.

٢- دڵسۆزی و راستگۆیی.

٣- رێزگرتن لەهەموو کەسەکان و نەکردنی جیاکاری.

٤- رەچاوکردنی پسپۆڕی.

٥- پێشەنگ بوون لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٦- کەسێکی کراوە بێت و قبوڵی ئەوانی تر بکات.

٧- حەزی لەبواری راوێژکاری هەبێت.

٨- خێزاندار بێت.

ئەمڕۆ پرسی رابەری خێزانی لەچەندین وڵاتدا بەدامەزراوە کراوەو لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە بایەخی تایبەتی پێدەرێت و یاساو رێنمایی تایبەتی بۆ دەرکراوە، چەندین دەزگاو رێکخراوی مەدەنی و کەسانی شارەزا کاری تێدا دەکەن، بەمەبەستی چارەسەرکردن و سنووردارکردنی کێشە خێزانییەکان، و کەمکردنەوەی رێژەی جیابوونەوە، و بەدیهێنانی ئارامی و ئاسایشی خێزانی و کۆمەڵگە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا لەم بوارەدا کاری پێویست نەکراوە.

بۆیە دەخوازێت هاوسەرەکان گەرخۆیان نەیانتوانی چارەسەری کێشە خێزانییەکان بکەن و گەشتنە بنبەست باسەردانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بکەن لەبواری راوێژکاری خێزانیدا تا هاوکارییان بکات لەدۆزینەوەی چارەسەری گونجاوو رێنماییکردنیان، هەڵەیە کێشەکانیان ببەنە لای دایك و باوك و خوشك وبراو خزمان کاتێك ئەمانە بەسۆزداری و لایەنداری بڕیار دەدەن، زۆرجار کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن مەگەر ئەم کەسانە راوێژکاری خێزانی بن و شارەزاییان هەبێت لەم بوارەدا.

# بەشی بیست و پێنج

## کاریگەری نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان

### یەکەم: لاوازی پەیوەندییە خێزانییەکان

بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییە خێزانییەکان تووشی لاوازی و ئاڵۆزی بۆتەوەو سیمای تاك گەرایی و خۆویستی زاڵ بووە لەنێو کەسەکان، و پەیوەندی و کاریگەری لە نێوان تاکەکانی خێزاندا بەرەو کەمی ڕۆشتووە بەتایبەت لە نێوان هاوسەران و پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایبابدا، سەرەڕای ئەوەی ئەم تۆڕانە بیرۆکەی ڕووخێنەر پەخش دەکەن کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەررەفتاری تاك دەکات لە خێزاندا.

### دووەم: هاوسەران گفتوگۆی خێزانی ئەنجام نادەن

هەریەك لە هاوسەران بەهۆی خەریك بوونیانەوە بە مۆبایل و چونە نێو دەریای بێ پایانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، کارە سەرەکییەکانیان فەرامۆش کردووەو کاتیان نەماوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو چارەسەری کێشەکانی خێزان و منداڵ ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی خێزان و هەڵوەشانەوەی .

### سێیەم: کێشەی ئابوری و ڕەچاونەکردنی دۆخی دارایی خێزانەکان

ئەندامانی خێزان بەهۆی گەڕانیان لە تۆڕەکاندا و بینینی ڕیکلامی جۆراو جۆر بۆ شمەك و کاڵاکان، ئارەزووی بەکارهێنانیان زیاد دەکات بێ ڕەچاوکردنی تواناو باری دارایی خێزان، ئەمەش بوجەی خێزانی شەکەت دەکات و دواتر کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە .

## چوارەم: ناپاکی خێزانی

لەگەڵ گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا زاراوەی ناپاکی ژمارەیی هاتە ئاراوە، هەڵسووکەوت و رەفتاری نەشیاوی وا هاتە ئاراوە کەنامۆن بە ئایین و رەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، چوونکە کەسەکان بەئاسانی و بێ کۆسپ و لەمپەرو سانسۆر لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکەوە بەرەهایی گفتو گۆ دەکەن.

ناپاکی خێزانی لەم سەردەمەدا زۆر ئاسانە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، چوونکە لە میانەی بەکارهێنانی تۆڕەکانەوە پەیوەندی ناشەرعی دروست دەبێت و لە دەرەنجامی گفتوگۆو گۆڕینەوەی نامەو وێنەو دیدارو بەیەك گەیشتن.... تاد.

دواجار کێشەو کارەساتی لێدەکەوێتەوەو کۆتایی بە ژیانی هاوسەرگیری دێت. ناپاکی ئەلیکترۆنی دەرەنجامی نەبوونی چاودێرییە لەلایەن خێزانەکان و کۆمەڵگاوە، هەروەها لاوازی پەروەردەی ئایینی و ئالوودەبون و مانەوە بۆماوەیەکی زۆر لەسەر ئینتەرنێت، ئەم کێشانەش هەردوو رەگەز دەگرێتەوە .

## پێنجەم: کاریگەری لەسەر رێژەی جیابوونەوەی خێزانی

خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کێشەی خێزانی نێوان ژن و مێردی زیاد کردووە، و بۆتە هۆکاری جیابونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزانەکان، و زۆر جار ژنەکە پەنا بۆ دادگا دەبات و داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بەرز دەکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە مێردەکە داوا بەرز دەکاتەوە.

بـۆیە جیـابوونـەوەی ژن و مێـرد بەهۆکـاری تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانەوە لەهەڵکشـاندایەو بـۆتە شـتێکی ئاسـایی و کەیسـی دادگاکـان پـڕن لەشـتی نامۆو سەیروسەمەرە.

زۆر مـانەوە بەلای تۆڕەکـانەوە کەلێنـی زۆری خسـتۆتۆتە نێـوان خێزانەکـانەوەو زۆرێـك لەژنـان هاواریـان لـێ هەسـتاوە بەهـۆی ئـالوودەبونی مێردەکانیـان بە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و فەرامۆشـکردنی ماڵ و خێزان و منداڵ و ئەرکەکانی تری سەرشانیان.

تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بونەتە مایەی مەترسی و بە هەڕەشـەیەکی گەورە لە بەردەم خێزانەکانـدا دێـنە ئەژمـاردن، شـارەزایان و پسـپۆڕان دەڵـێن ئـالوودەبوون بە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و چـاتکردن لەگەڵ کەسـانی تـر دەبێـتە هـۆی لادانـی رەوشـتی و بەرەو ناپـاکی خێزانـی، دواتـر بەرەو جیابونەوە دەڕوات.

بەپێـی تۆێژینەوەکـان تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان فەیسـبوك بە نمـوونە هۆکـاری بەشـێکی زۆری رێـژەی تەڵاقە لە ئاسـتی جیهـان بەعێـڕاق و هەرێمی کوردستانیشەوە.

نامەکانی واتس ئەپ بونەتە مایەیی جیابونەوەی ٤٠٪ ی هاوسـەران لە ئیتاڵیا بە پێی مەزەندەی پارێزەرانی هاوسەران لە ئیتاڵیا .     .

خراپ بەکارهێنـانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان لەلایەن خێزانەکـانەوە بـۆتە مۆتەکە بەسـەرکۆمەڵگادا زەنگێکـی مەترسیدارە لەسـەر مرۆڤـایەتی، و ژیانی خێزانی لەلێـواری هەڵوەشـانەوەو داڕوخانـدایە، لێـرەدا بەکـورتی ئامـاژە بەرێـژەی تەڵاق دەدەیـن لەچەنـد وڵاتێکـی دراوسـێ و جیهانـدا بەهـۆی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانەوە، بـەپێی زانیـاری و داتـای سـاڵانی رابردوو بەڵام بێگومان رێژەکان ئێستا لەهەڵکشانی زیاتردایە:

**١- شانشینی سعودییە**

بەپێـی توێژینەوەکـان دەرکەوتـووە بەهـۆی بەکارهێنـانی نێت لەلایەن هاوســەرەکانەوە ڕێــژەی تەڵاق لەو وڵاتەدا لە بەرز بــوونەوەیەکی مەترسیداردایە، بەپێی توێژینەوەیەك کە دکتۆرە ( الجوهرة بنت فهد ال سعود) بەناونیشـانی ( التـاثير السـلبي للانترنـت علـى مشـاكل النـزاع الأسرى الذي يؤدي الى الطلاق) ئەنجامی داوە، دەرکەوتـووە کەرێـژەی تەڵاق بە هۆی نێتەوە لە هەڵکشاندایە بەتایبەت لەشاری ریازی پایتەختدا کەنــزیکەی لە ٢٤٪ی حــاڵەتی تەڵاق بەهــۆی خــراپ بەکارهێنــانی نێتەوەیە، لەمیانەی چاتکردن و ناسین و پەیوەنـدی کـردنەوە، هەروەهـا ئالوودە بوونی هاوسەران بە تۆڕەکانەوە هەلی پێکەوە ژیـان و گونجـانی لە نێوان هاوسەران کەم کردۆتەوە، و کێشـەی خێزانییـان بـۆ درووسـت دەبێت و سەرەنجام بە جیابوونەوە کۆتایی دێت .

**٢- ئێران**

پۆلیسی نێت لە ئێراندا رایگەیاندووە کە ڕێژەی یەك لەسەرسێی حـاڵاتی جیابوونەوە بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوەیە. ئەمەو لە ئێرانـدا ١٧ ملیــۆن کەس فەیســبووك بەکــار دەهێنــی هەرچەنــد دەســەڵات بەبڕیارێکی فەرمی تۆڕی فەیسبووك و پێنج هەزار پێگەو تـۆڕی تـری قەدەغە کردووە بەپاساوی لادانی رەوشتی .

**٣- شانشینی ئوردن**

بە پێی توێژینەوە فەرمییەکـان ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگـای ئوردنیـدا لە هەڵکشــاندایەو لە ٢٥ % زیــادی کــردووە خــراپ بەکــار هێنــانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکانن .

### ٤- کوێت

سەرچاوە دادوەرییەکانی کوێت ئاماژە بەوە دەکەن کە ئینتەرنێت یەکێکە لە هۆکارەکـــانی تەڵاق و لاوازی پەیوەنـــدی خێزانـــی و کـــۆمەڵایەتی لەوڵاتی کوێتدا.

### ٥- فەرەنسا

بەپێـی راپرسـییەك کەپـێگەی( تەڵاق ئـۆن لایـن) ئەنجـامی داوە پێـنج هەزار کەس لەهەردوو رەگەز کە جیابوونەتەوە لەیەکتـری بەشـدارییان تێدا کردووە، دەرکەوتووە کەتۆڕی فەیسبوك هۆکـاری سێیەکی حـاڵەتی جیابوونەوەکانە.

### ٦- بەریتانیا

توێژینەوەیەکی بەریتـانی کەپێگەیەکـی تـایبەت بەکاروبـاری خێـزان و تەڵاق ئەنجـــامی داوە، لە بەریتانیـــا لە ٣٣ % داوای جیـــابوونەوە لەیەکتری بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبووکەوە بووە .

### ٧- عێراق

ئەمەو لەعێراقـــدا رێـــژەی تەڵاق لە هەڵکشـــانێکی مەترســـیداردایە بەهۆکـاری جیاجیـا یەکێـك لەهۆکارەکـان خـراپ بەکارهێنـانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانە. دادگـای عێراقـی جەخـت لەوە دەکـاتەوە یەکێـك لە هۆکارەکـــانی تەڵاق بـــریتییە لە ســـوکایەتی ئەلیکترۆنـــی، بەشـــێك لە تەڵاقەکـان بە پـلەی یەکەم بەهـۆی تـۆڕی فەیسـبوکەوەیە ئینجـا تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

ئەمەو لە عێـراق جـگە لە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی ئامـاری سـاڵی ٢٠١٨ز( ٢٤٥٢٦٩ ) گرێبەستی هاوسـەرگیری ئەنجامدراوە، رێـژەی

تەڵاقیش بریتییە لە (٧٣٥٦٩). هەروەها بەپێی ئاماری مانگی کانونی دووەم تا کۆتایی مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١٩ز ( ١٤٩٣٠٤) گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوەو (٣١٨٨٢) پەسەندکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری کەلەدەرەوەی دادگا ئەنجام دراوەو (٢٩٥٨٧) حاڵەتی پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی و (١٠٣٦٧) تەڵاق جیاکردنەوە بە بڕیاری دادگا .

دیارە هۆکارەکانی تەڵاق جیاوازن بەڵام ئامارەکان ئاماژە بە هۆکارەکانی تەڵاق ناکات، بەڵکو هۆکارەکان لەنێو دۆسیەکان و بڕیارەکاندایە، ئەمەش کەلێن و کەموکورتییەکی گەورەیەو ئامارێکی زانستی و بابەتی نییە تا توێژەران و لایەنی پەیوەندیدار سوودی لێ وەرگرن .

لەهەرێمی کوردستانیش بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٦ز رێژەی مارەبڕین ( ٣١١٨٣) ، رێپێدان بە ژنی دووەم ( ٢٣٩) ، پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( ١٧٤٣)، تەڵاق و لێکجیابونەوە ( ٥٨١٤).

لەم ساڵەدا تەڵاق و لێکجیابوونەوە بەهۆی تەکنەلۆجیای سەردەم ( مۆبایل، ئینتەرنێت) لە پارێزگای هەولێر (١٨٦) حاڵەت، لە پارێزگای دهۆك (١٠) حاڵەت، بەڵام پارێزگای سلێمانی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە.

بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٧ز رێژەی مارەبڕین ( ٣٧٥٠٧) ، رێپێدان بە ژنی دووەم ( ٤١)، پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( ١٢٦٠) ، تەڵاق و لێکجیابونەوە ( ٥٧٢٩)

بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٨ز رێژەی مارەبڕین (٣٩٧٦٣) ، رێپێدان بە ژنی دووەم ( ٨٩)، پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( ٣٠٠١)، تەڵاق و لێکجیابونەوە ( ٩١٩٢).

لە هەرێمــی کوردســتانیش تەنهــا لە ئامــاری ســاڵی ٢٠١٦ لە هەردوو پارێزگـــای هەولێـــرو دهـــۆك ئامـــاژە بەهۆکـــاری تەڵاق دراوە، و لە پارێزگای سلێمانی ئاماژەی پێ نەدراوە، هۆکارەکان تەنـها لەنێو دۆسیەو بڕیارەکاندایە ئەمەش بۆ خۆی کەموو کـورتییەکی گەورەیەو ئامارەکـان کرچوکاڵ دەردەچن و ناتوانرێت سوودی تەواوی لێ وەربگیرێت.

# سەرچاوەکان


١- تەفسیری ڕامان، شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود.

٢- پوختەی سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، کۆکردنەوەی صالح أحمد الشامی، وەرگێرانی: عبدالكريم فتاح، ساڵی چاپ ٢٠٢٢.

٣- د. محمد خير الشعال، الدورة التأهيلية للحياة الزوجية، دار الفكر- دمشق، الطبعة الرابعة، ٢٠١١م.

٤- دليل الإرشاد الأسري، أبرز المشكلات الأسرية وكيف يتعامل معها المرشد، الجزء الثالث القسم الثاني، إعداد نخبة من المختصين والمختصات، الاشراف العام المستشار الاجتماعي الدكتور عبدالله بن ناصر السدحان، الطبعة الأولى ٢٠٠٨، الرياض.

٥- أماني ماهر سالم، كيف تسعدين زوجك – الزوجة الناجحة - الطبعة الأولى ٢٠١٢م، الناشر مكتبة النافذة.

٦- عوامل استقرار الأسرة في الاسلام، إعداد: رشا بسام ابراهيم زريفة، اشراف: د. جمال أحمد زيد الكيلاني، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية – نابلس فلسطين، ٢٠١٠م.

٧- الأمين الحاج محمد أحمد، اتحاف العروسين بحق الزوجين، كتاب إلكتروني.

٨- نورالدين أبو لحية، أحكام العشرة الزوجية وآدابها، كتاب إلكتروني.

٩- ابراهيم خطاب، علم وفن الارشاد الأسرى، لەسەر ئەم لینکە، https://ibrahimkhattab.com .

١٠- د. مهند نعيم نجم، حقيبة تدريبية، حول برنامج إعداد المستشار الأسري.

١١- اخلاص القصاص، حقيبة تدريبية حول برنامج الارشاد الأسري.

١٢- یاسین ئەحمەد زەنگەنە، کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان، توێژینەوەیەکە پێشکەش بەکۆنفرانسی (گرفتە خێزانییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، هۆکارو چارەسەر) کەزانکۆی گەرمیان بەهاوبەشی لەگەڵ

ئینستتیوتی ژیار بۆ پەروەردەو گەشەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووك سازی کرد لەرۆژانی ٣٠-١٠/٣١ / ٢٠١٩.

١٣- د. خليفة محمد الحرزي، تحديات العلاقات الزوجية، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، https://twitter.com/kalmhrzi/status .

١٤- ربا الكردية، إدارة شؤون الأسرة ، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، . https://mawdoo٣.com

١٥- معايير اختيار الزوجة، نوال العتال، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، https://mawdoo٣.com .

١٦ - د. راغب السرجاني، تعامل الرسول مع زوجاته، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، https://www.islamstory.com/ar/artical/

١٧- د. سوسن الشريف، إنسانية السنة النبوية في الحياة الزوجية، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، http://www.khotwacenter.com

١٨- فتحية توفيق، من أهداف الزواج في الإسلام، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، https://www.alukah.net/social :

١٩- مجيد فلوح، مقاصد الزواج، لەسەر ئەم لينكەی خوارەوە، https://www.islamanar.com/

# پێڕست


| ز | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | بەشی یەکەم: گرنگی خێزان لەئیسلامدا | ٦ |
| ٣ | بەشی دووەم : پاداشتەکانی پێکهێنانی ژیانی خێزانی | ١١ |
| ٤ | بەشی سێیەم: حوکمی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا | ١٧ |
| ٥ | بەشی چوارەم: مەبەست وپاڵنەرەکانی هاوسەرگیری | ٢٤ |
| ٦ | بەشی پێنجەم: ئامادیی و لێهاتوویی دەروونی بۆ ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن | ٣٧ |
| ٧ | بەشی شەشەم: بنەما سەرەکییەکانیپرۆسەی هاوسەرگیری | ٤٤ |
| ٨ | بەشی حەوتەم: کوڕان چۆن هاوسەری ژیان هەڵدەبژێرن | ٥٠ |
| ٩ | بەشی هەشتەم: بزانە کێ دەکەیتە دایکی منداڵەکانت؟ یان پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان | ٦٥ |
| ١٠ | بەشی نۆیەم: کچان چۆن هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن | ٧٣ |
| ١١ | بەشی دەهەم: پێغەمبەری خواﷺ مێردێکی نموونەیی بووە بۆ خێزانەکانی | ٧٩ |
| ١٢ | بەشی یازدەهەم : ئەرکی ژنان بەرامبەر مێردەکانیان | ٩٩ |
| ١٣ | بەشی دوازدەهەم: چۆن کاردەکەیتە سەر دڵ ودەروونی نزیکەکانت | ١٠٧ |
| ١٤ | بەشی سیازدەهەم: خواست وداواکاری پیاوان لەخێزانەکانیان | ١١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | بەشی چواردەهەم: خواست و داواکاری خانمان لە مێردەکانیان | ١٢٣ |
| ١٦ | بەشی پازدەهەم: دادپەروەری و یەکسانی رێژەیی لە ژیانی خێزانیدا | ١٢٦ |
| ١٧ | بەشی شازدەهەم:  ئاسوودەیی خێزانی | ١٣٣ |
| ١٨ | بەشی حەڤدەهەم: راسپاردەی دایکان و باوکان بۆ کوڕو کچەکانیان | ١٤١ |
| ١٩ | بەشی هەژدەهەم: بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی | ١٤٣ |
| ٢٠ | بەشی نۆزدەهەم: بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندییە خێزانییەکان | ١٤٩ |
| ٢١ | بەشی بیستەم:  بووجەی خێزانی | ١٥٦ |
| ٢٢ | بەشی بیست و یەك: هۆکارەکانی تێکچوونی شیرازەی خێزان | ١٧٢ |
| ٢٣ | بەشی بیست ودوو: رەچاوکردنی هونەری مامەڵەکردن لەنێوان هاوسەراندا | ١٧٥ |
| ٢٤ | بەشی بیست و سێ: هونەری چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان | ١٧٩ |
| ٢٥ | بەشی بیست وچوار: ئایا پێویستیمان بە رابەری خێزانی هەیە؟ | ٢٠٣ |
| ٢٦ | بەشی بیست و پێنج: کاریگەری نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان | ٢٠٨ |
| ٢٧ | سەرچاوەکان | ٢١٥ |
| ٢٨ | پێڕست | ٢١٧ |